# رۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 551 سێشەممە 13/ 10/ 2009
نرخ 750 دینار

No.551 Tue 13/ 10/ 2009




٦-٧

د. لەتیف شێخ مستەفا:

## پێکهێنانی حکومەتی تەوافوقی خراپترین جۆری کابینەیەو بۆ دەمکوتکردنی لایەنەکانە




١٢-١٣

## دەستەی نەزاهە لە بەغداوە بۆ کوردستان

# ئـــاشتی هەورامـــی ئیعتیراف دەکـــات

**رۆژنامە**

د.ئاشتی هەورامی وەزیـری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم، دەربارەی ئەو تۆمەتانەی دراونەتەپالی، لەبارەی نهێنیبوونی کارەکانی لەگەڵ کۆمپانیای (دی. ئێن. ئـۆ)ی نەرویجی رایگەیاند: کارەکانمان بەنهێنی کرد لە ترسی ئەوەی مامەڵەکەمان لەلایەن میدیای نەرویجیو چەند ناحەزێکەوە نەقۆستریێتەوە، ئاشتی هەورامی دەنووسێت؛ زۆر لەوە دەترسایین مامەڵەکە بۆ خەڵک بڵاوبکرێتەوە نەمزانی کە بۆرسەی ئۆسلۆ ئاگای لە مامەڵەکەیە، ئەگینا مامەڵەکەم نەدەکرد، چونکە کێشەکە بە سیاسیی کرا.

لە روونکردنەوەیەکی درێـژدا لەسەر کێشەی (دی.ئێن.ئۆ)و حکومەتی هەرێمو ئەو «تۆمەت»انەی دراونەتە پاڵی کە لە سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمدا بڵاویکردووەتەوە، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم باس لە باکگراوندی کێشەکەو رۆڵی کۆمپانیاکانی (دی.ئێن.ئۆ)و (گەنەل ئینێرجی) دەکاتو پاساوی ئەوە دەهێنێتەوە کە کارەکەی بۆ بەرژەوەندیی هـەردوو کۆمپانیاکەو حکومەتی هەرێم کـردووەو دەنووسێت «ئەو کارەم بۆ سوودی هەردوو کۆمپانیاکە (دی.ئێن.ئۆ)و (گەنەل ئینێرجی)و حکومەتی هەرێم بووە».

**بۆل٢**

# بزووتنەوەی گۆڕان داوای لیستی کراوەو فرەبازنەیی دەکات

**رۆژنامە**

بزووتنەوەی گـۆڕان تێڕوانینی خستووەتە روو بۆ جۆری سیستمی هـەڵـبـژاردنـی پەرلەمانی عـێـراقو داوایکردووە،کەلەبەرژەوەندیی میللەتی عێراقە بە هەرێمی کوردستانیشەوە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق پەیڕەوی لە سیستمی فرەبازنەیی بۆ هەڵبژاردنەکەو لیستی کراوە بکرێت.

بە گوێرەی لێدوانی سەرچاوەیەکی بەرپرس لەبزووتنەوەی گۆڕان لەماوەی رابـــردوودا لەو رووەوە بۆچوونی بزووتنەوەکەیان گەیاندووەتەوە دەزگا پەیوەندیدارەکانو هەندێک لە پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانیو ئەمریکییەکانو بەریتانییەکانیش لە عێراق.

بـزووتـنـەوەی گـۆڕان پێیوایە؛ سیستمی لیستی کراوەو فرەبازنەیی باشترینو گونجاوترین میکانیزمە بۆ خەڵکی کوردستانو عێراق (١٨) پارێزگاکەی عێراق هەریەکەیان ببنە بازنەیەکی هەڵبژاردنی سەربەخۆو بازنەکانیش کـراوەبـنو هـەروەک بزووتنەوەکە پێیوایە، ئەزموونی سێ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم دەریخست، کە لیستی کـراوە زیاتر دیموکراتییەو جێگەی بایەخی دەنگدەرە، نەک لیستی داخراو، کە دەنگ بە حیزب دەدرێـــت، بـەڵام لە لیستی کـراوەدا دەنگدەر دوو بـژارەی لە بەردەمدا دەبێت، کە دەتوانێت دەنگ بە لیستەکەو لەناو لیستەکەشدا دەنگ بەو کەسە دەدات، کە بە شایستەی نوێنەرایەتی خەڵکی دەزانێت.

**بۆل٢**

# جەلالی سام ئاغا: ئۆباڵی گەندەڵیی لە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە

**رۆژنامە**

سـەرۆکـی دیـوانـی چـاودێـری دارایی (سلێمانی) رایگەیاند: «زۆربەی بەرپرسانی حیزبی و حکومیی خەریکی خانوو و تـەلار دروستکردننو بە ئەساسی ئەجنەبی هێنراو لە دەرەوەی وڵاتەوە دەیرازێننەوە، جگە لە باخو باخاتو عەزبەو مەسبەح، هەروەها سەفەرات بۆ دەرەوەی وڵات، بۆیە لە سەرەنجامدا گەندەڵیی لە کوردستاندا رەگی داکوتاوە، کە بووەتە جێگەی تانەو توانجو نارەزایی میللەتەکەمان».

جەلال عومەر سام ئاغا سەرۆکی دیوانی ناوبراو ئەو قەسەو باسانە رەتدەکاتەوە، کە لە بارەی ناکارایی دیـوانـی چـاودێـری دارایـیـەوە دەکرێنو پێیوایە؛ دیوان «بوێرانەو بـە ویـــژدانـــەوە» ئـەرکـی خۆی جێبەجێکردووە»، بۆ ئەوەش ئاماژە بە ئامادەکردنی زیاتر لە (٢٥٣٠) راپـۆرت دەکـات لەلایەن دیوانی چاودێرییەوە، کە لەسەر گەندەڵییو لادان لە یاساو رێنماییەکان لە دەزگا حکومییەکاندا ئامادەکراون.

ئۆباڵی نەبوونی بەدواداچوونو لێپرسینەوەش لەو کارە نایاساییانە دەخـاتـە ئـەسـتـۆی دەسـەڵاتـی جێبەجێکردنو لەو رووەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: «دیوانی چاودێری دارایی دیوانێکی کاراو لێهاتووەو هەمیشە بێ ترس کارەکانی خۆی ئەنجامداوەو هەر کەموکورییەک لە لێپرسینەوەدا هەبێت، ئەوا لایەنی جێبەجێکار (تنفیزی) بەرپرسە لێی، نەک دیوانی چاودێریی».

**لە لاپەڕە (٢٢)دا ناوبراو وتارێکی لەوڕووەوە بۆ رۆژنامە نووسیوە**

# جەمال شکور: لێپرسراوانی هەولێرو سلێمانی ئامادەنین بە سەرەتاتکێش کەرکوک ببینن ل٢٣

٢

## یەکێتی چەند کەسێک لە نانبڕاوان دەخاتەوە سەر کارەکانیان

٣

## هەندێک زانیاریی لەبارەی جۆری دابەشکردنی وەزارەتەکانی کابینەی نوێوە



## دیموکراتییەتی راستەقینە یان رووکەش

د. شۆڕش حەسەن ١٩



## زۆرینەی بێدەنگو ئۆپۆزسیۆنکردن...

چیا عەباس ٢١





مـژدە مـژدە

گەر دەتەوێت ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆت و خێزانەکەت دابین بکەیت و خۆت لە کرێچێتی ڕزگار بکەیت و جێی نیشتە جێ بوونت مسۆگەر بکەیت.

ئەمە هەلێکی زێڕینەو لە دەستی مەدە

دەتوانیت لە پرۆژەی نیشتە جێ بوونی ( دیلان ستی )

شوقەیەك بۆ خۆت و خێزانەکەت مسۆگەر بکەیت

ـ کۆمپانیای هەستیار بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان مژدەتان دەداتێ بەم زووانە پرۆژەی نیشتە جێ بوونی دیلان ستی دەخاتە بواری جێ بەجێ کردنەوە کە دەکەوێتە بناری گۆیژە و لە سەر شەقامی ( ١٠٠م ) سەد مەتری بە ڕووبەری (٦٠) دۆنم زەوی کە پێك دێت لە ( ٥١ باڵەخانە ) و ( ٦١٢ شوقە ) بە هەردوو ڕووبەری ( ١٠٠م٢ ) و (١٢٠م٢ ) بە هەموو خزمەتگوزارییەکەوەو بە نرخی گونجاوو قیستی درێژ خایەن لە ( ٥ - ١٠ ) ساڵ و لە ژینگەیەکی پاك و دیمەنێکی جوانی سروشتی دا.

ـ ئەم پرۆژەیە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتە جێبوون جێ بە جێ دەکرێت.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەوە یان سەردانی پرۆژەکە بکەن لە کاتژمێر ( ١٠ ) ی بەیانی تا ( ٦ ) ی ئێوارە

٠٧٤٨ ٠١٧ ٠٥٠٥ یان ٠٧٧١ ٠١٢ ٢٢٢١

# یەکێتی هەندێک لە نانبڕاوان دەخاتەوە سەر کارەکانیان

**شارا عەبدولڕەحمان**

کارەکانی لیژنەکەی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ بەدواداچوونی کێشەی نانبڕاوان بەردەوامە، هاوکات یەکێتی خۆی چەند کەسێکی لە نانبڕاوان گەڕاندووەتەوە سەر کارەکانی خۆیان.

بورهان ڕەشید گوڵە، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کارەکانی لیژنەکەی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ بەدواداچوونی کێشەی نانبڕاوان بەردەوامەو بەپێی ڕیزبەندیی ئەو ناوانەی ئێمە ئاڕاستەمانکردوون، چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرێتو داوای ڕوونکردنەوە لەو لایەنە دەکرێت کە دەریکردوون یان گواستوونییەتەوە.

هاوکات، ئەوەشی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد، کە یەکێتی لای خۆیەوە ژمارەیەک لەو نانبڕاوانەی گەڕاندووەتەوە سەر کارەکانیان، ئەمە لەکاتێکدایە کە هێشتا دەرکردنو گواستنەوەو نانبڕین لە دامودەزگاکاندا بەردەوامەو بەوتەی بورهان ڕەشید «لەدوای دەستبەکاربوونی لیژنەکەو دەستکردن بە لێکۆڵینەوە، چەند کەسێکی دیکە لەدامودەزگاکاندا لەسەر بیروڕای جیاواز دەرکراون».


سەباح ساعیدی


فەرەج حەیدەری

**هەستیار قادر**

مانەوەی فەرەج حەیدەری لە پۆستی سەرۆکی کۆمسیۆندا بێهێز دەبێت و دووتێڕوانین لەو بارەیەوە دەخرێتە ڕوو، هاوکات سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراقیش بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە کە بەهۆی ڕۆژی داوای لێپرسینەوەکەی سەرۆکی کۆمسیۆنەوە، نەمانتوانی لەسەر خروقاتەکانی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان قسە بکەین».

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، قەیرانی مانەوەی فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە پۆستەکەی چڕتر بووەتەوەو کەریم یەعقوبی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە پرۆسەی لێپرسینەوەی سەرۆکی کۆمسیۆنی لە دانیشتنی پێشوودا ئەنجامدا، سوورە لەسەر لادانانی فەرەج حەیدەریو هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی کۆمسیۆنەکەو لەبەرامبەریشدا سەرۆکایەتی کۆمار پێشنیازێکی ئاراستەی پەرلەمان کردووە تا ئەگەر کۆمسیۆنو سەرۆکەکەی وەک خۆی بمێننەوە یان بە تەنیا سەرۆکەکەی لاببرێت، لیژنەیەکی هاوبەش لە سەرۆکایەتی کۆمارو پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی دادی عێراق پێکبهێنرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی کارەکانی کۆمسیۆن لە میانەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، کە بڕیارە لە ٢٠١٠/١/١٦دا ئەنجامبدرێت.

لەوبارەیەوە ئازاد چالاک، ئەندامی لیژنەی نەزاهەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «لە دانیشتنەکانی داهاتوودا لەبەر ڕۆشنایی ڕای لیستە سیاسییەکان بڕیار لەوبارەیەوە دەدرێت».

هاوکات سەباح ساعیدی سەرۆکی لیژنەی نەزاهەش تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «بەپێی ئەو دوو تێڕوانینەی کە هەیە، یان دەبێت سەرۆکی کۆمسیۆنو ئەنجومەنەکەی یان هەندێک لەو

## ئەگەری لێسەندنەوەی متمانە لە فەرەج حەیدەری بەهێزە

کەسانەی ڕۆڵیان لە ساختەکاریی هەڵبژاردنی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقو بەهەدەردانی سامانی گشتیدا هەبووە، لابدرێن یان پێشنیازەکەی سەرۆکایەتی کۆمار قبووڵ بکرێت بۆ پێکهێنانی لیژنەیەک کە سەرپەرشتیکردنی کارەکانی کۆمسیۆن بکات، بۆئەوەی دووربێت لە دەستتێوەردانی سیاسی تا ئەو کاتەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ئەنجامدەدرێتو دواتر کۆمسیۆن هەڵدەوەشێنرێتەوەو دەستەیەکی نوێ پێکبهێنرێتەوە».

ساعیدی جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە، کە وەڵامەکانی فەرەج حەیدەری سەبارەت بەو پرسیارانەی لە پەرلەماندا لێی کراوە «موقنیع نینو دەریخست کە خروقاتی زۆر هەبووە، بەتایبەت لە بەهەدەردانی سامانی گشتیو چنینەوەی ئیمتیازات بۆ سەرۆکی کۆمسیۆنو چەند بەرپرسێکی کۆمسیۆنو یاریکردن بە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقەوە».

لەبەرامبەردا فەرەج حەیدەری ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە ئاراستەی کرابوونو جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە، کە پەرلەمان ناتوانێت بەتەنیا لاییبات، بەڵکو دەبێت هەموو کۆمسیۆن بەیەکەوە هەڵبووەشێنرێتەوەو وتیشی: «لەو دانیشتنەی پەرلەماندا کەریم یەعقوبی پەرلەمانتار کەشێکی وای دروستکرد کە وەڵامەکانیان ڕوون نەبێتو پەرلەمانتاران لە وەڵامەکانمان تێنەگەن بۆیە بڕیارمانداوە ئەمڕۆ لە بەیاننامەیەکی ڕەسمیدا وەڵامی وردی ئەو پرسیارانە ڕابگەیەنین».

سەبارەت بە دۆسیەی خروقاتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکی هەرێمیش، سەباح ساعیدی ئاشکرایکرد، کە تێڕوانینو داوایەکی لەو جۆرە هەبووە کە لەو دانیشتنەدا باس لە خروقاتەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش بکرێت، بەڵام بەوپێیەی داوای لێپرسینەوەکەی سەرۆکی کۆمسیۆن بەر لەو هەڵبژاردنە بووە، نەدەتوانرا لەوبارەیەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت.

## لە هەولێر
# تەقە لە بارەگای سەرەکیی لیستی گۆڕان دەکرێت

**ئیبراهیم عەلی**

چەند چەکدارێک لەشاری هەولێر، تەقە لەبارەگای سەرەکیی لیستی گۆڕان دەکەنو تائێستاش هیچ کەسێک بە تۆمەتی ئەو تەقەکردنە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر نەکراوە.

سەعات (١٢:١٠) شەوی ١١-٢٠٠٩/١٠/١٢، چەند چەکدارێکی نەناسراو لە گەڕەکی زانکۆی شاری هەولێر دەستڕێژی گوللەیان لەبارەگای سەرەکی لیستی گۆڕان کرد. کە هەروەک یەکێک لە پاسەوانەکانی بارەگای لیستی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، ئەوان لەکاتی بەجێگەیاندنی ئەرکی خۆیاندا بوون کە پاسەوانیکردنی بارەگای گۆڕانە، دوو ئۆتۆمبێل کە یەکێکیان جۆری BMW ڕەنگی ڕەش بوو، هەروەها ئۆپلێکی ڕەنگ ڕەش کە هەر ئۆتۆمبێلەو سێ کەسی تیابوو، بە چەکی کلاشینکۆف دەستڕێژێک گوللەیان بە ڕووی ئەواندا تەقاندووە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتووەتەوە.

ئەو پاسەوانە زیاتر وتی: «لەو کاتەدا هێزێکی پۆلیس هاتن بۆ لای ئێمە، بەڵام ئەو ئۆتۆمبێلانە زوو هەڵاتنو نەتوانرا دەستگیربکرێن».

جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەوە جاری دووەمە پەلاماری بارەگای لیستی گۆڕان دەدرێت، جاری یەکەم لە کۆتایی مانگی تەممووزدا بوو. هەرچەندە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەت بەڵێنیدا کە گێرەشێوێنان دەستگیر بکاتو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات، بەڵام تائێستا هیچ کەسێک لەوانەی مانگی تەممووزو ئەوانەی ئەم هەفتەیەش دەستگیرنەکراونو هیچ لێکۆڵینەوەیەکیش نەکراوە.

# پاشماوەی ل1

## ئاشتی هەورامی ئیعتراف دەکات

هەر لەو ڕوونکردنەوەیەدا وەزیرەکەی هەرێم هەرەشە لەو کەسانە دەکات کە تۆمەتباریانکردووە بە تێوەگلان لە مەسەلەی کڕینو فرۆش لەگەڵ کۆمپانیا نەرویجییەکەو دەنووسێت: «لەوانە خۆشنابین کە ئەو تۆمەتانەیان داینەپاڵ».

هاوکات کۆمپانیای (دی. ئێن. ئۆ) سووربوونی خۆی لەسەر ڕاگرتنی کارەکانی لە هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە تا ئەوکاتەی میکانیزمێک بۆ پێدانەوەی ئەو پارانەی کۆمپانیاکەیان دەستنیشان دەکرێت کە لە پرۆژەکانی نەوت لە کوردستاندا سەرفیکردووە. ئەمەش پاش ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بۆ ماوەی شەش هەفتە کارەکانی کۆمپانیای دی.ئێن.ئۆی نەرویجی بوەستێنێت، بەڵام ئەم بڕیارە تەنیا بۆ ماوەی دوو هەفتە کاریکردو حکومەتی هەرێم بڕیاری دووبارە کارکردنەوەی کۆمپانیاکەی دا، بەڵام کۆمپانیاکە ڕایگەیاند: ئامادە نییە دەست بە هەناردەکردنی نەوت بکاتەوە تا ڕێکەوتن لەسەر میکانیزمی پارەدان لەگەڵ بەغدا مۆرنەکرێت. کۆمپانیای دی.ئێن.ئۆ داوای پارەی ئەو کارانەی دەکات کە کردوویانە، لەهەمانکاتیشدا داوای ئەوە دەکات کە میکانیزمی پارەدان ڕوونبکرێتەوە.

### بزووتنەوەی گۆڕان ...

ماوەیەکە مشتومڕێکی زۆر لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو لایەنە سیاسییەکان دروستبووە سەبارەت بە گۆڕینی سیستمی هەڵبژاردنی عێراق لە لیستی داخراوەوە بۆ کراوەو گەورە مەرجەعی شیعەی عێراقو حیزبە گەورەکانی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییو تارق هاشمیو حیزبی ئیسلامیی عێراقیو یەکگرتووی ئیسلامییو چەند لایەنێکی دیکە لەگەڵ لیستی کراوەن، بەڵام لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لایەنگری لیستی داخراوە سەرباری ئەوەی هەندێکیش لە ئەندامانی ناو لیستەکە لایەنگیری لیستی کراوەن، بەڵام پێیانوتراوە دەبێت دەنگ بۆ لیستی داخراوو یەک بازنەی هەڵبژاردن بدەن.



ئیبراهیم عەلی

# هەندێک زانیاریی لەبارەی جۆری دابەشکردنی وەزارەتەکانی کابینەی نوێوە

بەگوێرەی هەندێک زانیاریی کە رۆژنامە لەچەند سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەستی کەوتوون، لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمدا هەریەکە لە پارتیو یەکێتی حەوت وەزارەتیان بەردەکەوێتو حیزبەکانی دەرەوەی پارتیو یەکێتیش بەشداردەکرێن.

بەپێی زانیاریی ئەو سەرچاوە ئاگادارە، پارتی ئەم وەزارەتانەی بەردەکەوێت (وەزارەتی وزە، کە ئاشتی هەورامی دەبێتە وەزیری، وەزارەتی پەروەردە، نازناز محەمەد مەلا قادر کاندیدە بۆ وەرگرتنی ئەو وەزارەتە، وەزارەتی رۆشنبیریی، عەبدولسەلام بەرواری کاندید دەکرێت، وەزارەتی ناوخۆ، کەریم سنجاری، وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو، دەنگۆی ئەوە هەیە ئەحمەد کانی، بەرپرسی لقی مەخموری پارتی بۆ ئەو پۆستە کاندید بکرێت، وەزارەتی شەهیدانو کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینیش بەر پارتی دەکەون).

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش وەزارەتەکانی (داراییو ئابووریی، بایز تاڵەبانی، وەزارەتی وەبەرهێنانو گەشتوگوزار، هێرش موحەرەم، وەزارەتی پێشمەرگە، شێخ جەعفەر، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بورهان سەعید سۆفی، وەزارەتی تەندروستی، دکتۆر مەجید کاندید دەکرێت بۆ ئەو پۆستە، ئەگەر دکتۆر زریان ئامادە نەبێت ئەو پۆستە وەربگرێتەوە، وەزارەتی داد، حاکم رزگار، وەزارەتی پلاندانان، عوسمان شوانی).

هەریەک لەو وەزارەتانەش کە بۆ ئەو حیزبانەی دیکە دەبێت بەشداریی لە کابینەی شەشەم دەکەن، (وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی وەرزشو لاوان، وەزارەتی شارەوانی، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، وەزارەتی کارەبا)ن.

لەلایەکی دیکەوە، سەرچاوەیەکی دیکەی ئاگادار لە پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم زانیاریی ئەوەی دا، کە لە کابینەی نوێدا چەند فەرمانگەیەک پێکدەهێنرێت، کە بەرپرسەکانیان پلەی وەزیریان دەبێت، وەک فەرمانگەی کاروباری ژنانو ئافرەتانو فەرمانگەی کاروباری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی، ئەمە جگە لەوەی کە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم هەیەو بەرپرسەکەی بە پلەی وەزیرە.

ئەگەرچی بریار وایە کابینەی شەشەم لە (١٩) وەزارەت پێکبێت، بەڵام ستافی ئەنجومەنی وەزیران نزیکەی (٣٠) کەس دەبن، کە بە پلەی وەزیر کاردەکەن لەو کابینەیەدا، وەک دکتۆر نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانو فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمو دڵشاد میرانی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی ناوەندی لە بەغداو دیندار زێباری، رێکخەری حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەمانە ئەگەرچی لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان سوێندی یاسایی ناخۆن، بەڵام مافو ئیمتیازاتو دەسەڵاتی وەزیریان دەبێت لە کارکردنو لە هەمانکاتدا بەشداریی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەکەن.

# بۆچی پەرلەمان بە سستیی کاردەکات؟



عەدنان عوسمان

تا نووسینی ئەم وتارە، نزیکەی ٥٢ رۆژ تێدەپەرێت بەسەر یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمانداو دەبوایە لەم ماوەیەدا سەرجەم لیژنە هەمیشەییەکان رێکبخرانایەو سەرقاڵی کارەکانی خۆیان بوونایە، بەڵام تائێستا ئەو کارە گرنگە نەکراوە. لە دووەم دانیشتنی پەرلەماندا هەمواركردنی برگەی لیژنەکانی پەیرەوی ناوخۆ خرایە بەرنامەوە، کە تیایدا چەند لیژنەیەک زیادکرا. ئەم کارە هەرچەندە زۆر لەسەرخۆو بەسستیی بەرێوەچوو، بەڵام بەئەنجامگەیەندرا، بۆیە پێویستبوو بە خێرایی ئەندامەکان بەگوێرەی پەیرەوی ناوخۆ دابەشبکرێن بەسەر ئەو لیژنانەدا. بەگوێرەی ئەو میکانیزمەی لە پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە، ئەم هەنگاوە لە دانیشتنێکدا یەکلاییدەکرێتەوە، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەم ئەرکەشی وەک ئەوانی دیکە زۆر بە سستیی و لەسەرخۆ بردە پێشەوە. سەرئەنجام ئەندامانی لیژنەکان بەگوێرەی رێژەی فراکسیۆنەکانو بەدەر لە بەندەکانی پەیرەو دیارکران. لە راستیدا ئەگەر کار بە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان بکرێت، پێویستبوو لە دووەم دانیشتندا لیژنەیەک بۆ تانوتدان لە دروستی ئەندامان پێکبهێنرێت، بەگوێرەی برگەی ٢ لە مادەی ٢٤، بەڵام دیارە هەر لە سەرەتاوە ئەم پەیرەوە تەعتیلکراوەو لەکارخراوە، هەر لە شێوازی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی تا دەگاتە پێکنەهێنانی لیژنەی تانوتدانو خستنە بەرنامەی هەمواركردنی لیژنەکان.

پاش دیاریکردنی ئەندامانی لیژنەکان، پێویستبوو سەرۆکایەتی پەرلەمان یەکێک لەم دوو ئەرکە هەڵبژێرێت: یان بەهۆی بوونی فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانداو لە پێناو بواردان بە فراکسیۆنەکان بەگوێرەی رێژەیان لە پەرلەماندا، سەرۆکایەتی چەند لیژنەیەکیان پێ بسپێرێت، داوای هەمواركردنی برگەی ٣ لە مادەی ٣٩ بکردایەو مەرجی هەڵبژاردنی سەرۆکی لیژنەکانی لەکاربخستایە، یان دەبوایە سەرپەرشتی کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکانی بکردایە بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەک بۆ دانانی سەرۆکو جێگری لیژنەکان بە هەڵبژاردن، یان بەگوێرەی رێژەی فراکسیۆنەکان لە پەرلەماندا، یان بەرێگایەکی دیکە، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان خۆی لەم دوو ئەرکە گرنگە دوور راگرتو لە ئێستادا تەنیا سەرقاڵی پێشوازیکردنو بەرێکردنی میوانەکانە (تەنانەت چاودێرێک بە دروستیی ئاماژەی بەوەدا کە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەبەراورد لەگەڵ دوو سەرۆکایەتییەکەی دیکەدا زۆر زیاتر سەرقاڵی میوان بینین بووە!!).

ئێستا دوای ئەم گوزەرە خێرایە بە ئیشو کارەکانی پەرلەمانو دەستپێنەکردنی کارەکانی، دوای زیاتر لە دوو مانگو نیو لە کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنەکان، پێویستە هەڵوەستەیەک بکەینو بپرسین ئایا هۆکاری ئەمە دەگەرێتەوە بۆ کێشە رۆتینیو ئیدارییەکان، یان عەقڵییەتو نیەتێکی سیاسیی لە پشتی ئەم خەمساردییەوە هەیە؟

پێموایە دەکرا لە پاش لەکارخستنی بێدەنگانەی پەیرەوی ناوخۆ، رۆتینییە ئیدارییەکان زۆر بەخێراییو بێکێشە کۆتاییان پێبهێنرێتو هەموو لایەنەکان لەسەر شێوازێکی مامناوەندیی رێکبکەون. لەم حاڵەتەدا ئەگەر کێشەکان لەسەر ئەو ئیشکالیەتانەبن، ئەوا نیشانەیەکی خراپە بۆ توانایيو لێهاتوویی ئیداریی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام لەمە مەترسیدارتر ئەوەیە ئەگەر نییەتو هۆکارێکی سیاسیی لە پشتی ئەمەوە هەبێتو سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ژێر فشاری هەندێک لایەن بیەوێت کۆبوونەوە جدییەکان دوابخات تا کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنەکانی عێراق. هیوادارم ئەمە تەنیا گومانێک بێتو سەرۆکایەتی پەرلەمان لە رووی بەرێوەبردنو راییکردنی کارەکانی پەرلەماندا خۆی بە دوور بگرێت لەگەمە سیاسییەکانو بێلایەنیی ئیداریی خۆی بپارێزێت، بەڵام تا ئەو گومانە دەرەوێتەوە پێویستە سەرۆکایەتی بە جدییەتێکی زۆرەوە خۆی سەرقاڵی کارەکانی پەرلەمان بکاتو سەنتەری چارەسەرکردنو گفتوگۆکردنی کێشەو ئیشکالیەتەکان بێت، نەک وەک ئێستا شان خاڵیی بکەنەوە لەو کارانە.

دوا قسەشم ئاراستەی بەرێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکانە: ئایا کاتی نەهاتووە ئێوە رۆڵی خۆتان بگێرن و فشار بخەنە سەر سەرۆکایەتی بۆ بەگەرخستنی پەرلەمانو دەستکردنی راستەقینە بە کارەکانی؟

# لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان لە گەندەڵیی بەرپرسان دەپێچێتەوە

بەرهەم خالید

ئەندامێکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ لە رێگەی ئەو لیژنەیەوە بە سەرجەم ئەو راپۆرتانەی چاودێریی داراییدا دەچنەوە، کە کاریان لەسەر نەکراوەو لەمەودواش «چاودێریی ورد»ی سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت دەکەنو کەیسەکانی گەندەڵیيو بەفیرۆدانی سامانی گشتیی دەبەنە ناو هۆڵی پەرلەمان.

رۆژی چوارشەممەی رابردوو پەرلەمانی کوردستان (١٩) لیژنەی پێکهێناو یەکێک لەو لیژنە نوێیانەش بریتی بوو لە لیژنەی نەزاهە، کە بۆ یەکەمجارە لە پەرلەمانی کوردستان پێکدەهێنرێتو چاوەرواندەکرێت رۆڵی خۆی ببینێت لە بەدواداچوونی گەندەڵیيو لێکۆڵینەوە لە خەرجیی دامودەزگاکانی حکومەت.

عەدنان عوسمان، ئەندامی فراکسیۆنی گۆران لە پەرلەمانی کوردستان، کە هاوکات ئەندامی لیژنەی نەزاهەیە لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند: لە بەرنامەماندایە لەو لیژنەیەدا بە شێوەیەکی رێکخراو چاودێریی دامودەزگاکانی حکومەت بکەینو وردەکارییەکانی لە پەرلەمان بۆ هاوڵاتییان ئاشکرا بکەین، بۆئەو مەبەستەش هەماهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێری داراییدا دەکەین بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو راپۆرتو دۆسییانە بکەین، کە لەلایەن ئەو دیوانەوە ئامادەکراون، چ ئەوانەی کاریان لەسەرکراوەو ئەوانەشی کە تائێستا ئاشکرانەکراون، بەتایبەت ئەوانەی دەربارەی چۆنێتی خەرجکردنی داهاتو بەرێوەچوونی پرۆژەکانن، ئەوە سەرەرای بەدواداچوونی سەرجەم ئەو سکاڵایانەی، کە لەلایەن هاوڵاتییانو لایەنە جیاوازەکانو دەزگاکانی راگەیاندنەوە خراونەتەروو، وتیشی: «بەدواچوون بۆ هەموو کەیسەکانی گەندەڵیی دەکەین، کە لەساڵانی پێشوودا روویانداوەو لێپێچنەوە لەگەڵ بەرپرسەکانیدا نەکراوە».

ئەو ئەندامەی لیژنەی نەزاهە باسی لەوەشکرد، «لەمەودوا ناهێڵین ئەو راپۆرتو زانیارییانە تەنیا لەسەر رووپەری رۆژنامەکان بمێننەوە، بەڵکو کار بۆ ئەوە دەکەین بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسانە بکەینو لە ناو هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆیان لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی بۆ رای گشتیی ئاشکرابکرێن».

هەروەک وتیشی: «جگە لە چاودێریکرنی دامودەزگاکان، هەوڵدەدەین ئەو کەیسانەش ئاشکرا بکەین، کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا نەتوانراوە کاریان لەسەر بکرێتو ئاشکرا نەکراون، بە تایبەت ئەوانەی کە پەیوەندییان بە بەفیرۆدانی سامانی گشتییەوە هەیە».


## قۆناغی سێیەمی فرۆشتنی شوقەکانی کوردسیتی دەستی پێکرد

لە کوردسیتی دەتوانن بە پێشەکی تەنها (٣٤٠٠ $) ببنە خاوەنی شوقەیەکی (١١٠) مەتر دووجا.

شوقەکان سێ ژووری نوستن و مەتبەخ و شوێنی نانخواردن و هۆڵێکی گەورە و دوو باڵکۆن و حەمام و تەوالێت و گەنجینەی تیایە.

لەهەمووی گرنگتر پێویست ناکات چەندەها ساڵ چاوەروانی تەواوبوونی بکەیت و لەماوەی شەش مانگدا دەچیتە ناو شوقەکەت.

ئێستا دەتوانن بۆ وەرگرتنی فۆرمی دواین قۆناغی پرۆژەی کورد سیتی سەردانی ئۆفیسی کۆمپانیای نالیا لەناو گوندی ئەڵمانی بکەن و دوابەروار بۆ دابەشکردنی فۆرمەکان ٢٠٠٩/١١/١ یە.

سەنتەری زانیاری: ٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠ ـ ٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠

(٠٥٣)٥٧٠٠

www.naliagroup.com

# مەرجەکانی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بۆ دانانی وەزیرەکان، چین؟

شارا عەبدولڕەحمان

**فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان مەرجیان بۆ متمانەدان بە وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم هەیەو ئاماژە بەوە دەکەن کە پێویستە وەزیرەکان بێلایەنانەو لەخزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدا کاربکەن.**

نزیکەی مانگێکە د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح وەک کاندیدی لیستی کوردستانی بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێدراوەو نزیکەی (١٥) ڕۆژیشە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە بۆ هەمان مەبەست ڕاسپێردراوە، بەڵام تائێستا کارەکانی پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم تەواونەبووەو وەزیرەکانی ئەو حکومەتە دیارینەکراوە، هاوکات بەپێی یاسای ئەنجومەنی وەزیران، پێویستە وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم لە پەرلەماندا متمانەیان پێبدرێتو دواتر دەتوانن دەستبەکاربن.

ئاسۆ کەریم، وتەبێژی فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوەکرد؛ پێویستە وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم کەسانی پسپۆڕو شارەزابن لەو بوارەدا کە تێیدا دەبنە وەزیر، هاوکات دەستپاکبنو لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییەدابن کە لەئەستۆی دەگرن، وتیشی: «زۆر پێویستە کەسانی پاڵێوراو بۆ پۆستی وەزیر بەعسی نەبووبێتو فایلدار نەبێت».

بەهۆی ئەوەی کە لیستی کوردستانی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەستهێناوە، بۆیە پێدەچێت بە زۆرینەی دەنگ هەرکام لە وەزیرەکانیان بوێت متمانەی پێببەخشن.

بەوهۆیەشەوە عەبدوڵڵای حاجی مەحمود، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی چاکسازیو خزمەتگوزاریی، پێیوایە کە ڕەنگە دەنگی زۆرینەی لیستی کوردستانیو چەند ئەندامێکی لیستەکانی دیکە بەس بێت بۆ متمانەدان بە وەزیرەکان، «بەڵام ئێمە هەر قسەی خۆمانمان دەبێتو زۆر بە پێویستی دەزانین کە بەپێی خیبرەو شارەزایی وەزیر بۆ وەزارەتەکان دابنرێت، ئەمە جگە لەوەی پێویستە کەسێکی دڵسۆزو دەستپاکو ڕابردوو پاک بێت».

هەرچەندە زۆربەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوەدەکەن، کە پێویستە کەسانی پاڵێوراو بۆ پۆستی وەزیر بەعسی نەبووبێتو خاوەنی فایلی ناپاکیی نەبێت، هاوکات فراکسیۆنی گۆڕان بەپێویستی دەزانێت کە نەک هەر لە سەردەمی بەعسدا، بەڵکو ڕابردووی ئەو کەسانە لەدوای ڕاپەڕینیشەوە هەژماربکرێت.

سیوەیل عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: شارەزایی لە بوارەکەی خۆیدا بۆ وەزیر زۆر گرنگە، هاوکات دەستپاکیو نەقۆستنەوەی پۆستەکەی بۆ خۆدەوڵەمەندکردن پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، ئەمانە جگە لەوەی کە پێویستە ڕابردوو پاک بێت چ لە سەردەمی بەعسو چ لەدوای ڕاپەڕینیشەوە، کە پێویستە بەهیچ جۆرێک خیانەتی لە هاوڵاتییانو نیشتمانەکەی خۆی نەکردبێتو دەستی نەبووبێت لە چەوساندنەوەو ئەشکەنجەدانی خەڵکدا، کەسێکی دڵسۆزبێت.

لەلایەکی دیکەوە لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی سەبارەت بەو تایبەتمەندییانەی کە پێویستە لەوەزیرەکانی حکومەتی هەرێمدا هەبێت، داوایان لەسەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ڕاسپێردراوی حکومەت کردووە کە کەسانی خاوەن تواناو پرۆفیشناڵ هەڵبژێرن.

ئەحمەد وەرتێ، سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەپەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی وت «داوامان لە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ڕاسپێردراوی حکومەت کردووە، کە وەزیرەکان بەپێی پسپۆڕییان دابنرێن نەک حیزبایەتیی، وەک ئەوەی کە لە کابینەکانی پێشووتردا بینرا، وتیشی: «پێویستە وەزیر لە بواری پیشەکەی خۆیدا پرۆفیشناڵ بێتو زۆر بێلایەنانە کاربکات، نەک خەریکی حیزب حیزبێنە بێت».

# فراکسیۆنی گۆڕان تۆمەتەکان ڕەتدەکاتەوە

ڕۆژنامە

**ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان ڕەخنە لەفراکسیۆنی زۆرینەی پەرلەمانیو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵات دەگرن، کە باس لەوەدەکەن گوتاری فراکسیۆنی گۆڕان خەریکی «چەلەحانێو دروستکردنی بارودۆخی فەوزەوین»و پێیانوایە ئەو ڕەخنانەی لەفراکسیۆنی گۆڕان دەگیرێت لەو ڕووەوە تۆمەتی بێبنەمان.**


فۆتۆ: ڕۆژنامە

بەهۆی نەبوونی دیاردەی ئۆپۆزسیۆن لەماوەی ١٨ساڵی ڕابردووداو دەرکەوتنی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کاریگەر کە ئێستا خاوەنی نزیکەی ٣٥کورسیە لە هەڵبژاردنی ٢٥ی تەمموزی پەرلەمانی کوردستان، لەماوەی ڕابردوودا جۆرێک لە گرژییو گوتاری توند لەنێوان ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات لەکوردستان سەریهەڵداوەو بەلای هەندێک لە چاودێرانەوە لەم سەرەتایەوە قورسە دەسەڵات تەقەبولی ئۆپۆزسیۆن بکات.

د.جەعفەرعەلی، بڕیاردەری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، دەربارەی چالاکی پەرلەمانتارانی گۆڕان لە پەرلەمان بۆ ڕۆژنامە باسی لەوەکرد، لە تەواوی کارەکانی پەرلەماندا تائێستا کاری هێندە جدییو بنچینەییو بنەڕەتی نەهاتووەتە پێش تاوەکو بۆچوونی لەسەر دەرببڕینو داکۆکی لە بۆچوونەکان بکەین، ئەوەی تائێستا هەبووە دابەشکردنی پەرلەمانتاران بووە بەسەر لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەماندا، لەو مەسەلەیەشدا فراکسیۆنی گۆڕان بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک، ڕۆڵی خۆی بینیوە، وەک لە کاتی ناونانی لیژنەی ناوخۆدا، فراکسیۆنی گۆڕان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە وشەی ئاسایش بۆ ئەو لیژنەیە زیاد بکرێتو ببێتە لیژنەی ئاسایشو کاروباری ناوخۆ، چونکە «تائێستا پەرلەمان نەیتوانیوە چاودێربێت بەسەر دەزگاکانی ئاسایشەوەو بۆ لەمەودوا دەتوانێت چاودێرییان بکاتو لێکۆڵینەوە لە بەڕێوەچوونی کارەکانیاندا بکات».

هەرچەندە باس لە ئازادییو دیموکراسی دەکرێت، بەڵام تائێستا لە کوردستان قبووڵکردنی ئۆپۆزسیۆن کارێکی قورسە، هەربۆیە لە پەرلەمانی نوێشدا کە تائێستا پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەموارنەکراوەتەوە، دژایەتی ئەو فراکسیۆنانە دەکرێت کە بوونەتە ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانو کار بۆ سڕینەوەی چاکییەکانیان دەکرێت.

لەسەر ناونانی لیژنەی کاروباری پێشمەرگەش، ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان وتیان، پێویستە بکرێتە لیژنەی پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە)، کەچی فراکسیۆنی کوردستانی لەسەر گۆڕانیان کرد بە موزایەداتی سیاسییو گوایە گۆڕان دژی وشەی پێشمەرگەیەو دەیانەوێت پیرۆزیی ئەو وشەیە نەهێڵن، پەرلەمانتارانی گۆڕان دەڵێن: «ئەوەی گۆڕان داوایکرد بۆ پاراستنو هێشتنەوەی هەیبەتو پیرۆزیی وشەی پێشمەرگە بوو، چونکە ئەو ئەرکەی پێشمەرگە لە شاخ پێیهەڵدەسا، ئەوە نییە کە ئێستادا لە شاردا پێیان دەکەن».

ئەمە جگە لەوەی بەپێی وتەی د.جەعفەر «خۆیان لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمدا نووسیویانە، هێزەکانی زێرەڤانی (پێشمەرگە)، کە وشەی زێرەڤانی، زاراوەیەکی پارتی نەبێت، هیچ مانایەکی دیکەی نییەو پێشمەرگەشیان خستووەتە کەوانەوە».

فراکسیۆنی گۆڕان چەندین پڕۆژەیاسایان ئامادەکردووەو بەشێکیان دراوەتە پەرلەمان، وەک پڕۆژەیاسای قەدەغەکردنی سزای سیاسیی لە کوردستان، لەمبارەیەوە کاردۆ محەمەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان باسی لەوەکرد، تائێستا لە کوردستان خەڵک لەسەر بیرو بۆچوون سزادەدرێت، لە کاتێکدا ئەمە مافێکی سروشتییو ئاسایی خەڵکە کە سەر بە چ لایەنێک دەبێتو دەنگ بۆ کێ دەدات، هەر بۆیە پڕۆژەیاسایەکمان پێشکەش بە پەرلەمان کردووە دەربارەی قەدەغەکردنی سزای سیاسیی لە کوردستان.

هەروەک لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە پڕۆژەیەکی دیکەش بۆ قەدەغەکردنی ڕێکخستنی سیاسییو حیزبی لەناو هێزەچەکدارەکاندا پێشکەش بە پەرلەمان کراوە، لەمبارەیەوە د.جەعفەر ئاماژەی بەوەدا؛ «لە دنیادا ئەوە نییە کە وڵاتێک بە خۆی بڵێت دیموکراسیو مەدەنیو دامەزراوەییو هێزەچەکدارەکانی فەرمان لە حیزبەوە وەربگرن، لە دنیادا نموونەیەکی دیکەی نادۆزیتەوە کە حیزب پۆلیسو پێشمەرگەو پاسەوانی سنووری هەبێت، جگە لە کوردستان».

بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە هۆکاری سەرەکی کە وای لە فراکیسۆنی گۆڕان کردووە، ئەو پڕۆژەیاسایە پێشکەش بکات، ئەوەبووە کە هێزی چەکدار بە دەست حیزبەکانەوەیە لەکوردستانو خەڵکی هەرێم لە ئاسایشێکی ئاساییدا ناژین، ئەمەش یەکێکە لەو حاڵەتە «ترسناکانە»ی کە ژیانی هاوڵاتییانی کوردستانی خستووەتە ژێر هەڕەشەی جەنگەوە.

لەو پڕۆژەیاسایانەی کە فراکسیۆنی گۆڕان کاریان لەسەر دەکات، پڕۆژەیاسای دیاریکردنی بودجەی حیزبەکانە، پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێن: خەڵک پرسیاریان هەیەو ئێمەش وەک پەرلەمانتاران پرسیارمان هەیە، بودجەی ئەو حیزبانە بە کام یاسا دیاریکراوە کە پارتیو یەکێتی زیاتر لە ٣٠ملیۆن دۆلار لە بودجەی گشتیی هەرێم بۆخۆیان لابدەن، کێ ئەم شەرعییەتەی پێداون، بۆیە دەبێت ئەوە دیاری بکرێت کە ئەو بودجەیە لەسەر چ بنەمایەک بۆ حیزب دیاریدەکرێت، ئەگەر لەسەر ژمارەی کورسییەکان بێت، ئەوا دەبێت ئاشکرابێت کە هەر حیزبە چەندی بەردەکەوێت، لەمەشەوە دەبێت پارەی ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانە ببڕدرێت کە بودجە وەردەگرنو کورسیشیان لە پەرلەمان نییەو تەنیا لەبەرئەوەیە کە سێبەری ئەو دوو حیزبە باڵادەستەن.

فراکسیۆنی گۆڕان کار بۆ ئەوەدەکات کە ئەو بەڵێنانەی داویانە بە خەڵک جێبەجێی بکەن، بۆیە پڕۆژەیاسایەکیان پێشکەشکردووە بۆ دابینکردنی مووچە بۆ کابانی ماڵ.

هەر بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان فراکسیۆنی گۆڕان چەندین سەردانی مەیدانییان بۆ ناو خەڵکو شوێنە گشتییەکان ئەنجامداوەو نووسینگەشیان لە هەولێرو سلێمانیو گەرمیانو شارەزوور کردووەتەوە، بۆئەوەی لەنزیکەوە گوێ لە سکاڵای خەڵک بگرنو بیگەیەننە پەرلەمان.

عەبدوڵڵا مەلا نوری، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان ئەوەی خستەڕوو، فراکسیۆنەکە کار بۆ هێنانەدی بەڵێنەکان دەکات، بەڵام ئەگەر حکومەت پێکنەهاتووەو کێشەکانی خەڵک نەگەیشتووەتە پەرلەمانو خەڵکیش ئاگاداری ئەو لایەنانە نییە کە داکۆکییان لێدەکەن لە هۆڵی پەرلەمان، ئەوەش هۆکارەکەی دەسەڵاتە، کە حکومەت پێک ناهێنێتو ڕێگەش نادات دانیشتنەکانی پەرلەمانو چالاکییەکانی هێزی ئۆپۆزسیۆن ڕاستەوخۆ بگاتە خەڵک، تا خەڵک ئەوە ببینن کە «مەرجەعی فراکسیۆنی گۆڕان میللەتە، نەک حیزب».

لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە ڕەخنەی ئەوە لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان دەگیرا، کە گفتوگۆ زۆر دەکەنو بە «چەلەحانێچیو فەوزەوی» ناویان دەبردنو ئێستاش باس لەوەدەکەن کە پەرلەمانتارەکانی ئەو فراکسیۆنە بێدەنگن، نەسرین شێخ جەمال، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بۆ ڕۆژنامە وتی: چەلەحانێکانی ئێمە بۆ داکۆکیکردن بووە لەو بۆچوونانەی خزمەتی خەڵک دەکەن، ئەو چەلەحانێیەی ئەوان باسیدەکەن لە کاتی ناونانی لیژنەکاندا بوو کە بۆچوونێک دەبوو، ئەوان پشگیرییان لێنەدەکردین، هەربۆیە کە دەهاتینە دەرەوە لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆچوونەکانمان دەگەیاند، بەتایبەت لەبەرئەوەش کە دانیشتنەکان بۆ خەڵک نەدەگوێزرانەوە.

هاوکات، کاردۆ محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان پێیوابوو، ئەرکی پەرلەمانتارە کە هەم لە هۆڵی پەرلەمانو هەم لە دەرەوە نیشانیبدات بۆ ڕای گشتیی کە ئەدای پەرلەمانو پەرلەمانتارەکان چۆنە، ئەوانەی بە ئێمە دەڵێن لە دەرەوەی پەرلەمان بۆ میدیا قسە دەکەن، ئەوەتا خۆیان دێن لە میدیاکانەوە دەڵێن پەرلەمانتارەکانی فراکسیۆنی گۆڕان چەلەحانێ دەکەنو دواتر دەڵێن بێدەنگن، بۆ نایەن لە پەرلەمان بە ئێمە بڵێن، بۆ لە میدیاکانەوە قسە دەکەن، یان ئەو وتانەش جۆرێکی دیکەیە لە هێرشکردنە سەر گۆڕان.

هەروەها لەبەرئەوەش کە تائێستا پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەموارنەکراوەتەوە، ئەو پەیڕەوەش بۆ سەردەمێک دروست نەبووە کە ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا هەبێت، هەربۆیە زۆر جەخت لەسەر گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەکرێتو فراکسیۆنی چاکسازییش بۆ ئەومەبەستە پڕۆژەیەکیان پێشکەشکردووەو فراکسیۆنی گۆڕانیش پشگیرییان لێکردووە، چونکە بە وتەی کاردۆ محەمەد تا ئەو پەیڕەوە نەگۆڕدرێت، ناتوانرێت پەرلەمانو ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمان کاراتربێتو ئەو بەرنامەیەی هەیەتی لەپەرلەمان جێبەجێی بکات، چونکە ئەو پەیڕەوە چۆنێتیی کارکردن لە پەرلەمان دیاریدەکات، بەڵام کەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیار دەدات پڕۆژەکە بخاتە بەرنامەی کارەوە، ئەوە دیار نییە، لەکاتێکدا کە پێویستە سەرەتای کارکردنی پەرلەمان گۆڕینی ئەو پەیڕەوە بێت.

# هەوڵی هەمواری یاسای ڕۆژنامەگەریی دەدرێت

ئیبراهیم عەلی

**میدیای حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە زۆر بۆنەی جیاوازدا ڕەخنەی ئەوەیان لە پەرلەمانی کوردستان گرتووە کە یاسایەکی پەسەندکردووە «میدیا ئەهلییەکان بەبێ سانسۆر لەسەر تەواوی کایە کۆمەڵایەتییەکان بنووسن‌و کەسیش نەتوانێت سزایان بدات»، بۆیە ئێستا ڕۆژنامەنووسانی ناو کەناڵەحیزبییەکان، بەتایبەتیش لەناو ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لە هەوڵی ئەوەدان پڕۆژەیەک ئامادەبکەن بەمەبەستی هەموارکردنی یاسای ڕۆژنامەگەریی‌و بەرتەسککردنەوە سنووری ئازادیی ڕۆژنامەوانی، لەبەرامبەریشدا هەندێک لە ڕۆژنامەنووسانی میدیای ئەهلی، ئەم حاڵەتە بە مافی خۆیان دەزانن‌و دانانی سنوور‌و سانسۆر بە حاڵەتێکی ناتەندروست لەقەڵەمدەدەن.**

کەمال ڕەئوف، سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی سەبارەت بەپێویستی هەموارکردنەوەی یاسای ڕۆژنامەگەریی لە ئێستاداو مەترسییەکانی ئەو هەموارکردنەوەیە، بۆ ڕۆژنامە وتی: «لەئێستادا دوو ڕای جیاوازو دوو ئاڕاستەی تەواو جیاواز هەن لەسەر یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی، ئاڕاستەیەکیان کە حکومەت‌و حیزبە دەسەڵاتدارەکانی لەپشتەوەیە، لە هەوڵی ئەوەدایە کە یاساکە بەقازانجی خۆیان گۆڕانکاریی تیادا بکرێت‌و ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بەرتەسک بکەنەوە، ئاڕاستەکەی دیکەش ئەو دەنگ‌و ڕەنگەیە کە لای وایە یاساکە هەرچەندە باسی لە کۆمەڵێک ئەرک‌و مافی ڕۆژنامەنووس کردووە، بەڵام لە بڕگەی بەدەستهێنانی زانیاریدا، هیچ سزایەکی دەستنیشان نەکردووە بۆ ئەو بەرپرس‌و دەزگایانەی کە زانیاری نادەنە ڕۆژنامەنووسان.

سەرنووسەری هاوڵاتی وتیشی «بە ڕای من، ئەگەر لەئێستادا دەستکاری ئەو یاسایە بکرێت، هیچ زەمانەتێک نییە بۆ ئەوەی کە چەند هەنگاوێک پاشەکشە نەکرێت».

بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی کەمال ڕەئوفەوە، ئاسۆ کەریم، بەرپرسی دەزگای موکریانی‌و ئەندامی پارتی لە فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە، یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، لەبەرئەوەی یاسای ناوبراو، یاسایەکی هەمەلایەنەی ڕاگەیاندن نییەو هەموو کەناڵەکانی میدیا (ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن‌و ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی)و هەروەها ریکلام‌و دامودەزگای وەک (ئاژانسەکانی هەواڵ، سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەو چاپ‌و بڵاوکردنەوەو چاپخانە..) ناگرێتەوە. «ناکرێت ئەوانە، بەبێ قانوون‌و بەم شێوە بێسەروبەرەییەی ئێستا بەڕێوەبچن».

هێمن میرانی، بەرپرسی پەیمانگای کوردستان بۆ پرسەسیاسییەکان لە هەولێر پێیوایە، «ئەو یاسایە نەیتوانیوە کاری خۆی بکات بۆ ئەو ئەمانجەی کە لەپێناویدا دەرچووە» بێگومان هەموارکردنی دەبێتە فەرزی عەین، بە بۆچوونی هێمن هەموارکردنی پێویستە، چونکە بە ڕۆژی ڕووناک دەبینین، هەموو سنوورێک تەنانەت چوونە ناو ژیانی کەسیی دەبەزێنرێت‌و کەس بەو یاسایە سزا نادرێت. پێویستە ئەو یاسایە ئێتیکەکانی ڕۆژنامەوانی دەستنیشان بکات‌و ڕۆژنامەنووس‌و دەزگاکانی پابەند بکات کە تا کوێ دەتوانن قسە لەسەر پرسەکان بکەن.

کەمال ڕەئوف پێیوایە، بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ئەم هەموارکردنەوەیە، دەبێت ڕۆژنامەنووسان‌و ئازادیخوازەکانی نێو کۆمەڵگە لەو ململانێیە نەترسن‌و بە ئاگابن لەوەی کە هەوڵێک لە ئارادایەو خەریکە یاسای ڕۆژنامەگەریی بەرتەسک دەکرێتەوە.

ئاسۆ کەریم، پێیوانییە، بە هەموارکردنی یاسای ڕۆژنامەگەریی هیچ مەترسییەکی ئەوتۆ بۆ سەر کاری ڕۆژنامەنووسی دروست ببێت لە کوردستان، وتیشی، وەکو لیستی کوردستانی لە بەرنامەی خۆیاندا جەختیان لەسەر فراوانکردنی پانتایی ئازادییە دیموکراتییەکان بە ئازادیی ڕادەربڕین‌و بڵاوکردنەوەشەوە کردووەتەوەو پابەند دەبن بە فراوانکردنی ئازادییەکانەوە.

سەبارەت بەو زمانە زبرەی کە لە هەندێک دەزگای ڕاگەیاندندا بەکاردێت، سەرنووسەری هاوڵاتی دەڵێت: بەکارهێنانی زمانی زبر لەکاری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی ناوخۆو تەمەنی لە تەمەنی یاساکەو میدیای ئەهلی‌و ئازاد کۆنترە، بەداخەوە ئەوانەی کە دوێنێ لەشەڕی ناوخۆدا ئەو زمانە زبرەیان بەکاردەهێنا، ئێستاش هەندێکیان سەروکاری ڕۆژنامە حیزبییەکان دەکەن‌و لەبەرامبەر نەیارەکانیاندا هەمان زمانیان هەیە، بۆیە لاموایە ئەمە زیاتر پەیوەندی بەو کلتوورەوە هەیە، نەک خودی یاساکە.

سەرنووسەری هاوڵاتی ئەوەش دەخاتە ڕوو، کە هەندێک لە میدیاکانی حیزب‌و سێبەر بە ئەنقەست دەیانەوێت ئەو زمانە بەکاربهێنن تا لایەنی بەرامبەر بخەنە ئەو داوەوە، هەروەها لەم ڕێگەیەشەوە سومعەی کاری ڕۆژنامەنووسی لەکەدار بکرێت‌و کاریگەرییان لەکومەڵگەدا کەمبکرێتەوە.

هەروەک وتیشی: ئیتهاماتی میدیای حیزبی لەدژی میدیای ئەهلی لەگەڵ لەدایکبوونی ئەمجۆرە میدیایەدا لەدایکبووە، شەڕێکی بێپەروا لە دژی میدیای ئەهلی لە ئارادایە، «کێشەکە پەیوەندی بە یاساکەوە نییە ئەوەندەی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە مۆدێلی میدیای حیزبی بەسەرچووەو ئەو شێوازی کارکردنەی ئەوان کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە»و ئەوانەی لە میدیای حیزبدان لایانوایە ئەوەی کە ئەو پرۆسەیەی خێراترکردووەتەوە، دەرکەوتنی شێوازی مۆدێرنی میدیای ئەهلییە، بۆیە «دەیانەوێت بە زەبری سانسۆر میدیا ئەهلییەکانیش وەک خۆیان لێبکەن‌و دەستوپێیان کەلەپچە بکەن».

# فراکسیۆنی گۆڕان داوای ڕوونکردنەوە لە چوار وەزیر دەکات

# لێپرسینەوە لەگەڵ وەزیرەکان دەگاتە کوێ؟

دلێر عەبدولخالق

**لەماوەی ڕابردوودا چوار پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بۆ ڕوونکردنەوەو بەدواداچوونی چەند کێشەیەک، بەشێوەی نووسراو چەند پرسیارێکیان ئاڕاستەی چوار وەزیری حکومەتی هەرێم کردووە، هەرچەندە تائێستا وەڵامی یەکێک لە وەزیرەکانیان پێگەیشتووە کە ئەویش «جێگەی قەناعەتی پەرلەمانتارەکە نەبووە»، لە هەمانکاتیشدا ئەندامانی دابەشبوو بەسەر فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان ئاماژە بەوە دەکەن؛ «کۆنیی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان‌و هەبوونی ڕۆتینات» ڕێگرە لەبەردەم هەبوونی پەرلەمانێکی کارا کە توانای چاودێریکردن‌و لێپرسینەوەی کارەکانی حکومەتی هەبێت.**

## مافی لێپرسینەوە

مادەکانی (٦١و٦٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان مافی پرسیارکردنی ئەندامانی پەرلەمانی دەستەبەرکردووەو تێیدا هاتووە «هەر ئەندامێک بۆی هەیە پرسیارەکان بە نووسین یان بە زار لە ڕێگەی سەرۆکی پەرلەمانەوە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات، کە پرسیارکردن بۆ تێگەیشتنی ئەندامە لە کارێک کە نایزانێت، یان ئارەزووی هەیە لە بوونی ڕووداوێک لێکۆڵینەوە بکات». پەرلەمانتار پرسیارەکانی ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکات‌و دواتر پوختەی پرسیارەکان دەخرێتە دانیشتنی پەرلەمانەوەو ئاراستەی وەزیری پەیوەندیدار دەکرێت، کە پێویست دەکات لەماوەی (١٥) ڕۆژدا وەڵام بداتەوە، بەشێوەیەک یان بە نووسراو یاخود خۆی دێتە پەرلەمان‌و وەڵامی پەرلەمانتارەکە دەداتەوە، لە حاڵەتی نەبوونی قەناعەت بە وەڵامی وەزیرەکە یان ئەوەی لە وادەی یاساییدا وەڵامەکەی نەدایەوە، دەگاتە حاڵەتی لێپرسینەوەو بانگهێشتکردنی پەرلەمان.


ئاشتی هەورامی

## چوار وەزیرەکە!

بۆ ڕوونکردنەوە لەسەر چەند پرسێک لەوانە (گواستنەوەو دابەزاندنی پلەو لابردنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، کێشەی نانبڕاوەکان، گواستنەوەو کەمکردنەوەی پلەی ئەفسەرانی وەزارەتی ناوخۆ بەدەر لە ڕێنماییەکان، تێوەگلانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە پشکی کۆپانیای DNOی نەرویجی) چوار پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بەشێوەی نووسراو چەند پرسیارێکیان ئاراستەی هەر یەک لە دڵشاد عەبدولڕەحمان، وەزیری پەروەردە، کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆ، شوان محەمەد، وەزیری مافی مرۆڤ‌و ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم، کردووە، لەگەڵ ئەوەی تائێستا تەنیا وەڵامی وەزیری پەروەردە گەیشتووەتەوە پەرلەمان، بەڵام ئەو پەرلەمانتارەی کە پرسیارەکانی ئاراستە کردووە پێیوایە «وەڵامەکانی واقیعی نییە»و پێویستی بە لێپرسینەوەی زیاتر هەیە.

د.زانا ڕەئوف، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی لەسەر پرسی گواستنەوەو لابردنی بەشێک لە بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەو خوێندنگاکان چەند پرسیارێکمان ئاراستەی وەزیری پەروەردە کرد، ناوبراو وەڵامی پرسیارەکانی گەڕاندووەتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام «بەداخەوە وەڵامەکان جێگەی قەناعەتی ئێمە نین، لەبەرئەوە ئێستا لەگەڵ بەشێک لەو مامۆستایانە لە گفتوگۆدام بۆئەوەی لە قۆناغی داهاتوو لێپرسینەوە لە چۆنێتی ئەو حاڵەتانە لەگەڵ وەزیری پەروەردە بکرێت».

ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی گۆڕان پێیوایە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان


کەریم سنجاری

کەمتوانایە لە ڕێکخستنی ئەولەویەتی ئیشەکانی خۆی»و ئاماژە بەوە دەکات ئەو کاتەی پەرلەمانتار لە ڕێی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە پرسیار ئاراستەی یەکێک لە وەزارەتەکانی حکومەت دەکات، بەرپرسیارێتی کاتی گەیشتنی پرسیارەکان بۆ وەزارەتەکەو وەڵامی پرسیارەکان لە ئەستۆی سەرۆکایەتیدایەو پەرلەمانتار بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ناتوانێت هیچ بکات، وتیشی: هەرچەندە نامانەوێت پێش ڕووداوەکان بکەوین، بەڵام ئەگەر دوا پێکهێنانی لیژنەکان‌و دابەشبوونیان بەسەر کاری وەزارەتەکان ئەم دۆخەی ئێستا باڵی بەسەر پەرلەماندا کێشاوە، درێژەی پێبدرێت، کاریگەریی خراپ لەسەر ئەدای کاری پەرلەمان جێدەهێڵێت».

## بۆ پەیڕەوی ناوخۆ هەموارنەکرا؟

لە دانیشتنی یەکەمی خولی سێیەمی پەرلەمان کە لە (٨)ی ئەیلولی مانگی ڕابردوودا بەڕێوەچوو، ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان‌و خزمەتگوزاریی‌و چاکسازیی داوای هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیان کرد، بەڵام لیستی کوردستانی ڕەزامەندیی لەسەر کۆی هەموارکردنەکە دەرنەبڕی، ئەوەبوو لە دانیشتنەکانی دواتر هەموارکردنەکە تەنیا زیادکردنی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی گرتەوە، بەڵام لەئێستادا زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان جەخت لەسەر پێویستی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ دەکەنەوە، چونکە وەک ئەوان دەڵێن «لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی هەرێم ناگونجێت، هاوکاتیش کاریگەریی خراپی لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکی چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت‌و سستیی ڕۆڵی پەرلەمان دەبێت».


دڵشاد عەبدولڕەحمان

گۆران ئازاد، پەلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد، فراکسیۆنەکەیان تائێستا لەسەر هیچ پرسێک پرسیارو لێپرسینەوەی ئاراستەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم نەکردووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە چاوەڕێی کاری لیژنەکانن، بۆئەوەی هەریەکەیان بەپێی کاری خۆیان چاودێریی ئیش‌و کاری وەزارەتەکان بکەن. گۆران بڕوای وایە «بەر لە هەرشتێک پێویستە پەیڕەوی ناوخۆ هەمواربکرێتەوە» وتی: زۆرجار کە باس لە سستیی کاری پەرلەمان دەکرێت خەڵک دەیگێڕێتەوە بۆ ئەدای پەرلەمانتاران، بەڵام لە ڕاستیدا «گرفتی گەورەی سستیی کاری پەرلەمان ڕۆتین‌و پەیڕەوی ناوخۆیەکەتی، کە بۆ ئەو مەبەستەش پڕۆژەیەکمان ئامادەکردووە».

## فراکسیۆنەکان کۆکن لەسەر هەموارکردنەوەی

لەبارەی ئەوەی بۆچی فراکسیۆنی کوردستانی لە دانیشتنی یەکەمدا ڕێگربووە لەبەردەم بڕیاری هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆ کە ساڵی (١٩٩٢) دانراوە، گۆران ئازاد پێیوایە «ناحاڵیبوونێک لەو دانیشتنەدا دروستبووە»و ئاماژەی بەوەکرد؛ هەموو فراکسیۆنەکان کۆکبووین لەسەر ئەوەی گۆڕانکاریی لە پەیڕەوی ناوخۆ بکرێت، بەڵام ئێمە لە سەرەتادا پێمان باشبوو بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشەکانی پەرلەمان سەرەتا ژمارەی لیژنەکان هەمواربکرێت‌و دواتر پەیڕەوەکە هەمواربکرێتەوە، بەوپێیەی کاتێکی زۆری پێدەچێت.

ئەندامێکی لیستی چاکسازیی‌و خزمەتگوزاریش لەگەڵ ئەوەی ئاماژە بە پێویستی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ


شوان محەمەد

دەکات، لە هەمانکاتیشدا پێیوایە «ناکرێت هۆکاری خراپی ڕۆڵی ئەندام پەرلەمانەکان لە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت تەنیا بۆ کۆنیی پەیڕەوی ناوخۆ بگێڕدرێتەوە».

فازڵ حەسەن، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی چاکسازیی‌و خزمەتگوزاریی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمان، چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت‌و لێپرسینەوەیە لە ئیشی وەزارەتەکان، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێشتا حکومەتی نوێ دەستبەکارنەبووە، ئێمە چاودێریکردنەکەمان بەشێوەیەکی گشتیی بۆ کابینەی شەشەم دەبێت کە خەڵکیش چاوەڕوانی ئەو کابینەیەیە. وتیشی: «پەیڕەوی ناوخۆ لە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت لەمپەری گەورە نییەو ئەوەی کە تائێستا نەکراوە پەلەمانتار خۆی نەیکردووە، بەڵام لە بنەڕەتیشدا پەیڕەوەکەش کەموکورتیی تێدایەو پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە».

زانا ڕەئوف، پەلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژە بەوەدەکات؛ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان زۆر پرسی بێ وەڵام هێشتووەتەوە، لەو بارەیەوە نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە کە ئەگەر ئەوان وەک یەکێک لە فراکسیۆنەکان یاداشتێک ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن، ئایا ئەو وادە یاساییە چەندە کە سەرۆکایەتی وەڵامی پێدەداتەوە؟ ئەگەر وەڵام نەدرایەوە فراکسیۆنەکەو ئەندامەکانی دەبێت هەڵوێستان چی بێت؟ زانا ڕەئوف پێشیوایە هەبوونی ئەو پەیڕەوە لەلایەک‌و کاریگەریی ململانێی سیاسیی‌و دەستێوەردانی حیزبیی لەلایەکی دیکە ڕۆڵی خراپ لە ئیفلیجبوونی کارەکانی پەرلەمان دەگێڕێت‌و ئەوەشی نەشاردەوە «هەوڵی چڕوپڕ هەیە بۆ بە ئاکام نەگەیشتنی ئەرکەکانی هێزی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا».

## د. لەتیف شێخ مستەفا پسپۆڕی یاسای دەستووریی:

# • پێکهێنانی حکومەتی تەوافوقی لە کوردستان خراپترین جـ

# • حـکـومـەتـی سـێـبـەر یـەکـێـکـە لـە تـەرحـە عـاقــ

سازدانی: سیروان رەشید

**لە دوای (٧/٢٥) هێزی جیاوازو ئۆپۆزسیۆن دروستبووەو لێرەدا بیرکردنەوەمان بەلای ئەو پرسیارەدا دەچێت کە ئایا ئەم ئۆپۆزسیۆنە، ئەم هێزە جیاوازەی کە دروست بووە، دەچێتە پاڵ بەرەی زۆرینەوەو بۆ پلەوپایە دەچێتە تەشکیلکردنی حکومەتەوە، یان بڕیار دەدات ئەو ئەڵقەی نادیارەی کە چەند ساڵە هەیە، بوونی ئۆپۆزسیۆن‌و تەمسیلکردنی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانداو تەمسیلکردنی دەنگە نارەزاییەکان، ئایا ئەوە دەکات؟ لەم چاوپێکەوتنەدا د.لەتیف شێخ مستەفا پسپۆڕی یاسای دەستووریی مامۆستا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی، سەبارەت بە چەندین مەسەلەی پەیوەست بە گۆڕانکارییەکانی دوای ٢٥ی تەموز وەڵامی پرسیارەکانی رۆژنامە دەداتەوە.**

**رۆژنامە: هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموز لە کوردستان، رەوشێکی نوێی سیاسیی هێنایە ئاراوە، ئێوە وەک مامۆستایەکی زانکۆ کە هەمیشە چاودێریی رەوشی سیاسیش دەکـەن، روانینتان بۆ ئەو هەلومەرجە نوێیە چۆنە؟**

* بەبێ هیچ لایەنگرییەک بۆ هیچ لایەک، تەنیا وەکو تەرحێکی ئەکادیمییانە، دەڵێم (٧/٢٥) سەرەتای دروستبوون‌و دەستپێکردنی دیموکراتییەتە لە کوردستاندا، راستە پێشتر لە کوردستاندا هەڵبژاردن هەبووەو پەرلەمان هەبووەو ئەنجومەنی وەزیران پێکهاتووە، ئەمانە هەمووی دەرهاویشتەی هەڵبژاردن بوون، بەڵام دوو شتی کاریگەریان لەمە کەم کردبووەوە، یەکەم نەبوونی هیچ جۆرە فشارێک لە بەردەم ئەم دەسەڵاتە هەڵبژێردراوانەدا کە هەمیشە لە سیستمی دیموکراتیدا دەبێت لەمپەر لەبەردەم دەسـەڵاتـەکـانـدا هەبێت، گرنگترین لەمپەریش بریتییە لە ئۆپۆزسیۆن‌و هەروەها رای گشتیی، زۆرجاریش رای گشتیی ئۆپۆزسیۆن پێشەوایەتی دەکات، ئەوەمان نەبوو، بۆیە ئەو دەسەڵاتە هەڵبژێردراوانە زۆرجار دەسەڵاتەکانیان رەها بوو، ئەم رەهابوونەش وایدەکرد جـوانـیـی هـەڵـبـژاردن‌و جوانیی دیموکراتییەتبوونەکەشی خاڵی دەکـردەوەو زۆرجـاریـش وایدەکرد هـەر خـودی پرۆسەی دیموکراتی‌و هەڵبژاردنی دەخستەوە ژێر رەحمەتی هێزی براوە، واتە زۆرجار شەرعییەتی بردنەوە بەکاردەهێنرا بۆ ماوەی نادیار، واتـا تەنانەت خەریک بوو نەریتێک دابێت، نەریتی ئەوەی تۆ هەڵبژاردنێک بکەو شەرعییەتی گەل بەدەستبهێنە، ئیدی گرنگ نییە هەڵبژاردن دەکەیتەوە، بینیشمان بە یەک هەڵبژاردن (١٥)ساڵ حوکمڕانی کراو ئەگەریش ئەو مەسەلەی رووخاندنی رژێم‌و وەزعە نێودەوڵەتییە نەهاتایەتەکایەوە لەوانەبوو تائێستاش بە شەرعییەتی یەکەم حوکمڕانی بکرابایە.

**رۆژنـامـە: هەندێک لە چاودێران پێیانوایە لـەم سـەرەتـایـەوە ئـەدای ئۆپۆزسیۆن لە بەرامبەر دەسەڵاتدا توندەو رەخنەی ناواقیعی دەگرێت، تۆ کە چاودێریی رەوشەکە دەکەیت، پێتوایە وابێت؟**

* تا رادەیەک وایە، لەوانەیە بڵێین ئێمە نە ئۆپۆزسیۆنکەمان ئۆپۆزسیۆنییەکی دروستەو نە دەسەڵاتیشمان دروستە، چونکە یەکەم دەسـەڵات ئـەوا (١٥ ـ ٢٠) ساڵە هیچ لەمپەرێکی لە بەردەمدا نـەبـووەو هەمیشە سوڵتە ئەگەر لەمپەری لەبەردەمدا نەبێت دەبێت بە ئیستیبداد، جا با لە بەرگی شەرعییەتی دیموکراتیشدا بێت، لەبەرئەوە ئەمە (١٥ ـ ٢٠) ساڵە لە رووی نەفسییەوە دەسەڵاتداران هەستدەکەن جۆرێک لە مافی بەدەستهێنان بۆ دروستبووە کە ژیانی خۆیان لەسەر ئەمجۆرە دەسەڵاتە راهێناوە کە هەموو کەس ملکەچیان بێت‌و کەس نەڵێت نا.

**رۆژنامە: لە هەندێک لە سیستمە دیموکراتییەکانی دنیادا مەسەلەی حکومەتی سێبەر لە ئارادایە، بە رای تۆ بوونی حکومەتی سێبەرو دروستکردنی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە لە کوردستاندا کارێکی گونجاوو حاڵەتێکی تەندروستە؟ ئایا ئۆپۆزسیۆنی هەرێمی کوردستان توانای ئەوەی هەیە ئەمە بکات؟**



* دەمەوێت بەر لە روونکردنەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە ئاماژە بۆ ئەوەبکەم کە بـەداخـەوە هەندێک ناحاڵیبوونی زۆر عەجیب هەیە لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا لە کوردستان، جا نازانم ناحاڵیبوونە یان خەڵک ئەم وەزعە وەکو بازرگانییەک یان وەکو شتێکی شەخسی سەیری دەکات، ئەگەر ئینسان لە دەسەڵاتدا بێت یان لە ئۆپۆزسیۆندا بێت، ئەگەر ئەو پلەیەی وەکو پرۆسەی سیاسیی سەیر بکات، دەبێت هەر شتێک لە قازانجی پرۆسەکەدا بێت بەخێرهاتنی لێبکات، بەڵام کاتێک کە وەکو پرۆسەی شەخسی سەیری مەسەلەکە دەکەیت، ئەگەر شتێک زەرەری بۆ شەخسی خۆم هەبێت با بۆ بەرژەوەندیی عام قازانجی هەبێت من هەر دژایەتی دەکەم، ئەگەر لەو روانگەیەوە نەبێت، حکومەتی سێبەر یەکێکە لە تەرحە عاقڵانەکانی ئۆپۆزسیۆن، من نامەوێت بە هیچ شێوەیەک وەک لایەنگریی ئەم بۆچوونەم لێکبدرێتەوە، بە راستی دەمەوێت وەکو ئەکادیمیایەک زۆر بێلایەنیی بپارێزم، ئێستا کە ئەمە دەڵێم مەبەستم ئەوە نییە کە ئەم ئۆپۆزسیۆنیەی گۆڕان ئەمە دەکات یان ئیسلامیی ئەمە دەکات، لە جیهاندا ئەگەر باسی کوردستان نەکەین تەرحکردنی حکومەتی سێبەر یەعنی تەرحی عەقڵانی ئۆپۆزسیۆن بۆچی؟ حکومەتی سێبەرو ئۆپۆزسیۆن لە وڵاتانی خۆرئاوادا رەخنەگرتن نییە بۆ رەخنەگرتن، رەخنەگرتنیش نییە بۆ روخاندن، رەخنەگرتنە لەپێناوی تەقدیمی بەدیلی باشتر (البدیل الافضل)، دوو جۆر رەخنە هەیە: رەخنەی جوزئی لەگەڵ رەخنەی کوللی، ئـەو رەخنە جوزئییانە دەشێت من رۆژانە تەقدیمیان بـکـەم‌و داوای چاککردنیان بکەم، بەڵام کاتێک کە رەخنەی جدیم هەیەو موتەعاریزە لەگەڵ بەرنامەی حکومەت واتــە حکومەت دەبـێـت لابچێت، من نامەوێت کە رەخنەیەک بگرم بەتایبەتی رەخنەکانی کە کاریگەری دەخەنە سەر بەرنامە سیاسییەکانی حکومەت‌و داوای گۆڕینی دەکەم لە، بەتایبەتی لە بەریتانیادا کە دایکی حکومەتی سێبەرە، دەڵێت بێ ئەخلاقییە کە ئۆپۆزسیۆن داوای رووخاندنی حکومەت بکات، بەڵام بەدیلی نەبێت، یەعنی فیعلەن هەر بێ ئەخلاقییە.

دروستکردنی حکومەتی سێبەر پێشکەش بەدیلە، بۆچی؟ من حکومەتێک پێشکەش دەکەم لە بەرامبەر هەموو وەزیرێکدا وەزیرێک دیاری دەکەم، خۆ ئەمانە سەرۆکی وەزیـران‌و وەزیری فیعلیی نین هـەر خـۆم نـاوی دەنێم، لەسەر هەموو ئاستەکان دەڵێم حکومەت ئەمەی خراپە. کە توانیم لەناو پەرلەماندا متمانەی زۆرینە بهێنمە ژێر (٥٠٪+١) حکومەت دەڕوخێت کە حکومەتم روخاند سەرۆکی دەوڵەت تەکلیفی من دەکات بۆ تەشکیلی حکومەت‌و دەبێت بەدیلم هەبێت، کە بەدیلم نەبوو مانای وایە من بێ ئەخلاقم، واتە شتێکی بێ ئەتیکم کردووە، بەچی بەدیلم هەیە بە حکومەتی سێبەر. پێکهێنانی حکومەتی سێبەر وادەکـات کە ئۆپۆزسیۆن لە تەرحەکانیدا عەقڵانیەتی پێوەبێت، بۆچی؟ چونکە رەخنەیەک ناگرم کە سبەینێ خۆم هاتمە سەر حوکم پێم جێبەجێ نەکرێت.

**رۆژنامە: واتە دروستکردنیحکومەتی سێبەر لە قازانجی دەسەڵاتیشە؟**

* لە قازانجی پرۆسەی سیاسیدایە، مانای وایە وادەکـات کە ئۆپۆزسیۆن رەخنەیەکی عەقڵانی گرتووە، چونکە سبەینێ وای بۆ دەچێت کە ئەگەر ئەو حکومەتی روخاند لە پەرلەماندا، زۆرینـەی کـرد بە کەمینە، دەشێت هەندێک لە ئەندام پەرلەمانی حیزبی دەسەڵاتیش متمانەی لێ بسەنن‌ەوەو ئەوکاتە خۆی ببێت بە زۆرینە، بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکی دیموکراتیدا بین، هەرچەندە ئەوە لە کوردستاندا تۆزێک زەحمەتە پەرلەمانتاری لیستەکان بچنە ناو لیستی بەرامبەرەوە، ئەوکاتە ئۆپۆزسیۆن تەکلیف دەکـرێـت بە حکومەت کە لە پەرلەماندا متمانەم بە زۆرینە سەندەوە، ئەوکاتە مانای وایـە بەدیلم پێشکەشکردووە، کە پێشکەشمکرد، ئەوکاتە مانای وایە من چاوەڕێی ئـەوەم تەکلیف بکرێم بۆ پێکهێنانی حکومەت، کە تەکلیف کرام بۆ پێکهێنانی حکومەت، دەبێت شتێک بڵێم کە سبەینێ لای دەنگدەرانم

**ئەو ئۆپۆزسیۆنانەی کە بە ناوی حیزبی ترەوە چوونە پرۆسەی سیاسییەوە بە وەزیرێک‌و بە چەند ملیۆن دینارێک لە بودجە بێدەنگکراون کە بودجەکەی خۆشیان بۆ کرا بە پیاوەتی‌و مینەت، بە راستی یەکەم خیانەتیان لە خۆیان‌و لە دەنگدەرانیان کرد**

# ـۆری کابینەیەو بۆ دەمکوتکردنی لایەنەکانە ـــڵانەکانی ئۆپۆزسیۆن



بە درۆ نەکەومەوە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، چونکە لەوانەیە سێ مانگی دیکە هەڵبژاردن بکرێت، من ئەوکات دەیدۆڕێنم، چونکە بە ڕاستی تەقدیمی پرۆژەی حکومەتی سێبەر، مانای ئەوەیە ئۆپۆزسیۆن دەیەوێت بەدیلی عەقڵی پێشکەشبکات، نەک بەدیلێکی توندوتیژ، نەک تەنیاو تەنیا مەبەستی ئەوەبێت زۆرینە سووک بکات، حکومەتەکەی سـووک بکات لای خەڵـک، چونکە سبەینێ چـاوەڕێ دەکـات خۆی بێتە سەر حوکم، بەڵام حکومەتی سێبەریش هەر بۆ ئەوەیە خۆی ئامادەکردووە بۆ حوکمڕانیکردن بۆ ئەو ڕەخنەیەی کە لە دەسەڵاتی گرتووە سبەینێ دەبێت بۆ خۆی جێبەجێبکات، کە جێبەجێی نەکرد تووشی ئیحراجیی دەبێت لەلای دەنگدەران لەبەر ئەو هۆکارەیە، بە ڕاستی حکومەتی سێبەر یەکێکە لە پرۆژەی عەقڵانییەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەڵام ئەگەر من لە ڕوانگەی پرۆسەی سیاسیی لێکی بدەمەوە کە سیاسیی بمو سەر بە دەسەڵات بم یان سەر بە ئۆپۆزسیۆن بە پرۆسەیەکی زۆر باش سەیر دەکـەم، بـەڵام ئەگەر پلەوپایە سیاسییەکەم وەکـو بـەرژەوەنـدیـی شەخسی تەماشا بکەم، ئەم پرۆسەیە ڕەتدەکەمەوە، بۆیە بە ڕاستی حکومەتی سێبەر دەبێتە دەسەڵات، جا هەر کەسێک تەرحی بکات من حەقم نییە هەر کەسێ تەرحی کردووە، گۆڕان تەرحی دەکات یا سبەی یەکێکی دیکە تەرحی دەکات، جا سبەی یان گۆڕان دەبێت بە دەسەڵاتو ئـەوی دیکە دەبێت بە ئۆپۆزسیۆنو لیستی کوردستانی دەبێت بە ڕاستی حکومەتی سێبەر بە گرنگو پێویست دەزانم، چونکە حکومەتی سێبەر واتە خۆئامادەکردن بۆ پێشکەشکردنی بەدیل بۆ ئەو ڕەخنەیەی کە من لە حکومەتی ئێستای دەگرمو پێی دەڕووخێنم.

**ڕۆژنـامـە: مەسەلەیەک کەبەلای چاودێرانەوە جێگەی ڕەخنە گرتن بوو، متمانە پێدانی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم بوو بە دوو کەس د.بەرهەمو ئازاد بەرواری بۆ پێکهێنانی حکومەت کە ئەو چاودێرانە پێیانوابوو ئەم حاڵەتە شەرعیەت دانەوەبوو بەسیستمی دوو ئیدارەیی، تۆ وەک پسپۆڕێکی یاسای دەستووریی چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانیت؟**

* بە تەئکید ئەو بۆچوونە زۆر ڕاستە، لە ڕووی دەستوورییەوەو لە سیستمی پەرلەماندا تەنها سەرۆکی وەزیران تەکلیف دەکرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، جێگری سەرۆک وەزیران هەر نییەو ئەگەر هەشبێت شتێکی ئیدارییەو دەکەوێتە دەست سـەرۆک وەزیـران خۆی، چونکە سەرۆک وەزیران تەنهاو تەنها مەرکەزێکی قانونی موتەمەیزی هەیە جیا لە وەزیرەکان، ڕۆڵی سەرۆک وەزیران ئەوەندە گرنگە لە سیستمی پەرلەمانیدا تەنانەت هەموو حکومەت بەناوی ئەوەوە ناو دەبرێن، دەوترێت حکومەتی بلێر یان براون، یان مالیکی، حکومەتی نێچیرڤان بارزانی، ئەگەر پەرلەمان متمانە لە هەموو وەزیرەکان بسەنێتەوە حکومەت ئیستیقالە دەکاتو ئەگەر بە تەنها لە سەرۆک وەزیرانی بسەنێتەوە دەبێت حکومەت ئیستیقالە بکات، کەواتە سەرۆک وەزیران بە قەدەر ئەنجومەنی وەزیران گرنگە، کەوابێت ئەگەر پەرلەمان کاتێک کە متمانە دەکێشێتەوە لە هەموو ئەنجومەنی وەزیـــران، ئەنجومەنی وەزیـــران ئیستیقالە دەکات بە سەرۆکیشەوەو کاتێک متمانەش دەکێشێتەوە لە سـەرۆک وەزیــران، دەبـێـت هەموو حکومەت ئیستیقالە بکات بە سەرۆک وەزیرانیشەوە، بەڵام شتێکمان نییە باس لە دەستلەکارکێشانەوەی جێگر بکات، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە پەرلەمان متمانەی داوە بە هـەردووکـیـانو هەردووکیانی ڕاسپاردووە بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەگەر متمانە لە د.بەرهەم سەنرایەوە دەبێت حکومەت هەمووی لەگەڵیدا ئیستیقالە بکات، باشە ئەگەر لە کاک ئازادییش سەنرایەوە حکومەت لەگەڵیدا ئیستیقالە دەکات؟ ئەگەر وا نییە بۆ هەردووکیان ڕادەسپێررێن بۆ پێکهێنانی حکومەت؟ بۆیە بە ڕاستی دەبوایە سەرۆکی حکومەت، یەکێتی بێت یان پارتی تەکلیف بکرایە بۆ پێکهێنانی حکومەت نەک دوو کەس.

**ڕۆژنامە: تۆ چ نییەتێکی پارتیو یەکێتی لەمە دەخوێنیتەوە؟**

* هەر باگراوندەکەی ڕابـردووە کە ئەوان هەریەکەو ناوچەی ئیداریی تایبەت بە خۆیان هەیەو یەکێتیو پارتی خۆیان ئیشو کارەکان جێبەجێدەکەن، بۆ نموونە لە سـنـووری سلێمانی کاک عیماد ئەحمەد خۆی شتەکانی جێبەجێکردووە، لە سنووری ئیدارەی هەولێریش کـاک نێچیرڤان خۆی شتەکانی جێبەجێکردووە، بەڕاستی ئەمە لـە قـازانـجـی خۆشیان نییە. بەداخەوە من وەک کەسێکی ئەکادیمی پێیاندەڵێم، جا گوێمان لێبگرن یان نا کەیفی خۆیانە کە ئەم شێوە کارکردنە ئەگەر بۆ ساڵی ٢٠٠٥ پاساوی مەنتیقی هەبووبێت زۆرباشبووە، لەبەرئەوەی خۆیان زۆر دوژمـنـی یـەک بـوون، بەڵام ئێستا مادام خۆیان هەر بە یەک لیست دابەزیونو لیستی بەرامبەریان بۆ دروستبووە، لیستی بەرامبەر زۆر سوود لەم حاڵەتە دەبینێت بۆ زیاتر دابەزاندنی جەماوەری ئەوان.

**ڕۆژنـامـە: پێتوایە بەپێی ئەو ڕاسپاردنە بێت کە هـەردوو بەڕێز تەکلیفکراون بۆ پێکهێنانی حکومەت، لە داهاتووشدا سـەرۆک وەزیـرانو جێگرەکەی وەکـو یەک دەسەڵاتیان هەبێت.**

* بەڵێ ڕاسپاردنەکەو تەکلیفکردنەکە وامان پێدەڵێت، هیواداریـن وا نەبێت، بەڵام ئەگەر وا بێت لە ڕووی یاساییەوە یەکتری دەبیننەوە کە چەند زەرەر دەکەن.

**ڕۆژنامە: ئێستا لیستی براوە هەوڵی پێکهێنانی کابینەی نوێ دەداتو لە هەوڵی ئەوەدایە دووبارە حکومەتێکی ئیئتیلافی بنکە فـراوان بەشێوەی تەوافوقی دیموکراسی دووبارە بکاتەوە، بۆچوونت لەسەر حکومەتی تەوافوقی دیموکراسی چۆنە لە کوردستان، پێتوایە حکومەتی تەوافوقی دیموکراسی بۆ ئێمە ئیجابی بێت؟**

* زۆر خراپە، ئێمە کۆمەڵێک حکومەتمان هەیە حکومەتی زۆرینە، حکومەتی ئیئتیلافی، حکومەتی یەکێتیی نیشتمانیو حکومەتی تەوافوقی، حکومەتی زۆرینە حاڵەتە سروشتیەکەیە کە لایەنێک زۆرینەی هێنا لەهەڵبژاردنەکەدا ئیتر مافی خۆیەتی حکومەت بەبێ سەرئێشە دروستبکات، ئێستا لیستی کوردستانی زۆرینەی هێناوە حکومەت تەشکیل بـکـات، ئـەوپـەڕی دیموکراتییەتە، دوای ئـەوە حکومەتی ئیئتیلافیمان هەیە، حکومەتی ئیئتیلافی ئەوەیە کە یەک حیزب نەبێت بەتەنها (٥٠+١)ی هێنابێت، بۆیە ناچارە بڕوا ئەم حیزبو ئەو حیزب ڕازی بکات بۆ نموونە من (٤٥) کورسیم هەیە پێویستم بە (٥٦)ە تۆ حیزبێکی (١٥) کورسیت هەیەو دێم مامەڵەت لەگەڵدا دەکەمو دەڵێمن کاکە دێیتە حکومەتەکەمەوە بەڵێ، بە چەند وەزیـر، چـوار وەزیـرت دەدەمــێ، بۆ چی؟ لەبەر تۆ نا لەبەر ئەوە نا ڕازیت بکەم، لەبەرئەوەی متمانەی پەرلەمان بەدەستبهێنم، بۆیە سێ وەزیـر یان چوار وەزیرت دەدەمێو ڕێک دەکەوین، ئەوکاتە کە هاتمە پەرلەمانەوە (٤٥)ی خۆمو (١٥)ی تۆش ئەوە (٦٠) لەوە زیاتریش بـڕوات نابێت، مـادام کە ژمارەکەم تەواو کرد نابێت بگەڕێم بەدوای خەڵکی تردا، بۆیە حکومەتی ئیئتیلافی جێگیرو چەسپاو نییە، هەمیشە دەتوانی بەهانەم پێ بگریت، چونکە حکومەتی زۆرینەی خۆم نییەو هەمیشە دەڵێیت ئەو داواکارییانەم دەوێتو ئەگەر ئەمانە نەبێت دەکشێمەوە کە کشایتەوە حکومەت دەڕۆخێت، ئەمە حکومەتی ئیئتیلافییە، بـەڵام چارم نییە، حکومەتی ئیئتیلافی لەو وڵاتانەدا هەیە کە سیستمی دووحیزبی نەبێتو حیزبێک بە تەنها ناتوانێت زۆرینە بهێنێت، بۆیە من وتم لە کوردستاندا ئومێدم زۆرە بۆ دووحیزبی، چونکە حیزبەکەمان زۆرینەی هێناوە.

**ڕۆژنـامـە: بـەڵام ئەمەی ئێستا لیستی زۆرینە دەیکات نە حکومەتی زۆرینەیەو نە حکومەتی ئیئتلافییە، حکومەتی تەوافوقییە.**

* حکومەتی یەکێتیی نیشتمانیمان هەیە، ئەم جۆرە حکومەتە لە حاڵەتی بارگرژیدا کاتێک شـەڕت هەبێت شـەڕی جیهانیو شـەڕی ناوخۆت هەبێت، بەڵام حکومەتی تەوافوقی واتە ڕێکەوتنو ڕازیکردنی لیستەکانی تر بۆ ئەوەی بەشداربن کە هیچ سەنەدێکی نەبێت نە پێکهاتنی نەتەوەیی جیاواز نە بارودۆخی نەتەوەیی نە بارودۆخی ئەتنی نە بـارودۆخـی واقیعی وا هەبێتو نە خەتەریش هەبێت، ئەمە ڕێکەوتنە لەسەر بێدەنگکردن، واتە ڕێکەوتنە لەسەر بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، ئەگەر هەر لیستێک ڕازی بێت، جا لیستی کوردستانی، بۆیە دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵە، چونکە بیانوومان نییە، ئەگەر بێتو گۆڕانو یەکگرتوو بەمە ڕازی بن مانای وایە ڕازیبوون بەوەی لەسەر ئەوەی شتێک بخۆنو بێدەنگ بن، کەواتە درێژەدانە بەو ماوەیەو ئەگەر دووبارە بە هەر هەمووشیان بچن هەموویان تەمەنیان کورت دەبێت.

دەبێت وەک چۆن یەکێتیو پارتی لە ماوەی (١٨)ساڵدا لە سەدی نەوەدەوە بوون بە سەدی پەنجاو پێنج ئەمجارە بە ڕاستی ئەگەر گـۆڕانو ئەوانەش بچن هیچ بیانووی تەوافوقمان نییە، تـەوافـوق یەعنی بێدەنگت دەکـەم، چونکە پێویستی بەو دەنگە نییە، واتە ئەگەر دکتۆر بەرهەم سبەینێ کە حکومەتەکەی تەشکیلکرد بەبێ منەت کورسی خۆی هەیە، بۆیە دێت لەگەڵ تۆ تەوافوق دەکات بۆ ئەوەی ڕەخنەی لێ نەگریت.

بە ڕاستی ئەوە وەکو ڕەخنەیەکی ئەکادیمی بێلایەن دەیڵێم، وەک چۆن دەمانوت یەکێتیو پارتی لە قازانجیانە جیاببنەوە ببن بە ئۆپۆزسیۆنو دەسـەڵاتـی یەکترن هەتا هەتایە تەمەنیان درێژ دەبوو تا سەد ساڵی ترو دووحیزبیش دەبوونن ئێستا بە ڕاستی تەوافوق نە بۆ خۆیان باشەو نە بۆ ئۆپۆزسیۆنش باشە، ئەگەر پێیانوابێت بەمە دەمکوتی ئۆپۆزسیۆن دەکەن کە هەر بۆ دەمکوتکردنیشە بۆ هیچی تر نییە، بەڵام لە ئەنجامدا ئەی گەل چۆن دەمکوتدەکەن وەکو چۆن گەل ئەمجارە ناڕازی بوو ئۆپۆزسیۆنیەکی بەرهەمهێنا کە خۆی دەدات لە (٣٥ ـ ٤٠) کورسیو ئەمجارە ناڕازی دەبێت لە هەموویان.

چونکە ئەوەی کە چاوەڕێی کردووە تینوێتییەکەی تێرکات تینوێتییەکەی تێر ناکات، هەروەها دەرئەنجامی تەوافوقیش گەندەڵییە، چونکە محاسەبە نامێنێتو حکومەتی تەوافوقی هەمیشە گەندەڵی لێدەکەوێتەوەو چاودێریکردنو ڕەخنەگرتن نامێنێت.

**ڕۆژنامە: کەواتە ئەوەی کە ئێستا لیستی کوردستانی ئیشی لەسەر دەکات دروستکردنی حکومەتی تەوافوقییەو دەیانەوێت زۆرینەی لایەنە سیاسییەکان بەشداربن، لەکاتێکدا هەندێک لەو لایەنانە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر پرۆسەی سیاسیی کوردستان نییە؟**

* نەک هەر کاریگەرییان نییە، بەڵکو خیانەتیشە، با ئێمە هەر گلەیی لە دەسەڵات نەکەین، ئەو ئۆپۆزسیۆنانەی کە بە نـاوی حیزبی تـرەوە چوونە پرۆسەی سیاسییەوە بە وەزیرێکو بە چەند ملیۆن دینارێک لە بودجە بێدەنگکراون کە بودجەکەی خۆشیان بۆ کرا بە پیاوەتیو مینحە، بە ڕاستی یەکەم خیانەتیان لە خۆیان کردو هەم لە دەنگدەرانیان، لە ئەنجامیشدا زۆربـەی جەماوەریان نەما، ئەگەر وایان نەکردایە هەم قازانجیان دەبوو بـۆ پـرۆسـەی دیموکراتی، ئەگەر هیچیش نەبونایە ئێستا حیزبی تر دروست نەدەبوو، خۆیان دەبوون بە ئۆپۆزسیۆن. دووەم ئەو بودجەیەی کە ئێستا وەریـدەگـرن بە مولحەی دەسـەڵاتو پیاوەتیی دەسـەڵات، دە ئەوەندەشیان وەردەگرت بە ڕێگەی یاسایی، بەداخەوە ئـەوان هاتن بۆ سێوێک، دارسێوێکیان بڕییەوەو پەلەیان کرد.

**ڕۆژنامە: وەک ڕونتکردەوە کەوابێت ئەو لایەنانەش تاوانبارن کە پێشتر بەڵێنی ئۆپۆزسیۆنبوونیان بەجەماوەر دابوو، بەڵام ئێستا بەشداری حوکم دەکەن؟**

* بە ڕای من ئـەوەی کە بەڵێنی ئۆپۆزسیۆنبوونی بە خەڵک داوەو لێی پەشیمان بوونەتەوە تاوانیان لە هی دەسەڵات گەورەترە، چونکە دەبێت بە خیانەت.

لیستی براوە کە زۆرینەی هێناوە بۆ تەشکیلکردنی حکومەت پێویستی بەو لایەنانە نییە، منی پێویست نییە کە من دەبات مانای وایە دەیەوێت بەرتیلم بداتێو بێدەنگم بکات کە بێدەنگی کردم مانای وایـە دەیەوێت ئەو شتانەی چەند ساڵە لە دژی تۆ دەکرێت من لێی بێدەنگ بم، بە ڕاستی ئەمە بەرتیلدانە کە بە زمانێکی یاسایی بچووک باسی بکەین، بەرتیل دانی ئۆپۆزسیۆنیەو لـە قـازانـجـی دەسـەڵاتـیـشـدا نییە، لەوانەیە لە قازانجی ئێستای چەند حوکمڕانێکدا بێتو بەس، لە قازانجی دوورو درێژی دوو حیزبەکەشدا نییە، بەڵام بەداخەوە هەندێکجار تەنانەت بەرژەوەندیی کەسێک پێش میللەتیش دەکەوێت، ئێمە زۆر قسەمان کرد، بە توندڕەو و گێرەشێوێن ناویان بردین، بەڵام دوای ئەوە دەرکەوت ئەوانەی کە دەیانویست ئەو وەزعە بەردەوام بێت خۆیان زەرەریان لە حیزبەکەی خۆشیاندا.

## ئایا ئەگەر پەرلەمان متمانەی لە ئازاد بەرواریش سەندەوە، حکومەت دەڕوخێت؟

## تورکمان و عەرەبی کەرکوک داوای سیستمی کۆتا دەکەن

# ئایا کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجـــــــومە

پشتیوان سەعدوڵڵا

هەرچەند بڕیارە سەرەتای ساڵی ئاینده هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامبدرێت، بەڵام تائێستا یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران پەسەند نەکراوەو هاوکات پێکهاتەکانی کەرکوک لە بەرامبەر چۆنێتی بەشداریکردنی شارەکە هەڵوێستی جیایان هەیەو هەڕەشەی هەڵوێستوەرگرتن دەکەن.

**«کەرکوک جێی گفتوگۆکردن نییە، دەبێت ئەو شارە وەک گشت شارەکانی دیکەی عێراق هەڵبژاردنی تیا بکرێت، بەڵام ئەگەر کەرکوک بەشداریی لە هەڵبژاردن نەکات، ئەوا شارەکانی دیکەی کوردستانیش بەشداریی ناکەن»**

دوای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق نەیتوانی یاسایەکی نـوێ بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی عێراق دەربکات، وابڕیارە ئەو هەڵبژاردنە لە (٢٠١٠/١/١٦) بە یاسا کۆنەکەی ساڵی (٢٠٠٥) ئەنجامبدرێت، لە ئێستاشدا ئەنجومەنی نـوێـنـەران سەرقاڵی هەمواركردنی یاساكەیە. هاوكات مەسەلەی چۆنێتی بەشداریكردنی پارێزگای كەركوك لەو هەڵبژاردنەدا، یەكێكە لە كێشە سەرەكییەكانو بووەتە جێی مشتومڕێكی قورسی نێوان لایەنە عێراقییەكان.


كورد داوا دەكات، پارێزگای كەركوك وەكـو پارێزگاكانی دیكەی عێراق بەشداریی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بكاتو لە كاتی جیاكردنەوەی كەركوكو بێبەشبوونی ئەو شارە، ئەوا هەڵوێستوەردەگرنو باس لەوەش دەكەن، دەنگ بۆ یاسای هەڵبژاردن نادەن.

خالید شوانی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانی ئاماژە بەوە دەكات، لیستی هاوپەیمانی جیاكردنەوەی پارێزگای كەركوك لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا قبووڵناكاتو وتـی: «هـەنـدێـك لە عـەرەبو توركمانەكان دەیانەوێت كـۆسـپ لـــەبـــەردەم پـڕۆســەی هەڵبژاردندا دروستبكەنو ئێمە ئەو داواكارییانەی هەندێك لە عەرەبو توركمانەكان ڕەتدەكەینەوە، كە باس لە جیاكردنەوەی كەركوك دەكەن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانداو سوورین لەسەر بەشداریكردنی كەركوك وەكو پارێزگاكانی دیكەی عێراق.

وتیشی: «بارودۆخی ئێستای ناو پەرلەمان جیاوازە لە ساڵی ڕابردوو، بۆیە ئـەو لایەنانە پێشنیازەكانیان سەرناگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر فشار بخرێتە سـەر لیستی هاوپەیمانی، ئەوكاتە لیستی هاوپەیمانی هەڵوێستی یەكلاییكەرەوەی دەبێتو لەكاتی خۆیدا ڕایدەگەیەنێت».

هـەروەهـا د.سـەعـدی بەرزنجی،


محەمەد خەلیل


سەعدی بەرزنجی

## شكات لە دواخستنی سەرژمێریی دەكرێت

# هەولێرو بەغدا لیژنەی هاوبەش بۆ سەرژمێریی ناوچەجێناكۆكەكان پێكدەهێنن

هەستیار قادر

هـەردوو حكومەتی هەرێمو ناوەند لیژنەی هاوبەش بۆ سەرپەرشتیكردنی سـەرژمـێـریـی ناوچەجێناكۆكەكان پێكدەهێنن، بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دواخستنی سەرژمێریش بۆ ساڵی داهاتوو، هاوپەیمانی كوردستان پەنا دەباتە بەر دادگای فیدراڵی.

### سروشتی لیژنەكە:

بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٣)ی مانگی ئەیلولی (٢٠٠٩)ی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لیژنەیەكی هاوبەش لە نێوان هەردوو حكومەتی ناوەندو هەرێم لە وەزارەتـە پەیوەندیدارەكان پێكدەهێنرێت، بە مەبەستی سەرپەرشتیكردنی پڕۆسەی سەرژمێریی دانیشتووان لە ناوچەجێناكۆكەكانی كـەركـوكو مـوسـڵو دیـالـەو تكریتو پڕۆسەی سەرژمێرییەكەش بۆ ساڵی داهاتوو دوادەخرێتو سەرجەم ڕێوشوێنە پێویستەكانیش بۆ ئەنجامدانی قۆناغی بەر لە سەرژمێریی دەگیرێتە بەر، كە بریتین لە گەمارۆدان (حصر)و ژمارەكردن (ترقیم).

ئەو لیژنە هاوبەشەی نێوان هەولێرو بەغدا بەسەرۆكایەتی ڕافع عیساوی جێگری سـەرۆك وەزیـرانـی عێراقو نوێنەرانی هەردوو وەزارەتی پلاندانانی ناوەندو هەرێمو وەزارەتەكانی ناوخۆو نوێنەرانی پارێزگاكانی كەركوكو موسڵو دیالەو سەلاحەدینو وەزارەتەكانی ناوخۆو كشتوكاڵو شـارەوانـیـیو نوێنەرانی پارێزگاكانی سلێمانیو هەولێرو دهۆك دەبن.

سـەبـارەت بە ئامانجی پێكهێنانی ئـەو لیژنەیەو سروشتی كاركردنی عوسمان شوانی، وەزیـری پلاندانانی هـەرێـم بۆ ڕۆژنـامـەی ڕوونـكـردەوە، پێكهێنانی ئـەو لیژنە هـاوبـەشـە بۆ سەرپەرشتیكردنی پڕۆسەی سەرژمێرییە لە ناوچەجێناكۆكەكان، تا دوور بێت لە دەستێوەردانی سیاسییو جەختی لەسەر ئەوەشكردەوە، كە سەرژمێریی دانیشتووانی عـێـراق ئیستیحقاقێكی نیشتمانییەو دەبـێـت ئەنجامبدرێتو پەیوەندیی نییە بە سیاسەتەوە، بەڵكو پەیوەندیی بە كۆكردنەوەی زانیاریی هـەیـە لـەسـەر هـاوڵاتـیـیـان لـە ڕووی ئابووریو كۆمەڵایەتی، تەندروستیو خزمەتگوزارییەوە.

### شكات لە دواخستنی دەكرێت:

یـاسـای سـەرژمـێـریـی گشتیی دانیشتووانی عێراق، كە ناوەڕاستی ئەمساڵ لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پەسەندكرا، ئاماژە بەوە دەكات، كە دەبێت ئەو سەرژمێرییە بەر لە (٢٠٠٩/١٢/٣١) ئەنجامبدرێت بەپێی بڕیارەكەی حكومەتی عێراقی ئەو سەرژمێرییە دواخـراوە بۆ كاتێكی نادیاری ساڵی داهاتوو، هەرچەندە بەپێی وتەی سەرچاوەیەكی ئاگادار لە بەغدا بەم دواییە حكومەتی عێراقی بڕیاریداوە، سەرژمێرییەكە لە (٢٠١٠/١٠/١٠)دا ئەنجامبدرێت، بەڵام لیستی هاوپەیمانی كوردستان داوایەكی یاسایی ئاراستەی دادگـای فیدراڵی كـردووە بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دواخستنی سەرژمێریی.

لـەوبـارەیـەوە سـیـروان زەهـاوی بـڕیـاردەری لیستی هـاوپـەیـمـانـی كوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەران وێـڕای پشتڕاستكردنەوەی ئەو هەواڵە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لـەو شكاتەدا داوا دەكـەیـن بـڕیـاری دواخستنی سەرژمێریی لەلایەن حكومەتی عێراقییەوە هەڵبووەشێنرێتەوە بەوپێیەی پێشتر بەپێی یاسایەك پەرلەمان وادەكەی دیاریكردووە، كە لە (٢٠٠٩/١٢/٣١) تێپەڕنەبێتو یاساش لە بڕیاری حكومەت بە هێزترەو دەبێت جێبەجێی بكات».

### كێشەكە لە سەلاحەدینو موسڵدایە

هۆكاری سەرەكیی بەرزكردنەوەی ئەو داوا یاساییە لەلایەن لیستی هاوپەیمانییەوە بۆ بـەردەم دادگـای فیداڵی سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دواخستنی سەرژمێریی دانیشتووان لەو زیادبوونەدا خۆی دەبینێتەوە، كە لە هەردوو پارێزگای سەلاحەدینو موسڵ بەدیدەكرێت كە لە سەلاحەدین لەچاو چوار ساڵ پێش ئێستادا ڕێـژەی دانیشتووانی (١٠٠٪) زیادیكردووەو لە (٥٠٠) هەزارەوە بووەتە یەك ملیۆنو لە موسڵیش بە ڕێژەی نزیكەی (٨٠٪) زیادیكردووە، لە یەك ملیۆنو (٩٠٠) هـەزارەوە بوونەتە سێ ملیۆنو (٣٠٠) هەزار، كە بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاكانی دیكەی عێراقدا زۆرتـرە لە هەریەك لە بەسرە، كە بە ڕێـژەی (٦٠٪)و بەغداش (٢٠٪) زیادیكردووە.

سـیـروان زەهـاوی زیادبوونی ئەو ڕێژەیە بە «نائاسایی» دەزانێتو پێیوایە؛ «ساختەكاریی لە تۆماری دەنگدەرانی هەردوو پارێزگای موسڵو سەلاحەدیندا كراوەو بەمدواییە دركیان پێكردووە، وتیشی: «بە بڕوای من شۆڤێنییەكان لەپشت دواخستنی سەرژمێرییەوەن تا بتوانن ئەو ساختەكارییانە ڕووپۆش بكەنو لەو چوارچێوەیەشدا پەنایان بۆ لایەنی دەرەكی بردووە، تا گوشار بخەنە سەر حكومەتی مالیكی بۆ دواخستنی سـەرژمـێـریـیو لـەو هەوڵەشیاندا سەركەوتوو بوونو ئەگەر لەمساڵدا سەرژمێریی بكرێت، ئەو ساختەكارییانە دەردەكەون».

### چارە چییە؟!

بەپێی ئامارەكانی وەزارەتی بازرگانی عێراقو بە پشتبەستن بە كۆبوونی خۆراكی هاوڵاتییان ڕێژەی دانیشتووانی عێراق لە چوار ساڵی ڕابردوودا لە (٢٧) ملیۆنو (٥٠٠) هەزارەوە بۆ زیاد لە (٣١) ملیۆن زیادیكردووە لەبەر ڕۆشنایی ئەو زیادبوونەش پێشنیازی زیادكردنی كورسییەكانی ئەنجومەنی داهاتووی نوێنەرانی عێراق كـراوە لە (٢٧٥) كورسییەوە بۆ (٣١١) كورسی.

بـە بـڕوای بـڕیـاردەری لیستی هاوپەیمانی، ئەگەر سەرژمێریی لەمساڵدا ئەنجام نەدرێت، دوو چارەسەر هەیە بۆ ئەو كێشەیە، یان ئەوەتا كورسییەكانی ئەنجومەنی نـوێـنـەران وەك خۆی بمێنێتەوە، كە (٢٧٥) كورسییە تا ئەو كاتەی سەرژمێریی دانیشتووان دەكرێت، یان ئەو ڕێژەی دانیشتووانەی، كە لە سەرانسەری عێراقدا زیادیكردووە بەشێوەیەكی یەكسانییو بەپێی قەبارەیان بەسەر پارێزگاكانی عێراقدا دابـەش بكەن، وتیشی: ئەگەر بەپێی ڕێژەی زیادبوونی «نائاسایی» ئێستای دانیشتووانی عـێـراق كورسییەكان بەسەر پارێزگاكاندا دابەش بكرێت، بە تەنیا پارێزگای موسڵو بەپشت بەستن لەو زیادبوونە نائاساییەی دانیشتووانی، (١٦) كورسی بەردەكەوێت.




### توركمانەكانیش دەیانەوێت دوابكەوێت:

بـەپـێـچـەوانـەی ڕای لیستی هاوپەیمانییەوە لایەنەكانی دیكەی كـەركـوك بەتایبەت توركمانەكان سوورن لەسەر دواخستنی سەرژمێریی دانیشتووان، بەتایبەت لە كەركوكدا، بەوپێیەی بە وتەی لایەنە توركمانەكان نابێت ئەو سەرژمێرییە ئەنجام بدریَت تا ئـەو كاتەی تۆماری دەنگدەرانی كەركوك ڕاست نەكرێتەوەو دەبێت دۆخەكە بخرێتەوە بـەر لـە ساڵی (٢٠٠٣).

لە نامەیەكیدا، كە ئاراستەی نوری مالیكی سـەرۆك وەزیـرانـی عێراقی كـردووەو كۆپییەكی دەست ڕۆژنامە كەوتووە، حیزبی توركمان ئیللی ڕەخنە لە دەستپێكردنی قۆناغی سەرەتایی پڕۆسەی گـەمـارۆدانو ژمارەكردن دەكـات لە كەركوكدا وەك قۆناغی سەرەتای ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان نووسیویانە؛ «سەرەڕای نارەزایی لایەنە توركمانیو عەرەبەكانی كەركوك بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی دانیشتووان لە كەركوكدا، لایـەنـە حكومییەكانو لـە سـەروو هەمووشیانە وەزارەتـی پلاندانان بەردەوامن لە كارەكانیان بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی لە كەركوكداو ئەوكارە خزمەت بە ئەجێندای حیزبیی دەكات».

لە بەشێكی دیكەی ئەو بەیاننامەیەدا، كـە لـە بـەرواری (٢٠٠٩/١٠/٥)دا ئـاراسـتـەی ئەنجومەنی وەزیـرانـی عێراقیان كردووە، داوا لە نوری مالیكی دەكەن كە تەدەخول بكات بۆ ڕاگرتن یان دواخستنی سەرجەم ڕێوشوێنەكانی تایبەت بە سەرژمێریی دانیشتووانەوە.

# ەنی نوێنەراندا جیادەکرێتەوە؟


عەلی مەهدی


خالید شوانی

جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وتی: «کەرکوک جێی گفتوگۆکردن نییە، دەبێت ئەو شارە وەک گشت شارەکانی دیکەی عێراق هەڵبژاردنی تیا بکرێت، بەڵام ئەگەر کەرکوک بەشداریی لە هەڵبژاردن نەکات، ئەوا شارەکانی دیکەی کوردستانیش بەشداریی ناکەن».

لەئێستاشدا بەشێک لە تورکمانەکان هەوڵەکانیان خستووەتەگەڕ بۆ جیاکردنەوەی کەرکوکو بێبەشکردنی ئەو پارێزگایە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەران‌و هەڕەشەی قبووڵنەکردنی ئەنجامی پرۆسەکە دەکەن.

عەلی مەهدی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە لیستی بەرەی تورکمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە وەک تورکمان داوا دەکەین بە تۆماری دەنگدەرانی دوای ساڵی (٢٠٠٣)دا بچنەوە بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بێت، کێن ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە، ئەگەر ئەوە نەبێت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژاردنێکی شەفاف نابێت‌و ئێمەش ئەنجامەکانی هەڵبژاردن قبووڵ ناکەین».

وتیشی: «ئێمە دەمانەوێت کورسییەکانی کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە رێژەی (٣٢٪) بێت، بۆ ئەو مەبەستەش پرۆژەمان پێشکەشکردووەو سوورین لەسەر داواکارییەکانمان».

بە هەمانشێوەی تورکمانەکان عەرەبەکانیش داوادەکەن جیاواز لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق کەرکوک بەسەر بازنەی هەڵبژاردندا دابەشبکرێت‌و کورسییەکانی کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەران بە رێژەی (٣٢٪) بێت.

هەروەک محەمەد خەلیل، وتەبێژی لیستی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، دژایەتی لیستەکەیانی بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن، لە کەرکوک دەربڕی‌و داوایکرد، بە شێوازێکی جیا لە هەموو پارێزگاکانی دیکەی عێراق پرۆسەی هەڵبژاردن لە کەرکوک بەڕێوەبچێت.

یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تائێستا خوێندنەوەی یەکەم‌و دووەمی بۆ کراوەو بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گفتوگۆکردن لەسەر یاساکە کۆببێتەوە، پێشووتریش ئەنجومەنی نوێنەران (٢٠٠٩/١٠/١٥)ی وەکو دواکات دانابوو بۆ پەسەندکردنی یاساکە.

# دەسەڵاتدارانی کوردو دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق



مەریوان پەروێز*

دوای ئەوەی بڕیاری دادگای کەیسی ئەنفال لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە دراو لە ئەنجامی ئەو بڕیارەدا، (سوڵتان هاشم) تاوانبارکراو سزادرا بە لەسێدارەدان، بەڵام بەعسی‌و شۆڤێنییەکان‌و دوژمنانی گەلی کورد نارەزایی خۆیان دەربڕی‌و داوایانکرد ئەو بڕیارە هەڵبووەشێتەوە، بەڵام ئەوەی سەیرو جێگەی سەرسوڕمان بوو ئەوەبوو کە سەرکردەیەکی کورد لەگەڵ ئەوان نارەزایی خۆی دەربڕی بە بڕیاری دادگاو رایگەیاند، نابێت (سوڵتان هاشم) لەسێدارە بدرێت، چونکە پەیوەندی پێوەکردووە، لێرەوە چەند پرسیارێک دێنە پێشەوە، ئەوانیش ئەوانەن، (ئایا پەیوەندیکردنی سوڵتان هاشم، تاوانی ئەنفالکردنی هەزاران کوردو بۆردومانکردنیان بە چەکی کیمیاوی دەسڕێتەوە؟ ئایا پەیوەندیکردنی سوڵتان هاشم بەو کەسەوە، ئێش‌و ئازاری هەزاران لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ناهێڵێت؟ ئایا چ بەرژەوەندییەکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی باڵا جێبەجێکراوە، بەم پەیوەندییە؟) بە رای زۆر کەس بە نووسەریشەوە، ئەو هەڵوێستەی ئەو بەرپرسە کوردە، موجامەلەیەکی نابەجێ‌و ناتەندروستەو سوکایەتییە بە خوێنی شەهیدانی ئەنفال‌و سوکایەتیشە بە هەموو گەلی کوردستان‌و ئەگەر ئەم جۆرە هەڵوێستانە زۆر ببن، هەرگیز گەلی کوردستان مافە رەواکانی وەرناگرێت‌و ئەگەر ئەم هەڵوێستەش بەراورد بکەین لەگەڵ هەڵوێستی سەرکردەکانی ئیسرائیل بەرامبەر بە هەر کەسێک کە تاوانی کردبێت بەرامبەر بە گەلی ئیسرائیل، یان جولەکەکان‌و بەتایبەتی تاوانبارانی هۆلۆکوستی جولەکەکان لە ئەوروپا، دەبینین جیاوازی ئەو دوو هەڵوێستە وەکو جیاوازی زەوی‌و ئاسمانە، چونکە ئەوان رێزو بەرژەوەندیی گەلەکەیان خستووەتە پێش هەموو شتێک‌و جێی ئاماژەشە کە ئیسرائیل هەستێکی زۆر بەهێزی دروستکردووە لەنێو گەلی ئەڵمانیادا، بەوەی کە ئەوان بەرپرسن لەو تاوانەی دژی جولەکەکان ئەنجامدراو تائێستاش ئیسرائیل قەرەبوو لەو وڵاتە وەردەگرێتەوە. لەهەمانکاتی دەرچوونی سزادا بەرامبەر بە (سوڵتان هاشم)و هاوڕێکانی، دادگا بڕیاری دەستگیرکردنی نزیکەی (٣٠٠) کەسی دیکەی دەرکردو ئەوانیش هەندێکیان موستەشاری فەوج بوون‌و هەندێکیان پیاوی ئەمن‌و موخابەرات بوون‌و هەندێکیان ئەفسەری عێراق بوون، بەڵام ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکرا، ئەویش لەبەر هۆکاری (سیاسی)و هۆکاری ناو دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە رۆژێک دێت بۆمان دەردەکەوێت‌و ئاشکرا دەبێت، کەچی دادگاکە کەیسێکی دروست کرد بە ناوی کەیسی کوشتنی بەڕێز (شیخ طالب السهیل) کە تەنها یەک کەس بوو، هەرگیز نەدەبوایە دادگا خۆی خەریک بکات بەم کەیسەوە، چونکە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تەنها پەیوەندیدارە بە تاوانی نێودەوڵەتییەوە، بەڵام لەبەر موجامەلەکردنی تاکە پەرلەمانتارێک کە کچی ئەو پیاوە بەڕێزەیە، ئەو کەیسەی کردەوە، کەچی دەیان بەرپرسی کورد لە بەغدا دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە، بەڵام نەیانتوانی بەدواداچوونێک بکەن بۆ کەیسەکانی کورد لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، لەبەر ئەوەی کە زۆریان خەریکی دەستکەوت‌و بەرژەوەندیی خۆیان‌و بە پێچەوانەوە هەندێکیان موجامەلەی تاوانباران دەکەن لەسەر حیسابی گەلی کوردستان.

شایانی باسە یەکێک لە هۆکارەکانی جێبەجێ نەکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی (سوڵتان هاشم)و هاوڕێکانی ئەوەیە کە دەسەڵاتدارێکی کورد کە لە پێشدا ئاماژەمان پێکرد، دەیەوێت خۆی بە خاوەن دڵێکی پڕ لە لێبوردن پیشانبدات لە دەرەوەی کوردستان، کەچی هەمان بەرپرس ئەو دڵەی نەرم نەبوو، بەرامبەر بەو نانبڕاوانە کە زۆریان لە رۆژانی سەختدا خەباتیان بۆ گەل‌و نیشتمانی خۆیان کردووەو بە رێنمایی خودی خۆی نانبڕاوکران‌و هەموو تاوانەکەشیان ئەوەبووە کە مافی رەواو ئاسایی‌و یاسایی خۆیان بەکارهێناوەو دەنگیانداوە بەو کەسانەی کە متمانەیان پێیان هەیە.

*** مافناس‌و لێکۆڵەوەری دادی پێشوو لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق.**

## بارزان سەید کاکە قایمقامی مەخموور:

# یەکێتی‌و پارتی لەناو موسڵ ململانێیان نەکردووە

سازدانی: ئارام شێخ وەسانی

**قایمقامی مەخمور ئاماژە بە بوونی ململانێی نێوان یەکێتی‌و پارتی دەکات لە ناوچەکانی موسڵی نزیک هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوە رەت دەکاتەوە لەناو موسڵدا ململانێیان هەبێت.**

**رۆژنامە: ئایا کێشەی کێبڕکێی حیزبایەتیی نێوان پارتی‌و یەکێتی هۆکارێک نەبووە لەوەی کە بەرپرسەکان ئەدائیان وەک پێویست نەبووەو نەیانتوانیوە لەچوارساڵی رابردوو خزمەتی ناوچەکە بکەن و ئەو ئەنجامە خراپەی لە هەڵبژاردندا لێکەوتەوە؟**

* من واینابینم، لە موسڵ ئەو دوو حیزبە زۆر هەماهەنگو دۆست بوون، رەنگە لە هەندێک قەزاو ناحییەکانی سەر بە پارێزگای موسڵ، کە نزیک بوون لە هەرێمی کوردستان ئەو کێبڕکێیە هەبووبێت، بەڵام لەناو موسڵ نەبووە.

**رۆژنامە: ئەگەر سەیری هەموو عێراق بکەین دەبینین سیستمی سیاسیی سیستمی تەوافوقییە، بەڵام پاش دەرچوونی لیستی حەدبا لە هەڵبژاردنەکانی پێکهێنانی ئەنجومەن، بەبێ کورد ئەو بابەتە بووەتە شتێکی سەرنجڕاکێش، ئەمە بۆ؟**

* لیستی حەدبا بە راشکاوانە باسیانکردووە سەردانی چەند دەوڵەتێکیان کردووەو پارەیان وەرگرتووە، بۆیە وەک ئەرکێک دژایەتی کوردیان کردووەتە ئەرکی خۆیان، هەروەها لە ئەجێندای لیستی حەدبادا هیچ خزمەتکردنێکی تێدانییە بۆ شاری موسڵ، ئەوان خۆیان بڕیاری پێشوەختەیان دابوو کە کورد بەشداریی پێنەکەن لە حکومەت، ئەگەر ئەو جۆرە ئیشکردنەی لیستی حەدبا بگوازرێتەوە بۆ هەموو عێراق، کورد داوای سەربەخۆیی‌و جیابوونەوە دەکات.

**رۆژنامە: ئەی هۆکار چی بوو، ئایا کورد دەنگی پێویستی هێنا؟**

* کورد دەنگی راستەقینەی خۆی هێنا، کورد یەک لەسەر سێی پارێزگای موسڵە، ئەو رێژەیەشی هێنا، بەڵام بەشداریکردنی عەرەبی سوننە ئەو هاوکێشەیەی گۆڕی، هەروەها ئەوەش چاوەڕێ نەدەکرا کە لیستی حەدبا ئەو هەموو دەنگە بهێنێت.

**رۆژنامە: بەهۆی بەردەوامبوونی کێشەی لیستی حەدباو لیستی برایەتی، تائێستا بە پلەی یەکەم ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای موسڵ بوونەتە قوربانیی، بۆ سیاسییانی کورد چارەیەکیان بۆ ئەم کێشەیە نەدۆزیوەتەوە؟**

* نەک تەنیا کێشەی لیستی حەدبا کە ماوەی شەش مانگە بەردەوامە، ئێمە بەشێوەیەکی گشتیی لە سەرتاسەری عێراق نزیکەی حەوت ساڵە کێشەمان لەسەر جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) هەیەو چارەسەر نەدۆزراوەتەوە، هەروەها چەندان گرفتی دیکە وەک کێشەی نەوت‌و غاز، کە ئەوە هەمووی پەیوەندیی بە کاتەوە هەیەو بە زیانی عێراق بە گشتیی‌و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی تەواو دەبێت، سەبارەت بە لیستی برایەتی، ئەوە روونە کە کورد بە هەموو شێوەیەک بڕوای بە کارکردنی هاوبەش هەیە، هەروەها پێیمانوایە دەبێت یەکتر قبووڵ بکەین، لەو ماوەیەدا کورد بواری داوەتە هەموو لایەنە عێراقییەکان‌و بیانییەکان کە بێن چارەیەک لە کێشەکەدا بدۆزنەوە، هەر ئەو هۆیەش بووە کە بڕیاری یەکلاییکەرەوە دواکەوتووە لەلایەن کوردەوە، هەروەها لەماوەیەکی ئێجگار نزیکدا کورد ئەو پرسە کۆتایی پێدێنێت‌و ئیدارەی نوێ رادەگەیەنێت، ئەم کێشەیەو نموونەی ئەو کێشانە مەترسیی راستەوخۆن بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق.

**رۆژنامە: هەست ناکەیت دروستکردنی ئیدارەیەکی جیاواز بەجۆرێک لە جۆرەکان گەڕانەوەی بەشێک لەو ناوچە دابڕاوانەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان؟**

* خۆی ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

**رۆژنامە: تاچەند ئەوە لە دەستوور رێگە پێدراوە؟**

* ئەوان دەستووریان شکاندووەو جێبەجێیان نەکردووە، لە دەستووردا هاتووە نابێت حوکم تاکلایەنە بێت.

**رۆژنامە: هەست ناکەیت ئەو ئیدارەیە ئەگەر پشتگیریی تەواوی ناوەندی نەبێت، ناتوانرێت سەرکەوتووبێت؟**

* بێگومان ئەوان دەتوانن تەگەرە بخەنە بەردەم کارەکان، بەڵام لە چەند مانگی داهاتوودا هاوکێشە سیاسییەکان لە عێراق گۆڕانیان بەسەردا دێت.

**رۆژنامە: باس لەوە دەکرێت بودجەی هەر (١٦) ناوچە کوردنشینەکانی کورد لە پارێزگای موسڵ بە قەزاو ناحیەو گوندەکانەوە نەگەیشتووە؟**


* من وەک قایمقامی قەزای مەخموور کە ئاگادارم، بودجەی هەموو عێراق دواکەوتووە نەک تەنیا موسڵ‌و ئەو ناوچانە، بۆ پارێزگای موسڵ لە سەرەتای مانگی (٩)وە ئەو بودجەیە گەیشتووە، ئەوەی کە هەبووە هەندێک پرۆژە مابوو لە بودجەی (٢٠٠٨) ئەوە لە ناوچەکانی ئێمەش جێبەجێدەکرێت، بودجەی (٢٠٠٩) تائێستا کێشەی نییە، ئەگەر هاتوو دوای راگەیاندنی ئیدارەی نوێ کێشەی بودجە دروستبوو، ئیشی ئەو ئیدارەیەیە کە لە بەغدا بەدواداچوون بکات‌و راستەوخۆ بودجەی ئەو ناوچانە وەربگرێت، سەبارەت بە ئاستی خزمەتگوزاریی ئەو ناوچانە، تا ساڵی (٢٠٠٦) حکومەتی هەرێم درێغی نەکردووەو یارمەتی ئێمەی داوە، بەڵام بەهۆی وێرانیی ئەو ناوچانە پرۆژەکان لە ئاستێکی نزمدان.



# سەرکەوتنی لیستی کراوە، نزیکبووەتەوە

## چەند پرسیارێک بۆ نوێنەرانمان لە بەغدا

# ئەگەر بەشداریی هەڵبژاردن نەکەین



هیوا جەمال

**ئەگەر چەندین بەرپرسی دیکە هەن لە وەزیرەکان‌و سوپای عێراق‌و ئەنجومەنی نوێنەران‌و ....هتد. لەوێ نەبوونایە چی روویدەدا؟ کورد وەک نەتەوە قازانجی دەکرد یان زیان، ناوچە دابڕاوەکان دەگەڕانەوە یان وەک ئێستای خۆیان دەمانەوە؟**

پێش ئـــەوەی راســتــەوخـــۆو بێ بیرکردنەوە بــڕیــاری ئــەوە بدەین بەشداریی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە کانوونی دووەمی (٢٠١٠) بکەین، دەکرێت لەوە بپرسین، لە ماوەی رابردوودا بەرپرسانی کورد لە بەغدا چییان کردووە؟

هەرچەندە هەڵسەنگاندنی ئەو ماوە زۆرە، واتە نزیکەی (٧) ساڵ، گرووپی تایبەت‌و سەنتەری ستراتیژیی تایبەتی دەوێـت، (کە بەداخەوە کورد تائێستا نییەتی‌و زۆریش پێویستی پێیەتی)، بەڵام ناکرێت هەروا بێ هەڵسەنگاندنی تاکەکەسیانە لێی بێدەنگ بین.

دەتوانین پێش بڕیاری بەشداریکردن یان چوونە بەغدا لەلایەن نوێنەرەکانمان‌و بەرپرسەکانەوە، راپرسی لەنێو هەرێمی کوردستان بە ناوچە دابڕاوەکانیشەوە بکرێت، لەسەر ئــەوەی، کە دەکرێت بەشداریی لەو ململانێیەدا بکەین‌و کەسەکانمان بنێرینە بەغدا؟

دەکــرێــت جگە لـــەوەی راپرسی دەکەن، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری بەشداریی حیزبەکان لەو هەڵبژاردنە پەسەند بکات‌و سەرۆکایەتی هەرێم وەک هــەر بڕیارو یاسایەکی دیکە رەزامەندیی لەسەر بنوێنێت، چونکە لەراستیدا ئەوە پرۆژەیەکە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان‌و مەسەلەیەکی نیشتمانیی‌و نەتەوەییەو ناکرێت هەر حیزب‌و کەسایەتی‌و قەوارەیەک بە ویستی خۆی‌و بێ سێ‌و دوو بەشداریی بکات.

ئـەوەی جێگەی لەسەر وەستانی زیاترەو پێویستە بکرێتە تـــەوەری گفتوگۆ لە راگەیاندنەکان‌و حوکمی بەشداریکردن یان نەکردنی حیزبە کوردییەکانی پێبدرێت، (لەکاتێکدا سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی نییە) کاروباری نوێنەرەکانمان لە ئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی عـێـراق‌و بەرپرسانی پارتی‌و یەکێتییە کە بەناوی کوردەوە لە بەغدا بەرپرسیارێتیان وەرگرتووە.

ئەو ژمارە زۆرەی کورد (کە لەراستیدا دەتوانین بەشێکیان ناوبنێین دەستەبژێر)، کە لە هەرێمی کوردستانەوە بەرەو بەغدا بەڕێکەوتوون‌و تەمەنێکیان لەوێ خەرجکردووە، چییان بۆ هەرێمی کوردستان‌و بۆ کورد کردووە؟ ئەوان لە بەغدا لە ماوەی (٧) سالی رابردوودا چەند قازانجیان بە مەسەلە نەوەییەکەی کورد گەیاندووە؟ چەند لەرووی ستراتیژەوە سەبارەت بە داهاتووی کوردو کوردستانی عێراق کاریان کردووە؟

جێی خۆیەتی سەرجەم ئەوانەی لە بەغدان، چ بۆ خۆیان‌و چ بۆ خەڵکی کوردستان چەند پرسیارێک بخەینە روو:

ئەگەر جەلال تالەبانی سەرۆک کۆماری عێراق نەبوایەو کەسێکی دیکە بوایە، چی روویدەدا؟

ئەگەر وشیار زێباری وەزیری دەرەوە نەبوایەو کەسێکی شیعە یان سوننە بوایە، چی روویدەدا؟

ئێستا د.بەرهەم سالح جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق لە پۆستەکەیدا نەماوەو جێگەکەی بەتالە، ئەم کاتە لەگەڵ ئەوکاتەی لەوێ بووە جیاوازییەکەی لە چیدایە؟

ئەگەر عارف تەیفور، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، کورد نەبوایە، چی دەقەوما؟

ئەگەر چەندین بەرپرسی دیکە هەن لە وەزیرەکان‌و سوپای عێراق‌و ئەنجومەنی نوێنەران‌و ..... هتد. لەوێ نەبوونایە چی روویدەدا؟ کورد وەک نەتەوە قازانجی دەکرد یان زیان، ناوچە دابڕاوەکان دەگەڕانەوە یان وەک ئێستای خۆیان دەمانەوە؟

دەکرێت پێشنیازی ئەوە بکەین، کە کورد لەمەودوا بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی عێراق بکات باشترە لەوەی بەشدارییەکی ناچالاکی ناکاریگەر بکات، چونکە ناکرێت لە پەرلەمانێکدا بەشداریی بکەیت، کە وڵاتەکەی نیوەی خاکەکەتی داگیرکردبێت‌و دانی پێدا نەنێت، ناکرێت ئێمە وەک هاوڵاتییانی کوردستان بە دەنگەکانمان ژمارەیەک خەڵک رەوانــەی بەغدا بکەین‌و لەوێ سەرگەرمی خۆدەوڵەمەندکردن بن‌و بازرگانیی بە نوێنەرایەتییەکانەوە بکەن.

ناکرێت هێشتا ماڵە بچووکەکەی هەرێممان پەرش‌وبڵاوەو ناتەواوەو سنووری ئازادییەکان تەسکن‌و لە چەندین لاوە هەرێمەکەمان پێویستی بە پێشکەوتنە، بچین خۆمان بە چاککردنی ماڵی خەڵکەوە سەرگەرم بکەین.

# سیستانی لیستەکە دەکاتەوە



عەلی سیستانی

هەستیار قادر

**عەلی سیستانی، گەورە مەرجەعی شیعەکان، داوای پشتبەستن بە لیستی کراوە دەکات بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق‌و حیزبی دەعوەو ئەنجومەنی باڵاو حیزبی ئیسلامییش پشتگیریی لێدەکەن‌و هاوپەیمانی کوردستانیش بۆ ئەو ئەگەرە نەرم دەبێت.**

## مشتومڕی شێوازی لیستەکان

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق کە بـڕیـارە لە (٢٠١٠/١/١٦)دا لە سەرانسەری عێراقدا ئەنجامبدرێت، ئێستا ئەنجومەنی نوێنەران سەرگەرمی تاووتوێکردنی پرۆسەی هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)ە، ئەویش لە دوای ئـەوەی کە لیستەکان لەسەر ئەو یاسا نوێیە رێکنەکەوتن کە ئەنجومەنی وەزیران ئامادەی کردبوو، بۆ هەمواركردنی یاسا کۆنەکە جگە لە زیادکردنی ژمارەی کورسییەکان هەر لیستەو پێشنیازی هەمواركردنی مادەکانی ئەو یاسا کۆنە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی‌و لیژنەی یاسایی بەرزدەکەنەوە، تا دواتر بڕیاری لە بارەوە بدرێت‌و یەکێک لەو خاڵە هەستیارانەی کە پێشبینی دەکرێت مشتومڕی لەسەر بکرێت، شێوازی لیستی پشتپێبەستراوە، کە ئایا داخراو یان نیمچە داخراو یان کراوەی تەواو دەبێت، لەکاتێکدا کە لیستی هاوپەیمانی پشتگیریی لیستی داخراو دەکات، زۆربەی لایەنەکانی دیکە دەبنە هەواداری لیستی کراوەو جەختی لەسەر دەکەنەوە

## سیستانی قسەی خۆی کرد

لە سەروبەندی مشتومڕی نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە چارەنووس‌و شێوازی لیستەکانی هەڵبژاردنی داهاتوو، عەلی سیستانی، گەورە مەرجەعی شیعەی عێراقی، لە چەندین سەرچاوەوە هەڵوێستێکی بڵاوکرایەوە کە تیایدا داوای پشتبەستن بە لیستی کراوە دەکات لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەراندا، بەوپێیەی بە وتەی سیستانی «لیستی کراوە لە هەڵبژاردنەکاندا دەرفەتی زیاتر دەدات بە دەنگدەر بۆ دیاریکردنی ئەو کەسانەی بە نوێنەری خۆیانی دەزانن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتووی عێراق‌و هەموو لایەکیشی لەوە ئاگادارکردووەتەوە کە پیادەکردنی لیستی داخراو لەو هەڵبژاردنەدا رۆڵی دەنگدەر ناهێڵێت».

پشتگیری سیستانی بۆ لیستی کراوە بە گوێرەی هەندێک سەرچاوە تا ئەو ئاستە گەیشتووە کە هەڕەشەی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی داهاتووی کردووە، ئەگەر تیایدا لیستی کراوە پەیڕەونەکرێت‌و لەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیانە رۆژنامەی سەباح



خۆپیشاندانی هاوڵاتیانی بەغدا بۆ پشتگیری لیستی کراوە

کردەوە «هەڵوێستی سیستانی تازە نییە»و پێشتریش هەمان بۆچوونی بۆ پێویستیی لیستی کراوە هەبووەو وەک شێوازێکی گونجاو بۆ دەنگدانی هاوڵاتییانی عێراق‌و قوتاربوونیان لە پەراوێزخستن، تا هەست بکات دەنگی دەگاتە پەرلەمان.

حەمید رەشید موعلە ئاماژەی بەوەشکرد؛ لەو روانگەیەشەوە ئەنجومەنی باڵا جەخت لەسەر پیادەکردنی لیستی کراوە دەکاتەوە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەراندا، وتیشی: «وەک لیستی ئیئتیلاف لە پێشنیازەکانماندا بۆ هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥) داوای پیادەکردنی لیستی کراوەمان کردووە».

لەسەر زاری سەرچاوەیەکی نزیک لە سیستانییەوە ئەوەی رەتکردەوە کە ناوبراو هەڕەشەی لەو جۆرەی کردبێت‌و سەرچاوەکە دەڵێت: «سیستانی لە چەندین بۆنەدا باسی لەوەکردووە کە پێویستە پشت بە لیستی کـراوەو سیستمی فرە بازنەیی ببەسترێت، بەڵام ئاماژەی بە بایکۆتکردنی هەڵبژاردن نەکردووە ئەگەر لیستی داخراو پەیڕەوبکرێت».

کاریگەریی ئەو داوایـــەی سیستانی لەوەدایە، کە وەک گەورەترین مەرجەعی شیعە زۆربـەی هەوادارانی ئاینزای شیعە لەسەر ئاستی سیاسیی‌و ئایینی‌و کۆمەڵایەتی دوای پێشنیازو داواکانی دەکـــەون‌و جێبەجێی دەکـــەن‌و لـەسـەر ئاستی دەزگاکانی جێبەجێکردنیشدا رۆڵی سیستانی دیارەو لەماوەی شەش ساڵی رابردوودا سەرۆک وەزیران‌و وەزیرەکانیش بەشێوەیەکی بـەردەوام سەردانیان کردووەو لەسەر دۆسیە هەستیارەکان بۆچوونیان وەرگرتووە.

## ئەنجومەنی باڵا گۆڕا

یەکێک لە لایەنە سیاسییە هەرە نزیکەکان لە عەلی سیستانییەوە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییە، کە سیستانی بە رۆحی مەزهەبی خۆی دادەنێت، هەرچەندە لە پیادەکردنی لیستی نیمچە داخراودا لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا، کە لە (٢٠٠٩/١/٣١) ئەنجامدرا، ئەنجومەنی باڵا زۆرترین زیانی لێکەوت‌و لە زۆربەی پارێزگا شیعەنشینەکانی ناوەڕاست‌و باشووری عێراق گۆڕەپانی ئیداریی بۆ لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی سەرۆک وەزیران بەجێهێشت، بەڵام راگەیاندنەکەی سیستانی کاریگەریی خستووەتە سەریان.

حەمید مەجید موعلە، ئەندامی لیستی ئیئتیلاف‌و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی، جەختی لەسەر ئەوە

## حیزبی ئیسلامییش داخراوی ناوێت

حیزبی ئیسلامیی عێراقیش وەک یەکێک لە هێزە سوننییە گەورەکانی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق چووەتە پاڵ هەریەک لە حیزبی دەعوەو ئەنجومەنی باڵا لە پشتگیریکردنی لیستی کراوەداو لەو بارەیەشەوە شەزا عەبوسی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر کوتلەی حیزبی ئیسلامیی، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە حیزبەکەی پشتگیریی لە لیستی کراوە دەکات بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەوپێیەی «لیستی کراوە ئیرادە بۆ دەنگدەر دەگەڕێنێتەوە»و پێشبینیشی کرد کە زۆرینەی کوتلەکانی پەرلەمانی عێراق پشتگیریی لیستی کراوە بکەن‌و لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئەو شێوازە پەیڕەوبکرێت.

ئەو پەرلەمانتارەی حیزبی ئیسلامیی ئاماژەی بە لایەنێکی سلبیی لیستی داخـراو کـردو وتی: «پیادەکردنی لیستی داخراو بە هەمان ئەزموونی هەڵەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێستا دەمانباتەوە کە لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)دا لێی کەوتەوەو تیایدا لیستی داخراو پەیڕەوکرا.

## لیستی هاوپەیمانی نەرم دەبێت

لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە رابەرایەتی یەکێتی‌و پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەشێوەیەکی بـــەردەوام سووربوونی خۆی بۆ پیادەکردنی لیستی داخراو دەردەبڕی، بەڵام گۆڕانی رای لیستە بەهێزەکانی دیکە بە رووی پیادەکردنی لیستی کراوە، هەوڵەکانی هاوپەیمانی بۆ لیستی داخراو خاوکردووەتەوە.

د.محەمەد شەریف، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە؛ ئەگەر ئەگەرەکان لەنێوان لیستی کراوەو داخراودا بن، وەک لیستی هاوپەیمانی، لیستی داخراو یان نیمچە داخراو هەڵدەبژێرین، وتیشی: «داواکردنی لیستی کراوە لەلایەن لیستەکانی دیکەوە بۆ مەرامی سیاسییەو لیستی کراوە رەنگە دەرفەت برەخسێنێت بۆ گەڕانەوەی کۆنە بەعسییەکان».

ئەو ئەندامەی لیستی هاوپەیمانی نەرمبوونی لیستەکەی بۆ لیستی کـراوە نەشاردەوەو وتی: «ئێمە وەک لیستی هاوپەیمانی لیستی داخراومان نەکردووەتە مەسەلەیەکی چارەنووسساز، ئەگەر زۆرینەی لیستەکانی پەرلەمانی عێراق رایان لەگەڵ لیستی کراوەدا بێت، ئەوا ئێمەش لە گەڵیدا دەبین».

## هەواداری لیستی دخراو و کراوە کێن؟

هـەنـدێـک دیـاریـکـردنـی شـێـوازی لیستی هەڵبژاردنەکانی عێراق‌و رای لیستە سیاسییەکان پەیوەست بووە بە بۆچوونی سیاسییان سەبارەت بەوەی کام لەو جۆرە لیستانە زۆرترین دەنگیان بۆ دەچنێتەوە، بـەڵام بە رای ئـارام جەمال، بەڕێوەبەری پەیمانگای کـوردی بۆ هەڵبژاردن KIE «پشتگیریکەرانی لیستی کـراوە ئەوانەن کە دەیانەوێت پرۆسەی دیموکراتی لە عێراقدا چڕبێتەوەو دەسەڵاتیش شەفاف‌و دیموکراسی بێت»و وتیشی: «ئەو لیستانە پشتگیریی لە لیستی کـراوە دەکـەن کە بڕوایان بە خۆیانەو دەتوانن متمانەی خەڵک بەلای خۆیاندا رابکێشن‌و لە رێگەی پاڵێوراوەکانیانەوە لیستەکەیان دەنگ بەدەستبهێنێت، نەک بە پێچەوانەوە».

سەبارەت بە پشتگیریکەرانی لیستی داخراویش بەڕێوەبەری KIE وتی: «ئەوانەی پشتیگریی لیستی داخراو دەکەن، ئەوانەن کە لە دیموکراسی دەترسن‌و نایانەوێت پەیوەندیی نێوان دەنگدەرو پاڵێوراو لەیەکتر نزیکبێتەوەو پرۆسەی بەرپرسیارێتی‌و لێپرسینەوە دروستبێت». ئارام باس لەوە دەکات «پشتگیریکەرانی لیستی داخراو دەیانەوێت گەلەکۆمەکێ بکەن‌و حیزب بۆ خۆی لیستێک دروست بکات، کە تیادا رۆڵی دەنگدەر کەمدەکاتەوە».

# (D.N.O) داوای پارەکانی دەکاتەوە

ئا: شالاو فەتاح

## فایننانشیاڵ تایمز:
## دی.ئێن.ئۆ: دەست بەکار ناکەینەوە تا میکانیزمی پارەدان روون نەکرێتەوە

نرخی پشکەکانی (دی.ئێن.ئۆ) کۆمپانیای نەوتی نەرویجی، (٣٦٪) بەرزبووەوە، ئەمەش دوای ئەوەی کێشەی کۆمپانیاکە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەرکرا، کە داهاتووی کۆمپانیاکەی لە عێراق خستبووە مەترسییەوە.

کۆمپانیاکە رایگەیاند؛ مۆڵەتی دەستپێکردنەوەی کارەکانی وەرگرتووە، دوای ئەوەی راگرتنی کارەکانی بەهۆی کێشەی فرۆشتنی پشکەکانی چارەسەرکران.

بەڵام کۆمپانیاکە رایگەیاند؛ ئامادە نییە دەست بە هەناردەکردنی نەوت بکاتەوە تا رێکەوتن لەسەر میکانیزمی پارەدان لەگەڵ بەغدا مۆر نەکرێت. (دی.ئێن.ئۆ) لە حوزەیرانی (٢٠٠٩)وە نەوتی هەناردەی دەرەوە کردووە لە هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام تائێستا هیچ پارەیەکی لە بەرامبەردا وەرنەگرتووە، هەرچەندە یەکەم کۆمپانیای بیانی نەوت بوو، کە بێتە ناو عێراقەوەو نەوت هەناردەی دەرەوە بکات لەکاتی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاو هێزە هاوپەیمانەکانەوە.

مشتومڕی نێوان ناوەندو هەرێم لە عێراق گومانی لەلای کۆمپانیا بیانییەکان دروستکردووە.

لە نامەیەکدا، کە حکومەتی هەرێم بۆ کۆتاییپێهێنانی راگرتنی کارەکانی کۆمپانیاکەی نووسیوە، هاتووە؛ ئێمە کار لەسەر چاکردنی میکانیزمی پارەدان دەکەین، بەڵام هێشتا تەرکیز دەخەینە سەر ساغکردنەوەی زۆرینەی نەوت لە ناوخۆدا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان کارەکانی کۆمپانیای (دی.ئێن.ئۆ)ی بۆ ماوەی شەش هەفتە راگرتبوو، بەڵام ئەم بڕیارە تەنیا دووهەفتە کاری کردو کۆمپانیاکە دەستی بە کارەکانی کردەوە.

## ستارس ئاند ستریپس:
## کوردو عەرەب تەنیا لەبەردەم جەماوەردا یەکگرتوون

دوو مانگ دوای ئەوەی ئۆدێرنۆ پێکهێنانی هێزی سێ لایەنەی لەنێوان کوردو عەرەبو ئەمریکا بۆ پاراستنی ئەمنییەتی ناوچەجێناکۆکەکانو بەهێزکردنی متمانە راگەیاند، هێشتا گفتوگۆکان بەشێوەیەکی هێواش بەڕێوەدەچنو بازرگانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان بەرەو لاوازیی دەچێت. ناوچەیەکی بەرفراوان لە باکووری عێراق، لەنێویاندا کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت، لەلایەن هەردوو کوردو عەرەبەوە بانگەشەی خاوەندارێتی دەکرێتو هەردوو حکومەتی ناوەندو هەرێمی کوردستانیش دەیانەوێت نفوزی خۆیان زیاد بکەن بە ناردنی سەرباز بۆ ئەو ناوچانە.

لە چەند بۆنەیەکدا ئەگەری دروستبوونی جەنگ هەبووە، پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش لەلایەن ئۆدێرنۆوە بە ئامانجی پاراستنی ناوچەکە بووە لە هەر ململانێیەکی چەکداریی.

هەریەکە لە عەرەبو کوردەکان باس لە پێکەوەیی دەکەن بۆ رای گشتییو لەبەردەم جەماوەردا.

عەریف ئەحمەد نوری، فەرماندەی هێزی پۆلیسی کورد لە باکووری پارێزگەی دیالە لە کۆبوونەوەیەکی هێزی کوبرادا وتی: شەرمە بۆ ئێمە باسی نەتەوە بکەین، ئەو کوردە، ئەو عەرەبە، ئێمە هەموومان عێراقین، بەڵام بەشێوەیەکی نهێنیی هەردوولا دان بە دابەشبوونێکی گەورەدا دەنێنو رەشبینن بە پێکهێنانی هێزی سێ لایەنەو هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان.

## بیزنس ویک:
## بڕیاری دواخستنی یاسای نەوتو غاز زەرەر لە گشت عێراقییەکان دەدات

پەرلەمانتارێکی عێراقیی رایگەیاند: عێراق گفتوگۆی دەربارەی یاسای نەوتو غاز دواخستووە بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوو، ئەمەش لەبەر بوونی کێشەی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سروشتییەکانی باکووری عێراق.

عەلی حەسەن بەلو، سەرۆکی لیژنەی نەوتو غاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند: بڕیارەکە ئاکامی کێشەو ململانێ بووە لەنێوان بەرپرسی هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکەی کوردستانو بەغدا، لەسەر نەوتو غازی هەرێم. هەروەها کێشەیەکی دیکەش، کە کێشەی کۆنترۆڵکردنی شاری کەرکوکە، گفتوگۆکانی کوردو عەرەبو تورکمانی بە بنبەست گەیاندووە.

بەلو دەڵێت: گفتوگۆکان تا دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەم رادەگیرێن، ئەمەش «لەبەر بەردەوامیی ناکۆکییەکان».

عاسم جیهاد وتەبێژی وەزارەتی نەوت لەبارەی بڕیاری دواخستنەکەوە راگەیاند: دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە سەرمایەی عێراقو دوورخستنەوەی وەبەرهێنە بیانییەکان.

جیهاد وتی: ئەم دواخستنە لە خزمەتو بەرژەوەندیی خەڵکی عێراق نییە.

ئەم یاسایە دەبێتە هۆی رێکخستنی چۆنێتی کارکردنی وەبەرهێنە بیانییەکان لە کەرتی نەوتی عێراقو رێکخستنی دابەشکردنی سامان لە لەنێوان کوردو سوننەو شیعەدا.

لە غیابی یاسایەکی نیشتمانیدا، کوردەکان نزیکەی (٢٠) گرێبەستییان لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان مۆرکردووە، گرێبەستەکانیش لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە بە نایاسایی دانراون، بەڵام حکومەتی هەرێم سوورە لەسەر یاساییبوونی گرێبەستەکان.

عێراق بەسێیەم وڵاتی خاوەن یەدەگی نەوتی دادەنرێتو (٩٠٪)ی بودجەی عێراقیش بەرهەمی نەوتە.

ئەیاد سامەرایی سەرۆکی پەرلەمان لەبارەی ئەو بڕیارەوە وتی: ئەو کێشەیەو چەندین کێشەی دیکەش بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەم هەڵدەواسرێن.

## ڕۆیتەرز:
## تورکیا گرەو لەسەر چارەسەری سەربازیی دەکات

پەرلەمانی تورکیا ماوەی چاودێریکردنی پەکەکەی لە باکووری عێراق بۆ یەک ساڵی دیکە درێژکردەوە. ئەمەش هاوکاتە بە بانگەشەی حکومەتی تورکیا بە پێدانی مافی کوردەکانو کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی (٢٥) ساڵە لەو وڵاتەدا.

ساڵی پار فڕۆکەکانی تورکیا چەند هێرشێکیان کردە سەر باکووری عێراقی هاوسنوورو لە مانگی شوباتی (٢٠٠٨)دا هێزی پیادەی تورکی چوونە ناو خاکی هەرێمەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ چەکدارانی پەکەکە، کە باکووری عێراقیان کردووە بە بنکەی خۆیان بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان.

ئەم هەڵمەتانەش بە هاوکاری موخابەراتی ئەمریکا بووەتە هۆی لاوازکردنی پەکەکەو کەمبوونەوەی هێرشەکانی بۆ سەر تورکیا، کە وەک بەشێک لە بانگەشەکاری بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ بەکاریدەهێنێت.

موراد قەرەیەلانی سەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان بڕیاری پەرلەمانی تورکیا بە پاشەکشە دەبینێتو لە لێدوانێکدا وتی: ئەگەر حکومەتی تورکیا بەڕاستی ئاشتی دەوێت ئەوا دەبێت تەواوی هەڵمەتو چەوساندنەوەکان رابگرێت، بەڵام ئەوان قومار لەسەر شەڕو چارەسەری سەربازیی دەکەن.

تەنیا ئاگربەستی دوولایەنەو گفتوگۆ دەتوانن کێشەی کورد چارەسەر بکات. جیا لەمە شتەکان لە کۆنترۆڵ دەردەچنو ئێمەش بەرپرسیاری ئاکامەکانی نابین.

رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایگەیاند: دەیەوێت کۆتایی بە توندوتیژیی (٢٥) ساڵە لە تورکیا بهێنێت بە پێدانی مافی زیاتر بە کوردەکان، بەڵام گفتوگۆکردنی لەگەڵ پەکەکە بەهەموو جۆرێک رەتکردووەتەوە.

دیارە دەنگۆی ئەوەش هەبوو، کە درێژکردنەوەی ماوەی چاودێریکردن دەبێتە هۆی لەکەدارکردنی پرۆسەی ئاشتیی لە باشووری خۆرهەڵات، بەڵام ئەحمەد داود ئۆغلوی وەزیری دەرەوەی تورکیا پێش دەنگدانی پەرلەمان رایگەیاند: حکومەت بڕیاری بەردەوامیدان بە پرۆسەی ئاشتیی داوە.

## گومان لە گونجاویی پێکهێنانی هێزی هاوبەش دەکرێت:

بەرپرسانی ئەمریکا خوازیارن، کە پێکهێنانی هێزی هاوبەش لەنێوان کوردو عەرەبو ئەمریکا ببێتە هۆی زیادکردنی متمانە لەنێوان هێزەکاندا، بەڵام هێزەکان خۆیان لەمە دڵنیا نین. شەموک هایدی، کە پێشمەرگەیەکی کورد بوو وتی: ئێمە پێویستمان بە هێزی عێراق نییە لێرە، ئەوان دەبنە هۆی دروستکردنی کێشەو خەڵکیش قبووڵیان ناکات، بەڵام پسپۆرێکی عەرەب لە گەڕەکێکی عەرەب نشینی موسڵ وتی: پرسیار لە هەر کەسێک بکەیت لێرە، دەبینیت ئەوان پێشمەرگەیان ناوێت، پێموانییە هێزی هاوبەش بیرۆکەیەکی باش بێت، زۆرێک لە موسڵییەکان سکاڵایان لە کارەکانی هێزی پێشمەرگە کردووە. گاری ڤۆڵسکی، فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە موسڵ دەڵێت: ئەم هێزە بۆ پاراستنی ئەمنییەتە نەک سیاسەت.



# هەڵبژاردنی یۆنان (٢٠٠٩)

ئا: شالاو فەتاح

## پاپاندریۆ دەبێتە سەرۆک وەزیران

وەک چاوەڕواندەکرا پارتی سۆشیالستی ئەو وڵاتە (یۆنان) هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٩)ی زۆرینەی بەشێوەیەکی ئاسایی بەدەستهێناو توانی حکومەتی موحافیزکاری ئێستا کۆتایی پێبێنێت. جۆرج پاپاندریۆ دەبێتە سەرۆک وەزیرانی یۆنان. پارتی پاسۆک (٤٣,٩٢٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناو (١٦٠) کورسی بردەوە، پارتی دیموکراسی نوێ (ئێن.دی) کەمترین ئەنجامی بەدەستهێنا، کە (٣٣,٤٨) بوو، ئەمەش کەمترین رێژەیە، کە لەساڵی (١٩٧٤)و لە دوای دروستبوونی بەدەستی هێنابێت، ئەمەش وادەردەکەوێت کە دەنگدان بووبێت بە گۆڕانو لە دژی کارامانلیس، نەک دەنگ بە پارتەکەی پاپاندریۆ، حیزبە بچووکەکانی دیکەش رێژەی دەنگەکانیان کەمێک لە ئاستی ئاسایی خۆی دابەزیبوو، ئەمەش بەوە لێکدەدرێتەوە، کە دەنگەکانیان پاسۆک بۆخۆی بردووە. پارتی دیموکراسی نوێ تەنیا لە چەند ناوچەیەکی باکوور کێبڕکێیەکی توندی کرد، وەکو باکووری پینۆپلیژیان. جۆرج پاپاندریۆ کەسایەتییەکی ریفۆرمیستو میانڕەوە بەتایبەت بۆ سیاسەتی دەرەکیی. پاپاندریۆ رووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە وەک ئابوورییەکی لاوازو کێشەی درێژخایەنی مەسەدۆنیا، ئەمە جگە لە کێشەی بێزارییو نیگەرانیی بەرامبەر سیاسەتی یۆنان لەناو یۆنان خۆیدا، بەتایبەت لای گەنجان. لە ئەنجامەکانی دیکەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی یۆنان پارتی کۆمۆنیستی یۆنان (٧,٥٤) دەنگەکانی بەدەستهێنا، کە دەکاتە (٢١) کورسی پەرلەمان، پارتی لاۆس (١,٥٨٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

## سیستمی دەنگدانی یۆنان

سیستمی دەنگدانی یۆنان بە ئاڵۆزییو گۆڕانکارییە زۆرەکانی دەناسرێتەوە. وەک زۆربەی وڵاتە دیموکراسییەکان دەنگدان لە یۆنان بۆ هەژدە ساڵو سەروو ئەو تەمەنەوە بەشێوەیەکی نهێنیو راستەوخۆیە، سیستمی یۆنان پەرلەمانییەو هەموو چوارساڵ جارێک لە (٥٦) ناوچەی هەڵبژاردنەوە دەنگ بۆ دیاریکردنی (٣٠٠) کاندید بۆ پەرلەمان دەدرێت، (٣٠٠) کاندیدەکەی پەرلەمان دابەشدەکرێن بەسەر (٥٦) ناوچەی هەڵبژاردنداو لەو ژمارەیەش (٢٨٨) کاندیدیان راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێنو (١٢)شیان لەلایەن حیزبەکانەوە بەپێی رێژەی ئەو دەنگانەی هێناویانە، دیاریدەکرێنو هەرچەندە دیاریکردنەکەیان تەشریفاتییە، بەڵام هەموو ئەرکێکی پەرلەمانتارییان هەیە. لە (٥٦) ناوچەی هەڵبژاردندا (٤٨)یان زیاد لە کاندیدێکیان بۆ دیاریدەکرێتو (٨)یان تەنیا یەک کاندیدیان بۆ پەرلەمان دەبێت، بۆ بەدەستهێنانی هەر رێژەیەکی کورسی لە پەرلەماندا پێویستە رێژەی (٣٪) بهێنرێت. سیستمی هەڵبژاردنی یۆنان بە گۆڕانکاریی زۆر ناسراوەو لە سەدەی بیستەمدا چەندین پەرلەمان سیستمەکەی گۆڕیوە، دەنگدان زیاتر لە بینای خوێندنگەکانو لە رۆژی یەکشەممەدا (کە رۆژی پشووە لە یۆنان) دەستپێدەکات، خوێندکارانیش چوار رۆژ پشوویان پێدەدرێت.

# دەستەی نەزاهە، لە بەغداوە بۆ کـــ

محەمەد شێخ فاتح

**ساڵی (٢٠٠٤)، لە سەردەمی حکومڕانیی پۆڵ بریمەری حاکمی مەدەنی عێراق، بە بڕیاری ژمارە (٥٥) دەستەی نەزاهە لە عێراق دامەزرا، بڕیارەکە دوای ئەو دۆخە شڵەژاوە هات، کە ڕوویکردە عێراق‌و سەرتاپای دامەزراوە ئیداریی‌و داراییەکانی گرتەوەو بووە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵییەکی زۆر، بەجۆرێک کە هەڕەشەی لە کۆی دامودەزگاکان دەکرد.**

**بارودۆخی ئەو کاتی عێراق زۆر نا هەموار بوو، بەڵام دروستبوونی دامەزراوەو دەستەو لیژنەیەک بۆ کەمکردنەوەو سنووردارکردنی گەندەڵیی هەنگاوێک بوو بە ئاراستەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانە.**

هەرچەندە یەک ساڵ تێپەڕیبوو بەسەر ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا، بەڵام ئیرادەی دروسبوونی دامەزراوەیەکی لەو جۆرە بەهێزتر بوو، لەو هەڕەشەیەی کە گەندەڵیی لە عێراقی دەکرد، هەربۆیە دوای ماوەیەکی کەم دەستەی نەزاهە کەوتە چالاکی‌و بەرەنگاری گەندەڵیی‌و گەندەڵکاران بووەوەو کار گەیشتە ئەوەی کە سەرۆکی دەزگاکەش بگرێتەوە.

بەپێی یاسا ئەو دەستەیە دامەزراوەیەکی یاساییەو بۆی هەیە لە هەر شوێن‌و هەرێمێکی عێراقدا کە بیەوێت، لێپرسینەوەو پشکنین بۆ دۆسییەکان بکات.

یوسف محەمەد، مامۆستای زانکۆ، باسی لەوەکرد، لە ماددەی (١٠٢)ی دەستووری عێراقدا ئاماژە بەوەکراوەو بەپێی پەیڕەوی دەستەکەش لە بەشی دوو لە برگەی (ب)دا باس لەوە کراوە، ئەم دەستەیە دەتوانێت لێپرسینەوە لە سەرجەم ناوچەکانی عێراقدا بکات.

یوسف محەمەد وتیشی: «دەستەکە دەتوانێت لە هەموو ئەو پرسانەش بکۆڵێتەوە، کە لە ڕابردووشدا ڕوویانداوە».

لێدوانەکەی ئەو مامۆستای زانکۆیە لە کاتێکدایە، کە هیوا میرزا سابیر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، رای وایە؛ گرفتەکان لێرەدا ئەوە نین دەستەی نەزاهە دێتە هەرێمەوە یان نا، بەڵکو گرفت ئەوەیە دەسەڵاتی هەرێم چەندە ئاسانکارییان بۆ دەکەن؟

لەگەڵ ئەوەی هاتنی ئەو دەستەیە بۆ کوردستان‌و «تەدەخولکردنی لە دۆسییەکان کارێکی یاساییە»، بەڵام بەردەوام لە کاتی وروژاندنی ئەو بابەتەدا، بەرپرسانی باڵای هەرێم رایدەگەیەنن، کە دەسەڵاتەکانی ئەو دەستەیە ناگەنە کوردستان‌و هەرێم خۆی دیوانی چاودێری دارایی هەیەو دەڵێن خۆمان دەستەیەکی تایبەت بە هەرێم دادەمەزرێنین.

هاوار شێخ رەئوف، شارەزای ئابووریی، پێیوایە؛ «ئەگەر گومانێک نەبێت لە ئیشەکاندا، چ گرفتێکی تێدایە ئەگەر دەستەی نەزاهە بێتە کوردستان‌و وردبینیی لە حساباتەکاندا بکات».

بە بڕیارێکی تایبەتی جەلال تاڵەبانی، کە وەک سەرۆکی ئەوکاتی هەرێم لە ئیدارەی سلێمانی دەریکردووە، لە ساڵی (١٩٩٧)دا دیوانی چاودێری دارایی دامەزرا بە مەبەستی چاودێریکردنی داهات‌و خەرجیی، بەڵام سەرباری بوونی دوو دەزگا بەناوی چاودێری دارایی لە هەولێرو سلێمانی‌و تێپەڕبوونی (١٢) ساڵ بەسەر تەمەنی ئەو دەزگایانەو بوونی زیاتر لە (٢٥٠٠) راپۆرت لەسەر دامودەزگاکان، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و قەزا بەدواداچوونیان بۆ راپۆرتەکانی ئەو دەزگایانە نەکردووە کە کاری چاودێری دارایی دەکەن‌و هیچ کەسێک لەسەر گەندەڵی نەدراوەتە دادگا.

هیوا میرزا سابیر، باسی لەوە کرد، ئەگەر پەرلەمان هەستێت بە قسەکردن لەسەر شەفافیەت‌و بودجە، کە ئەوە ئیشی سەرەکی پەرلەمانە، ئەو کات ئیشەکان باشتر دەڕوات، بۆیە پێیوایە لەم هەلومەرجەی هەرێمدا، کە شتەکان ناشەفافن، دەستەی نەزاهە کاری لەبەر ناڕوات، بۆیە ئەوان لە پەرلەمان داوای ئەوەیان کرد، دەستەیەکی نەزاهە لە هەرێم دابمەزرێنرێت، «بەڵام دوای دوو ساڵ هێشتا هیچ نەکراوە».

چالاکیی دەستەی نەزاهە لە بەغداو لاوازیی نەبوونی بەدواداچوون بۆ راپۆرتەکانی دیوانەکانی چاودێری دارایی لە هەرێم‌و هاوکات نەبوونی ئیرادەیەک بۆ کەشفکردنی راپۆرتەکانیان، هەروەها بوونی یاسایەک، کە ڕێگە بە تەدەخولکردن‌و هاتنی دەستەی نەزاهە بدات، بێتە کوردستانەوە، لەو پاڵنەرانەن کە ڕێگە خۆشدەکەن دەستە بیەوێت لێپێچینەوە لە هەر دۆسییەیەک بکات، کە لە هەرێمی کوردستاندا دەبێتە جێگەی سەرنج‌و تێبینییەکانی.

هاوار شێخ رەئوف، پێیوایە «لەبەرئەوەی بودجەی هەرێم لە بەغداوە دێت، بۆیە دەستەی نەزاهە مافێکی سروشتی خۆیانە وردبینی لە حساباتەکاندا بکەن». یوسف محەمەدیش، ئاماژە بەوە دەکات؛ «ڕەتکردنەوەی هاتنی ئەو دەستەیە گومان دروستدەکات، بەتایبەت کاتێک کە بەغدا هەمیشە دەیەوێت بەشە بودجەی هەرێم کەمبکاتەوە، ئەویش بە بیانووی ئەوەی شەفافیەت نییە، هاوکات ڕێگرییەکی نایاسایشە کاتێک بمانەوێت ئەو دەستەیە نەیەتە کوردستانەوە».

## پارە ونبووەکانی هەرێم لە بەڵگەنامەکانی دیوانی چاودێری دارایی عێراقدا:

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا حکومەتی بەغدا، ملیارەها دۆلار دەنێرێت بۆ هەرێمی کوردستان‌و بەرپرسانی هەرێمیش بەشێکی زۆری ئەو پارەیە لە ژوورە تاریکەکانداو دوور لە چاوی هاوڵاتییان بەسەر خۆیاندا دابەشدەکەن.

دۆسیەی گەندەڵییەکانی حکومەتی هەرێم ئەگەرچی زۆرو زەبەندن، بەڵام بەهۆی نەبوونی شەفافیەت‌و لیژانیی لە چۆنێتی پەرش‌و بڵاوەپێکردنی ئەو پارە زۆرەی ساڵانێکە بە لێشاو دێتە ئەم هەرێمەوە، هۆکاری کەمیی‌و نەبوونی زانیارییە لەسەر ئەو بودجەیە.

گەندەڵیی ئیداریی‌و ئابووریی بە جۆرێک حکومەتی کوردستانی گرتووەتەوە، کە بەرگەی بچووکترین رەخنە ناگرێت‌و ناتوانێت لە بەردەم زمانی ژمارەدا خۆی رابگرێت.

بەپێی راپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی حکومەتی عێراق، کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩\٥\٣١) داو بە ژمارە (٦٤٥٦\١\٣\٤) دەرچووەو بەرزکراوەتەوە بۆ نووسینگەی وەزیری دارایی عێراق، ئاماژە بەو بودجەو داهاتانەی هەرێم کراوە کە بۆی نێردراوە، بەڵام تا ئێستاش بێسەرو شوێن‌و دیار نین کە چییان لێهاتووە.

> **ئەو پارانەی لەدەرەوەی بودجە دراونەتە هەرێم**
>
> **زیاتر لە (٢٩٤) ملیۆن دۆلار قەرەبووی کورتهێنانی بودجەی کوردستان بووە لە ساڵی (٢٠٠٦).**
>
> **لەو بەشە زیاتر لە (١٥٨) ملیۆنی بۆ هەولێر بووەو (١٤٠) ملیۆنیشی بۆ سلێمانی بووە.**
>
> **٢٦ ملیۆن دۆلار پشکی کوردستان بووە لە گرێبەستەکانی بڕیاری (٩٨٦) پێش ڕووخانی ڕژێم.**
>
> **ئەم بڕە پارەیە لە دەسەڵاتی هاوپەیمانان وەرگیراوە لە ساڵی (٢٠٠٥)دا بەبێ ئەوەی بە بودجەی عێراقدا بڕوات.**
>
> **چوار ملیۆن‌و (٤١٦) هەزار دۆلار بۆ چاککردنی قەڵای هەولێر.**

## دۆسیە گوماناوییەکانی سەرۆکایەتی کۆمار لە راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی عێراقدا...

بەپێی راپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی عێراق، کە لێکۆڵینەوەی لە سەرۆکایەتی کۆماردا کردووەو تا ڕۆژی (٢٠٠٨/٦/٣٠)، ئاماژە بەوە دەکات، کە «سەرۆکایەتی کۆمار زیاتر لە (٢٤) ملیۆن دۆلاری بەدەر لە ڕێنماییەکان خەرجکردووە».

بەپێی ئەو راپۆرتە سەرۆکایەتی کۆمار (کە دیارینەکراوە کێ لە خەرجکردنی ئەو بڕە پارانە بەرپرسە)، بە چەند شێوەیەک‌و لە چەند کاتێکی جیاوازدا ئەو خەرجیانەی ئەنجامداوە، بێئەوەی «لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوەو بەدواداچوونی بۆ کردبێت».

لە بەشێکی ئەو راپۆرتەدا چەند دۆسیەیەک سەرنجی دیوانی چاودێری رادەکێشێت وەک:

- **١٩٢ هەزار دۆلار دراوە بە چەند تابلۆیەک، کە لە تۆماری کەلوپەلەکاندا تۆمار نەکراون‌و ناوی ئەو کەسەش نەنووسراوە کە ئەو تابلۆیانەی وەرگرتووە**
- **لە برگەی بەخشین‌و مینحەشدا بڕی ٤١٠ هەزار دۆلار وەک بەخشین دراوە بە ژمارەیەک ڕێکخراو، بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەک سەبارەت بە تۆمارکردنی ئەو ڕێکخراوانە لە چوارچێوەی ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا.**
- **بەبڕی یەک ملیۆن‌و سێسەدو یەک هەزار دۆلار، بەخشراوە بە ڕێکخراوەکان‌و خەرجکراوە لە چەند پڕۆژەیەکدا، بێئەوەی هیچ ئەولیاتێکی هەبێت‌و ئاماژە بەچۆنێتی خەرجییەکان کرابێت.**
- **٣ ملیۆن‌و (٤٨٥) هەزار دۆلار بۆ ئەنجومەنی بوژاندنەوەی سەربەخۆ خەرجکراوە، بە مەبەستی ئەنجامدانی چەند پڕۆژەیەک بەبێئەوەی ئەو پرۆژانەو چۆنێتی پارەدارکردن‌و جێبەجێکردنیان دیاری بکرێت، بەڵگەی پەیوەستی ئەو ئەنجومەنەش ڕوون نەکراوەتەوەو هیچ شتێکیش نییە کە ئەو بڕە پارەیە بسەلمێنێت.**

ئەو راپۆرتانەی دیوانی چاودێری دارایی عێراق، بەرپرسانی هەرێمی لە بەغدا بە ئاگا هێنایەوە لەوەی کە هەرزوو پێیوتن بەغدا سلێمانی‌و هەولێر نییەو ئەو لێشاوە پارەیەی کە هەژدە ساڵە لە تاریکیدا لە هەرێم خەرجیدەکەن، لێرە بەو جۆرە کار ناڕوات‌و هەر هیچ نەبێت خەڵکی لێئاگادار دەکەنەوە.

## وەزارەتی دەرەوە

راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی عێراق گومانی هەیە لە چۆنێتی خەرجکردنی (١٤١) ملیارو (٤٣٦) ملیۆن دینار لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە، کە لە بوارە جیاجیاکاندا خەرجکراوە، بەجۆرێک لە هەندێکیاندا ئەو پارانە «بێجێن»و هەندێکی دیکەشیان «بەبێ پرس خەرجکراون».

## کەرکوک لە راپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی عێراقدا

بەپێی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی، چەندین گەندەڵیی لە کارو پڕۆژەو چالاکییەکانی ئیدارەی ئەو شارەدا هەیە، هەر لە بنکەکانی تەندروستیی‌و نەخۆشخانەکانەوە تا دەگاتە بەڵگەنامە ساختەکان لە کەرتی پەروەردەو تەندەرو دواکەوتنی پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو خۆراکە بەسەرچووەکانی کۆمپانیای گشتیی بازرگانی خۆراک.





وەرگیراوە بە دەستکارییەوە

# ـــوردستان

## لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە

بۆچی لە عێراقێکدا، کە تەمەنی حکومەتە نوێیەکەی (٦) ساڵە، عێراقێک کە نووقمی خوێن‌و ئاژاوە بووە، دەستەیەک دەتوانێت سەدان کەس بداتە دادگا لەسەر گەندەڵیی، بەڵام لەسایەی ئەو هێمنی‌و ئاسایشەی کە لەم هەرێمەدا هەیەو سەرباری بوونی حکومەتێکی تەمەن هەژدە ساڵ، تا ئێستا کەس لەسەر گەندەڵیی لە گوڵێک کاڵتری پێنەوتراوە؟

بەرپرسانی دەستەی نەزاهە لە بەغدا لەبەر چالاکیان چەندینجار ڕووبەڕووی هەڕەشەی تیرۆرکردن بوونەتەوەو هەندێکیشیان تیرۆر کـراون، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا هیچ لایەنێک گوێ بە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی ناداتو بەدواداچوون‌و لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران نییە.

## هەرێمێک خاڵی لە گەندەڵیی!!

ئەگەرچی تەمەنی دیوانەکانی چاودێری دارایـی دوانـزە ساڵ تێدەپەڕێنن، بـەڵام تا ئێساش لە هەرێمی کوردستاندا لە هیچ خولێکی پەرلەماندا نەبینراوەو نەتوانراوە لێپرسینەوە لەگەڵ هیچ بەرپرسێکدا بکرێت، ئـەوە لە کاتێکدایە زیاترلە (٢٥٠٠) ڕاپـۆرت لەسەر گەندەڵیی دامـودەزگـا حکومییەکانی هەرێم لەلایەن سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانییەوە ئامادەکراون، بەڵام تا ئێستاش کەس نازانێت چارەنووسی ئەو ڕاپۆرتانە چیان لێهاتووەو بۆ نهێنین‌و لەبەر چی کراون؟

بـەڵام دەسـتـەی نـەزاهـەی عـێـراق دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا توانیویەتی لێپێچینەوە لە هەزاران کەس بکاتو چەندین بەرپرسی باڵا بانگبکاتە پەرلەمان.

بۆیە بەبڕوای هەندێک لە ئاگایانی ئابووریی‌و سیاسیی، دامەزراندنی دەستەی نەزاهە لە کوردستاندا نەک سوودی نییە، بەڵکو زیانیشی هەیە، چونکە ئەزموونی دیوانەکانی چاودێری دارایی ئەوە دەسەلمێنن، کە هەرێم لەم بوارەدا سەرکەوتوو نییە، هەربۆیە ئەو دەستەیەش لەکاتی دامەزراندنیدا دەبێتە هۆکارێک بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو گەندەڵییەی، کە هەرێمی کوردستانی نیمچە نغرۆکردووە.

یوسف محەمەد، ئاماژەی بـەوەکـرد، کە ڕاستە دوو دیوانی چاودێریمان هەیە، بەڵام ئەوان سەربەخۆ نین، بەڵکو لە ژێر کۆنترۆڵی ئیدارەکانی سلێمانی‌و هەولێردان، ئەوەشی باسکرد، هەرچەندە یاسایەک لە پەرلەمان دەرچـووە بۆ یەکپێگرتنەوەیان‌و زیادکردنی دەسەڵاتیان، بەڵام تا ئێستا کار بەو یاسایانە نەکراوە، هاوکات ڕاپۆرتەکانیشیان لێرەو لەوێ بۆ مەبەستی سیاسیی بەکار دەهێنرێن، نەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی.

هەرچەندە هەندێک لە بەرپرسانی هەرێم باس لەوە دەکەن، کە «پێویست ناکات دەستەی نەزاهە بێتە هەرێمی کوردستان‌و ئەوان ئەگەر ڕاسـت دەکـەن با حاڵی خۆیان چاکبکەن». بەڵام، ئازاد چالاک ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەدا، باس لەوە دەکات، کە دەستەی نەزاهەی عێراق توانیویەتی هەزاران کەس بداتە دادگاو تەنانەت لێپرسینەوەیان لەگەڵ سەرۆکی دەستەی پێشووی نەزاهەدا کردووەو متمانەیان لێسەندووەتەوە.

بەوتەی هیوا میرزا سابیر، ئەگەر هەرێم ئیرادەی ئەوەی هەبێت شەفافیەت بەرجەستە بێت، دەبێت سوپاسی هەر کەس‌و لایەنێک بکات کە هاوکاریی بکات، بە وتەی ئەو هەر کەسێک جاری پاک نەبێت بە گومانە، بەداخەوە جارەکان پاک نین، تێوەگلانێکی بەرفراوان هەیە لە گەندەڵیی، لەبەرئەوەی کەسی گەندەڵکار داوای ئەوە ناکات لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت».

هەروەها ئەوەشی خستە ڕوو، کە بێگومان دەستەیەک کە لە هەرێمی کوردستاندا بێتو دەسەڵاتی لە پەرلەمانەوە بێتو دامودەزگاکان ملکەچی بن، زانیاریی زیاتر دەستدەکەوێت، بۆیە ئاساییە دەستەی نەزاهە لە بەغداوە بێت، بەڵام ئایا لە کوردستان کارئاسانیی بۆ دەکەن؟

لەلایەکی دیکەوە هـاوار شێخ ڕەئـوف، باس لەوە دەکـات، کە بەرپرسان دەیانەوێت هاتنی دەستەی نەزاهە ببەستنەوە بەو کێشە مێژووییانەی هەیەو دەیانەوێت بڵێن جارێکی دیکە عەرەب دەیەوێت زوڵممان لێبکات، بەڵام بەوتەی هـاوار «ترسی ڕاستەقینە لـەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەوەندە کەموکوڕیی‌و عەیب‌و عار هەیە، ڕووی ئەوەی نییە، کە پیشانی لایەنێک بدرێت».

بەوتەی هاوار هەرچەندە بوونی دەستەی نەزاهەو دیوانی چاودێری دارایی بەشێوەیەکی چـالاک بە پێویست دەزانـێـت لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئاماژەش بەوە دەکات کە هاتنی دەستەی نەزاهە لە بەغداوە بۆ کوردستان زۆر پێویستەو ئـەوان دەتـوانـن ئیشەکان باشتر بکەن، ئەویش پاڵپشت بـەوەی کە دەزگاکانی دیوانی چاودێری دارایی کوردستان شوێندەستیان دیار نییە.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، لە ئێستادا دیوانی چاودێری دارایی لە سلێمانی لە هەوڵی ئەوەدایە بۆ خۆدەربازکردن لـەو حاڵەتی پەراوێزخستنەی دەزگاکەی تێخراوەو پـاش بێ ئومێدبوون لە بوونی بەدواداچوون لە دۆسیەکانی گەندەڵی، بەشێک لەو دۆسیانەی لە دەزگاکەدا هەن ئاراستەی داواکاریی گشتی بکرێن بۆئەوەی ئەو دەزگایە بەدواداچوون‌و لێپرسینەوە بکات لەو لایەنانەی کە پارەو موڵکی گشتیان بەشێوەی نایاسایی بردووە یان بەکارهێناوە.




**تا ئێستا چەند بەرپرس‌و لێپرسراوی حکومیی‌و حیزبی درانە دادگا لەسەر گەندەڵیی؟**
**مـەگـەر ئـەم هەرێمە بەتاڵە لە گەندەڵەکان، ئەگەر گەندەڵیی نییە، ئەو هەموو گلەیی‌و گازندانە لەچییەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەگەر گەندەڵیی نییە، کەواتە سامانی ئەم وڵاتە بۆ کوێ دەڕوات؟**

**عـەبـدولـفـەلاح سـۆدانـی، وەزیـری بازرگانی عێراق، بەهۆی تێوگلانی لەچەند دۆسیەیەکی گەندڵیدا، لە (٢٠٠٩/٦/٥) لەلایەن دەستەی نەزاهەوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا کراو دواتر ناچارکرا، کە دەست لەکار بکێشێتەوە**

**قـــازی، ڕازی ڕازی، سـەرۆکـی دەستەی نەزاهە بەهۆی تێوگلانی لە گەندەڵییەوە لە ٢٠٠٧/٦/٦دا لەلایەن خودی دەستەکەی خۆیەوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا کراو دواتر هەڵات.**




## یەکەم وەزارەت دەبێت کە بە داهاتی خۆی بەڕێوەبچێت
## وەزارەتی ئەوقاف پێویستی بە بودجەی حکومەت نامێنێت

بەرهەم عومەر

لە چەند مانگی ئایندەدا وەزارەتـــی ئەوقاف‌و کاروباری ئایینی بە داهاتی شوێنە ئایینی‌و کرێی موڵکەکانی، خەرجییە ئیدارییەکانی دابیندەکاتو دەبێتە یەکەم وەزارەتی بواری خزمەتگوزاریی گشتیی کە پشت نابەستێت بەو بودجەیەی ساڵانە لە حکومەتەوە بۆی دابیندەکرا، ئەمەش بەپێی پلانێکی ئیداریی‌و ئابووریی کە وەزارەتەکە لە چوارساڵی ڕابردوودا پیادەی کردووە.

مەریوان نەقشبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف‌و کاروباری ئایینی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەپێی ئەو پلانەی لە چوارساڵی ڕابردوودا ئیشمان لەسەرکردووە، دەتوانین لە چەند مانگی ئایندەدا پشت بە خۆمان ببەستین لە ڕووی مادییەوە، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر خێرخواز داوای ئەنجامدانی پڕۆژەی ئایینییان کردووە، ئەمەش وایکردووە کە ئەرکێکی زۆر لەسەر شانی وەزارەتەکەمان کەمببێتەوە، لەکاتێکدا لە ساڵانی ڕابردوودا ملیۆنان دۆلار خەرجدەکرا بۆ دروستکردنی مزگەوتو کەنیسەو شوێنی ئایینی‌و خواپەرستی، بەڵام ئێستا خێرخوازان ئەنجامی دەدەن.


ئێستا نزیکەی (٣٥) دەوڵەمەندی خێرخواز لە کوردستاندا داوایـان پێشکەشی وەزارەتـی ئەوقاف کردووە بۆ تەرخانکردنی شوێنی گونجاو، بە مەبەستی دروستکردنی پڕۆژەی ئایینی (مزگەوت).

وەزارەتـی ئەوقاف داهاتەکەی پێشتر تەنیا کرێی موڵکەکانی بوو، بەڵام لە ساڵانی ڕابـردوودا وەکو پێویست نەدەگەڕایەوە سەر خەزێنەی وەزارەت، بەو پێیەی (٣-٤) ئیدارە لە کوردستاندا هەبووە، بەتایبەتی لە هەڵەبجەو هەورامان، چەندین شوێنی ئایینی‌و وەقفی ئیسلامیی هەیە، بەڵام پارەکەی لایەنی دیکە خەرجی دەکردو نەدەهاتە ناو خەزێنەی وەزارەتەوە، تائێستاش هەندێک لەو موڵکانە بەباشی بەکار نایەتو پارەکانی بەفیڕۆدەچێت.

مەریوان باسی لەوەکرد، کە لە ناوچەی هەورامان‌و خـورمـاڵ، باخێکی ئـاوەدانـی وەقـف هەیە، پێشتر بەشێوەیەک دراوە بە کرێ، کە کرێکەی (١٪)ی کرێ ڕاستەقینەکەی خۆی نییە، موڵک‌و زەوی‌و بینای زۆریـان هەیە کە بە موساتەحە (بانەوانیی) دراوە بە سەرمایەگوزارەکان، بەڵام دوای (١٥-٥٠) ساڵ دەدرێـتـەوە بە وەزارەتـەکـەیـان، کە ئەو کاتە هیچ سوودێکی نامێنێت.

وتەبێژەکەی وەزارەتـی ئەوقاف پێیوابوو، ئەو کارانەی لە پێشتردا ئەنجامدراون، سامانێکی زۆری بە فیڕۆداوەو موڵکە وەقفەکان بۆ مەرامی شەخسیی بەکارهاتوون‌و داهاتەکانیان لە ئێستادا بۆ وەزارەت نییە، هەروەها وتی: «لەم دوو ساڵەدا کە ئیشمان لەسەر موڵکەکانی وەزارەت کردووەو کۆمانکردوونەتەوە، داهاتی ساڵانەی وەزارەتەکەمان گەیشتووەتە زیاتر لە (١) ملیار دینار، ئەگەرچی نەمانتوانیوە بەشێوەیەکی تەواو موڵکەکانمان کۆبکەینەوە».

وەزارەتی ئەوقاف‌و کاروباری ئایینی پێشتر (١٥) هەزار کارمەندو فەرمانبەری هەبوو، بەڵام ئێستا نزیکەی (١٣) هەزار فەرمانبەری هەیە، بەوپێیەی ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندەکانیان سـزاداوەو دەرکـراون‌و لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە، چونکە پێشتر دەوامیان نەدەکردو تەنیا مووچەیان وەرگرتووە.



## بەنزینخانەکان ڕێنماییەکان پێشێل دەکەن

# تەنیا (٣) بەنزینخانەی یاسایی لە شاری سلێمانیدا هەیە

سیروان عەول

**بەنزینخانەکان پابەندنابن بەو ڕێنماییانەی حکومەتی هەرێم بۆی دەستنیشانکردوون، هەروەها بەڕێوەبەری گشتیی پڕۆژە تایبەتەکان لە سلێمانی پێیوایە، شارەوانی بەرپرسیارە لە هەر ڕێسا شکاندنێک کە ئەو بەنزینخانانە پێی هەڵدەستن**

جەمال جەلال، بەڕێوبەری گشتیی پڕۆژە تایبەتییەکان لە سلێمانی، پێیوابوو، لەبەرئەوەی شارەوانی مۆڵەتی داوەتە بەنزینخانەکانو ڕێگەی کارکردنی پێداون، هەر دەبێت ئەوانیش لێپێچینەوە بکەن لەگەڵ ئەو بەنزینخانانەی بەشێوەی سەرپێچی دامەزراونو کاردەکەن.

جەمال جـەلال بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: چەندجارێک ئاگاداری پارێزگاو شارەوانیی سلێمانییان کردووەتەوەو چەند نموونەیەکی سەرپێچییان خستووەتە بەردەستیان، بەڵام ئەوان خۆیان ڕێگەیان پێدەدەنو مۆڵەتیان بۆدەکەن.

بەپێی ڕێنماییەکان هەر بەنزینخانەیەک نابێت (٢٠٠) هەزار لیتر سووتەمەنی زیاتر عەمبار بکاتو ئەو پارچە زەوییەی بۆ بەنزینخانەی یاسایی دادەنرێت، نابێت لە (٢) دۆنم کەمتربێت، بەڵام لە هەندێک بەنزینخانەدا زیاتر لە (٣٠٠-٤٠٠) هەزار لیتر عەمبار دەکرێت، هەروەها تەنیا تانکی بەنزینخانە تازەکان دفنکراون.

هـەر بەپێی ئـەو ڕێنماییانە دەبێت بەنزینخانەکان سۆپەرمارکێتو ڕۆنگۆڕو ئیدارەو ئاگرکوژێنەوەی لەخۆگرتبێتو شوێنی حەوانەوەی کرێکارەکانی تیادابێت، ئەگەر ئەم مەرجانە لە بەنزینخانەکەدا هەبێت، ئەوکاتە (١٣) بەڕێوبەرێتی ئیمزا لەسەر کردنەوەی ئەو بەنزینخانەیە دەکات.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی پڕۆژە تایبەتەکان، تائێستا (١٧٨) بەنزینخانە مۆڵەتی یاساییان پێدراوە لە سنووری سلێمانیدا بەڵام جەمال وتی: «زۆربەی بەنزینخانەکان لەشاری سلێمانیدا نایاساییـنو لە هەموو ڕووەکانەوە هیچ مەرجێک نایانگرێتەوە»، پێشی وابوو، دەستێک هەیە لەپشت هێشتنەوەو سزانەدانی ئەو بەنزینخانانەدا.

بەشی سووتەمەنی لە قایمقامیەتی ناوەندی سلێمانی، زۆرینەی ئەو بەنزینخانانە بە نایاسایی دەزانێت، بەوپێیەی «هیچ مەرجێکی یاساییان تێدا نییەو لە کاتی دانانو بەرلەوەی بکەوێتە کارکردن، لەلایەن لیژنەی پسپۆڕەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ نەکراوە».

هەردی حەمە ڕەشید، بەڕێوەبەری بەشی سووتەمەنییەکان لە قایمقامیەتی ناوەندی سلێمانی، پێیوابوو، هەندێک لە بەرپرسان پشتگیریی لەو بەنزینخانانە دەکـەن، هەر بۆیە یاسا ناتوانێت دایانبخاتو سزایان بدات، بەڵام هیچ بەنزینخانەیەکی لە سلێمانیدا بە «نایاسایی» نەزانی.

زانا محەمەد ساڵح، وتیشی: «بەنزینخانەی نایاسایی لە سنووری پارێزگای سلێمانی نییە، بەڵام هەندێک بەنزینخانە تانکەر دادەنێنو سووتەمەنی تێدا عەمبار دەکەن، کە ئەوەش نایاساییەو بەشی زیادەڕۆیی لە شارەوانیی سلێمانی لێی بەرپرسیارە».

زانـا ئـامـاژەی بـەوەکـرد: قایمقامیەت ڕێگەی نەداوە بە دانانی بەنزینخانەی مۆبایل لەناو شاری سلێمانیدا، تەنیا لە سنووری شارەوانیی تاسلۆجەدا نەبێت، کە ئەوەش بە زیادکردنی ئاشکراو بەشێوەیەکی بەرچاو (٢-٣) بەنزینخانە دانراوە بەشێوەیەکی یاسایی.

هەندێک لە شارەزایانی بواری نەخشەی بنەڕەتی بەهەمانشێوە پێیانوایە، شێوازی دانـانو جێگەی بەنزینخانەکان دروست نییەو نایاساییـنو لەگەڵ نەخشەی بنەڕەتیی شاری سلێمانیدا ناگونجێنو بە بەنزینخانەی «گەڕۆک» دەناسرێن.

نـەوزاد فـارس، بەڕێوبەری نەخشەی بنەڕەتیی شـاری سلێمانی لە شارەوانی، ڕایگەیاند: هەموو ئەو بەنزینخانانەی کە لەشاری سلێمانیدا هەیە لە ڕووی یاساییەوە نایاساییـن، چونکە بەپێی ڕێنماییەکان دروستنەکراونو ئێمە بە گەڕۆکیان دادەنێین، تەنیا (٣) بەنزینخانە لە شاری سلێمانیدا یاساییـنو مۆڵەتیان پـێـدراوە، ئەوانیش بەنزینخانەی (هەوارو، ڕزگاریو ئاشتی)ە.

بەپێی ڕێنماییەکانی نەخشەی بنەڕەتیی، بەنزینخانەکان دەبێت دووربێت لە باخچەی سـاوایـانو دایەنگاو خوێندنگاو دەزگـا حکومییەکان، بۆئەوەی لەکاتی ڕوودانـی هەر کارەساتێکدا ژیانی هاوڵاتییانو منداڵان دووربێت لە مەترسییەوە، هەروەها هەر بەنزینخانەیەک دەبێت (٢) هـەزار مەتر دووربێت لە دانەیەکی دیکەوەو لە دەرەوەی شاردابێتو سۆپەرمارکێتو مزگەوتو ڕۆنگۆڕو ئاگرکوژێنەوەی تایبەت بەخۆی هەبێتو عەمبارەکانی بەشێوەیەکی دفن بێتو جۆرەکانی نەوتو بەنزینو گاز لەیەک جیابنو لە ڕووی ئاسایشەوە پارێزراوبێت.



ئایا ئەم بەنزینخانەیە ڕێنماییە یاساییەکانی تێدایە؟ فۆتۆ ڕۆژنامە

## «تا شەش مانگ شارەوانیی سلێمانی ئاگاداری دروستکردنی نەبووە»

# دروستکردنی (٣) باڵەخانەی (٣٦) نهۆمیی ناڕەزایی لێدەکەوێتەوە

سەنگەر جەمال

**دروستکردنی سێ تاوەری (٣٦) نهۆمیی لەناو گەڕەکی شەهیدانی سەرچنار لە سلێمانی لەلایەن کۆمپانیای نۆکانو ڤاڵکۆنەوە، جگە لەوەی بەشێک لە دانیشتووانی چواردەوری پڕۆژەکەی نیگەران کردووەو ئاماژە بە قایل نەبوونیان دەکەنو بۆ ئەو مەبەستەش ئیمزایان کۆکردووەتەوە، دانیشتوویەکی گەڕەکەکە دەڵێت: دوای زیاتر لە (٦) مانگ کارکردن لە پڕۆژەکەدا سەردانی شارەوانیو پارێزگامان کرد بۆ ڕێگریکردنی، بەڵام ئاگاداری پڕۆژەکە نەبوونو بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت کاری تێدا کرابوو.**

لە داواکارییەکدا، کە ئیمزای زیاتر لە (٣٥) هاوڵاتیی نیشتەجێی چواردەوری ئەو پڕۆژەیەی لەسەرەو ئاراستەی پارێزگای سلێمانیو شارەوانی کراوە، ڕەخنە لە پڕۆژەکە دەگرنو تێیدا هاتووە: کە «ئێمە چاوەڕوانمان دەکـرد ئـەو زەویـیـە بکرێتە سـەوزایـیو دانیشتووانی گەڕەکەکە سوودی لێببینن، بەڵام ئێستا بڕیارە کۆمپانیای نۆکانو ڤاڵکۆن سێ تاوەری (٣٢) نهۆمیی لێ دروستبکەن، ئەوەش ناگونجێت، چونکە زەوییەکە زۆر لە ماڵەکانەوە نزیکەو دەبێتە هۆکاری خنکاندنی گەڕەکەکە».

هەروەک ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەگەر ڕێگەبدرێت ئەو کۆمپانیایە پڕۆژەکە بەو شێوەیە ئەنجامبدات، ئەوا کاردانەوەیان دەبێتو هاتووە: کە «لە دنیادا کارێکی لەوجۆرە نەکراوە، بۆیە حەزدەکەین، کە ئەو تاوەرانە لە ئێمە دووربخەنەوە بەپێی یاسا، ئەگەرنا ئەوانەی واژۆمان کردووە خانووەکان چۆڵدەکەین».

بەپێی نووسراوێکی شارەوانیی سلێمانی، کە کۆپییەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، لە مانگی ئایاری ساڵی ڕابردوودا بەڕێوەبەرێتی هونەری شارەوانی نووسراوی ئاراستەی کۆمپانیای نۆکان کـردووە بە مەبەستی ناردنی نەخشەی پڕۆژەکە (سایت پلان) بۆ شارەوانی، بەڵام دوای نزیکەی مانگێک کۆمپانیاکە هیچ نەخشەیەکی نەناردووەتەوە بۆ شارەوانیو کاری لە پڕۆژەکە کردووە «بێ ئەوەی لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت».

عومەر مەحوی، سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی، نکۆڵیی لەوە نەکرد، کە پڕۆژەکە دەکەوێتە سنووری شارەوانییەوەو ئاماژەی بەوەشکرد، کە دوای ئەو ماوەیە «کۆمپانیاکە پڕۆژەکەیان پێشکەش بە شارەوانی کردووەو ڕەزامەندی لەسەر کارەکانی دراوە».

لـەبـارەی گـلـەیـی دانـیـشـتـووانـی گەڕەکەکەشەوە عومەر مەحوی، پاساوی ئـەوەی هێنایەوە، کە لە سەرچنارو نزیک ئەو ناوچەیە بازرگانییەو چەند تـاوەرو ئوتێلێکی تێدایەو شەقامێک بە چواردەوری پـڕۆژەکـەدا هـەیـە، بـەڵام دانیشتووانی گەڕەکەکە ئەوە ڕەتدەکەنەوەو جەخت لەوە دەکـەن، کە پڕۆژەکە زۆر لە ماڵەکانەوە نزیکەو شەقامەکەش تایبەتە بە هاتوچۆکردنی گەڕەکەکە، کە لە (١٠) مەتر تێپەڕ ناکاتو پێیانوایە؛ «بە ئەنجامدانی پڕۆژەکە هەراسان دەبن».

بەکر غـەریـب، دانیشتووی گەڕەکی شـەهـیـدانـی سـەرچـنـار، کـە پـڕۆژەی دروستکردنی باڵەخانەکان دەکەوێتە بەردەم ماڵەکەیانو یەکێکە لەوانەی ئیمزای لەسەر ڕازی نەبوونی بە ئەنجامدانی پڕۆژەکە کـردووە، وتـی: «ئێمە کە هەستمان کرد پڕۆژەیەکی لەوشێوەیە ئەنجامدەدرێت نیگەرانبووین، چونکە پێشتر چاوەڕوانمان دەکـرد ئەو زەوییە بەتاڵەی بەردەممان بکرێت بە پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاریی وەک سەوزاییو باخچە یا قوتابخانە».

ئەو باسی لەوەکرد، کە دوای کارکردن لە پڕۆژەکەدا سەردانی پارێزگاو شارەوانیی سلێمانیان کـردووەو پێیانڕاگەیەنراوە «جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە بەو شێوەیە، پێچەوانەی یاسای ئەندازیارییە، جگەلەوەتائەو کاتە کە کۆتایی (٢٠٠٨) بوو بەبێ ڕەزامەندیی شارەوانی کار لە پڕۆژەکەدا دەکراو لە بەشی هونەری شارەوانییەوە دووجار نووسراو کرا بۆ کۆمپانیای نۆکان، کە خاوەنی زەوییەکەیە بۆ پێدانی زانیاریی لە وردەکاریی پڕۆژەکە، بەڵام لەلایەن کۆمپانیاکەوە وەڵامنەدرانەوە، ئەوە لە کاتێکدایە، کە بۆ هەر پڕۆژەیەک پێویستە ڕەزامەندیی شارەوانیو ژینگەو چەند لایەنێکی تایبەتمەند وەربگیرایە».

ئەندازیارێکی شارەزا، کە نەیویست ناوی بهێنرێت، ئاماژە بە نەگونجاویی ئەو پڕۆژەیە دەکـاتو پێیوایە؛ پڕۆژەیەکی گـەورەی لەو شێوەیە دەبێتە هۆی هەراسانکردنی هاوڵاتییانی نیشتەجێی نزیک پڕۆژەکەو دەڵـێـت: «پێویستە هـەر پـڕۆژەیـەک لە ناوچەیەکی وادا دروستبکرێت لە سێ نهۆم زیاتر نەبێت، بەوپێیەی چواردەورەکەی ماڵە»، ڕوونیشیکردەوە، کە ئەو شەقامەی نێوان ماڵەکانو پڕۆژەکە تەحەمولی قەرەباڵغییەکەی ناکاتو ئاماژە بە ڕێگەچارەیەک دەکات، کە «ئەویش ئیستملاککردنی خانووەکانی بەردەمیەتی».

پڕۆژەی دروستکردنی سێ تاوەرەکە لە سەرڕووبەری ٢١هەزارمەترجێبەجێدەکرێتو زیاتر لە ٦٠٠ شوقە لەخۆدەگرێت، خاوەنی کۆمپانیای جێبەجێکاریش پێیوایە ڕووبەری تاوەرەکان هێندە زۆر نیە کاریگەری لەسەر ئەو ناوچەیە دروستبکات.

نەوزاد جاف، خاوەنی کۆمپانیای ڤالکۆن کە پڕۆژەکە جێبەجێدەکات، باسی لەوەکرد کە، تاوەرەکان پڕۆژەی ڤالکۆنەو زەویەکە مولکی کۆمپانیای نۆکان بووەو لەبەرامبەر پێدانی زەویەکەدا چەند شوقەیەک دەدەنە نـۆکـان، لـەبـارەی ئاگادارنەکردنەوەی شارەوانیشەوە لە کارکردنیان وتی : «هەموو پێویستیەکانمان پێشکەش کردبون، بەڵام بەهۆی ئەوەی پڕۆژەکە تایبەتو گەورەیە شارەوانی وتویەتی وردەوردە ئیشەکە بکەن تا مۆڵەتەکەتان دەکەین».

ئـەو پێشیوایە پڕۆژەکەیان دەبێتە هۆی گەشەپێدانو جوانکردنی شارەکەو کاریگەری لەسەر ماڵەکانیش دروستناکات بەوپێیەی «ئەو تاوەرانەی دروستدەکرێت ڕوبەرەکەیان زۆرنیەو نزیکەی ١٧ هەزارمەتر بە سـەوزایـیو جوانکاری دەمێنێتەوە، جگەلەوەش کەس داوای قەرەبوی لەئێمە نەکردوە تەنها ئەو ماڵە ئاوارانەی پێشتر تێیدابون قەرەبووی خۆیان وەرگرتوە».

بـەڵام لەبارەی بەرزیی تاوەرەکانو زۆریی نهۆمەکانیشیەوە، عومەر مەحوی وتـی: «لـەو لایـەنـەوە کێشەمان لەگەڵ کۆمپانیاکە هەیە، لە گفتوگۆداینو شارەوانی پێی باشە بەرزیی تاوەرەکە لە (١٥) نهۆم زیاتر نەبێت»، بەڵام ئەوەی لە کارکردنی پڕۆژەکەو وتەی ئەندازیارانی دەردەکەوێت تاوەرەکان (٣٦) نهۆم دەبن.

بەکر غەریب، هۆکاری قایل نەبوونیانی بۆئەوە گەڕاندەوە، کە پڕۆژەکە کاریگەریی خـراپـیـان لـەسـەر دروسـتـدەکـاتو بە پێشێلکاریی دەزانێت بۆ سەریان، بەپێی ئەوەی «پڕۆژەکە لە ماڵەکانەوە نزیکەو زۆربەرزە»، بە مافی خۆشیانی دەزانێت، کە قەرەبووی زیانەکانیان بکرێتەوەو وتیشی: «دەمانەوێت لـەڕووی یاساییەوە داوای قەرەبوو بکەینەوەو ئێستا بەنیازین لە دادگا داوای یاسایی تۆمار بکەینو داوای قەرەبوو بکەین، لە کاتێکدا نەمانتوانی پڕۆژەکە ڕابگرین، بەڵام ئەمجارە ناوەستینو ئەگەر دادگـا مافەکانمان نەگەڕێنێتەوە دەچینە پەرلەمان».



تاوەرەکان دەست بە دروستکردنیان کراوە فۆتۆ ڕۆژنامە

## نزیکەی (٥) هەزار پەنابەری کورد نێردراونەتەوە

## بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم:

# کەسێک یاسای وڵاتێک پێشێلبکات بە بڕیاری دادگا دەنێردرێتەوە

سەنگەر جەمال

زامی خۆکوشتنی حسێن سارێژنەبووەو ساڵێک بەسەر مردنی ئەو پەنابەرە دیپۆرتکراوەدا تێنەپەڕیوە کە لە نیوەڕۆیەکی درەنگدا لە ژێرزەمینە تاریکەکەی خانوەکەیانداو دوای (٢)ڕۆژ لە بەزۆر ناردنەوەی بە فیشەکێک کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا، ئێستا دووبارە بەشێک لە پەنابەرانی کورد لە وڵاتە ئەوروپییەکانەوە بەبێ ویستی خۆیان‌و بەزۆر ڕەوانەی کوردستان دەکرێنەوە.

لێپرسراوی لقی کوردستانی فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراق، (کە داکۆکی لەمافی ئەو پەنابەرانە دەکات) ئۆباڵی بەزۆر ناردنەوەو کەوتنەوەی ئەو کارەساتانە دەخاتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم، هەرچەندە لێپرسراوی پەیوەندییەکانی حکومەت دەڵێت «ئێمە دژی ئەو بەزۆر ناردنەوانەین»، بەڵام لێپرسراوەکەی فیدراسیۆن پێیوایە: «حکومەت دەتوانێت فڕۆکەخانەکانی بە رووی ناردنەوەی ئەو پەنابەرانەدا نەکاتەوە»، کە بەگەڕاندنەوەیان بەشێکی زۆریان تووشی کێشەو نەخۆشیی دەروونی‌و تەنانەت گیانلەدەستدان دەبنەوە.

بەپێی ئامارە نارەسمییەکان، تائێستا نزیکەی (٥)هەزار پەنابەری کورد لە وڵاتانی ئەوروپاوە نێردراونەتەوە کوردستان، هەرچەندە ئامانج عەبدوڵڵا، لێپرسراوی لقی کوردستانی فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراق، ئاماژە بە راستی ئەو ژمارەیە دەکات، بەڵام روونیدەکاتەوە کە ئەوان ئاگاداری ناردنەوەی (٣)هەزار پەنابەرن، «بەڵام ژمارەکە لەوە زیاترەو خۆی لە (٥)هەزار دەدات‌و پشکی شێریش بەر وڵاتی بەریتانیا دەکەوێت کە زۆرترین پەنابەری ناردوەتەوە»، نوێنەری ئەو پەنابەرانەش حکومەتی هەرێم تۆمەتبار دەکات‌و پێیوایە، ڕێککەوتنی نهێنی هەیە بۆ ناردنەوەی ئەو پەنابەرانە.

وڵاتانی ئەوروپا کە نزیکەی (٢)ملیۆن پەنابەری کوردیان تێدا نیشتەجێیە، فشاری زۆریان خستوەتە سەر پەنابەرە کوردەکان‌و ڕەوانەی کوردستانیان دەکەنەوە بەتایبەت وڵاتانی بەریتانیا، سوید، ئەڵمانیا، دانیمارک، فنلەنداو سویسرا لەپێشەوەی ئەو وڵاتانەن کە کوردەکان دەنێرنەوە.

فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نکۆڵی لە ناردنەوەی پەنابەران ناکات، بەڵام لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «هیچ ڕێککەوتنێکی نە ئاشکرا نە نهێنی نییە سەبارەت بە زۆر ناردنەوەی پەنابەران»، روونیشیکردەوە کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەندێک یاساو پەیماننامەی نێودەوڵەتی هەن کە دەخوازن هەموو وڵاتانی جیهان پێوەی پابەندبن‌و وتی: «کاتێک کەسێک یاسای وڵاتێک پێشێلبکات یان دادگای وڵاتێک بڕیاری دەرکرد کەسێک ڕێی پێ نەدرێت لەو وڵاتە بمێنێتەوە ئەوا دەنێررێتەوە وڵاتی خۆی، جا بە خواستی ئەو وڵاتە بێت یا دژی، ئێمەش هەرێمێکین لە چوارچێوەی عێراق‌و حکومەتی عێراقی فیدراڵ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەدەبات‌و لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتەی دەرەوەی عێراق بۆ حکومەتی فیدراڵ دایدەڕێژن، دەبێت پابەندبین بەپێی دەستووری عێراق».

ئەوەشی خستەڕوو کە هەڵوێستی حکومەتی هەرێمیان بەئاشکرا راگەیاندووە، کاتێک ساڵی رابردوو لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیراندا بە ڕەسمیی ئەو بڕیارەدراو «ئێمەش بە ڕەسمیی لایەنە نێودەوڵەتییەکان‌و وڵاتانی بیانیمان ئاگادارکردووەتەوەو ئەوەی پێمانکرابێت لەگەڵ باڵیۆزخانەو کونسوڵگەرییەکاندا کردومانەو پێمان راگەیاندون، دژی ئەو بڕیارەو بەزۆر ناردنەوەین‌و هانمانداون بەرنامەی ڕێکوپێک دابڕێژن بۆ گەڕانەوەی ئارەزومەندانی ئەو پەنابەرانەو فێرکردنیان بەکارێک کە دوای گەڕانەوەیان بتوانن بژێویی ژیانی خۆیان دابین بکەن لە کوردستان»، هەروەک پێیوایە حکومەتی هەرێم درێغی نەکردوە، بەڵام «هەندێکجار بەپێی یاسا، دەبێت حکومەتی هەرێم ملکەچی یاساو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بێت، بەتایبەت لەکاتێکدا کە دادگای وڵاتێک بڕیاری دەرکردنی هاوڵاتییەک دەدات کە یاسای پێشێلکردووە یان تاوانێکی ئەنجامداوەو کەتنی کردووە».

هەرچەندە فەلاح مستەفا قسەی فیدراسیۆنی پەنابەران ڕەتدەکاتەوە بەرامبەر ڕەزامەندیی حکومەت بۆ ناردنەوەی پەنابەران‌و دەڵێت: «ئەو قسانە راست نین، زۆرجار ئەوان شتی نادروست دەڵێن‌و ئەوە نییە کە ئەوان باسی دەکەن»، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە حکومەتی هەرێم بەرپرسیارێتی هەیە بەرامبەر تەواوی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان‌و باشکردنی گوزەران‌و ژیانیان‌و بایەخدان بە هەموو ئەو بوارانەی پێویستن، سەبارەت بە گەڕاندنەوەی پەنابەران‌و دروستبوونی کێشە بۆیان وتی: «ئەوانە لە هەموو کەس باشتر دەتوانن خزمەتی خۆیان بکەن، بە کارکردن لەگەڵ ئەو وڵاتانە بەتایبەت ئەوانەی ئارەزومەندانە دەگەڕێنەوە کە فێری پیشە دەکرێن‌و مەشقیان پێدەکرێت‌و لەگەڵ هەندێک ڕێکخراو هاوکاری دارایی دەکرێن‌و یارمەتی دەدرێن، بەڵام هەندێک کێشەی وەک نیشتەجێبوون بۆ هەموو کەسێکە، بۆیە ناکرێت بەتەنها بڵێن ئەوان، چونکە ئەوانە نە بە داواو نە بەپرسیاری حکومەتی هەرێم کوردستانیان جێهێشتووەو چەندین چیرۆکی نادروستیان بەرامبەر حکومەتی هەرێم‌و پارتە سیاسییەکان وتوە، بۆ ئەوەی مافی پەنابەرێتییان بدرێتێ، بۆیە حکومەتی هەرێم بەرپرسیارێتیی چارەنووسی ئەوان نییەو خۆیان لەوە بەرپرسن، جگە لەوە پێویستە بڕیاری گەڕانەوەی ئارەزومەندانە بدەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تەندروست بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگە».

بەڵام ئامانج، لێپرسراوی لقی کوردستانی فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراق، رەخنەی ئەوەی گرت کە نارەزاییەکی وا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەرنەبڕاوە بەرامبەر بەزۆر ناردنەوەی ئەو پەنابەرانە، «ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەو هەڵوێستە تەنها بەرامبەر کورد دەکرێت‌و تەنیا کورد لە ئەوروپا دەنێررێتەوە، لە هیچ وڵاتێکدا بەبێ ڕەزامەندی حکومەت پەنابەر نانێردرێتەوە»، ئەوەشی بە ئەگەری بوونی ڕێککەوتنێکی نهێنی زانی لەنێوان حکومەتی هەرێم‌و ئەو وڵاتە ئەوروپییانەدا بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەند، «ڕەنگە لەبەر هەندێک بەرژەوەندیی حکومەت بێت».

ئەو ڕەخنانەی ئامانج لەکاتێکدان کە بەبڕوای ئەوان حکومەتی هەرێم دەتوانێت بە نەکردنەوەی فڕۆکەخانەکانی بۆ ناردنەوەی ئەو پەنابەرانە ڕێگریی لەو «بەزۆر ناردنەوانە بگرێت»، چونکە جگە لەوەش بەپێی یاسای دیپۆرتەیشنی ساڵی ١٩٨٢ی بەریتانیا، هەر پەنابەرێک بەزۆرو بە گشتی، بەکۆمەڵ بنێررێتەوەو وڵاتەکەی ٢جار لەسەر یەک وەرینەگرێتەوە، مافی پەنابەرێتی دەدرێتێ‌و قەرەبووی زیانەکانی بۆ دەکرێتەوە.

ئامانج، باس لەوەشدەکات کە بۆ ڕێگرتن‌و وەرگرتنی هەڵوێست یاداشتیانداوە بە حکومەتی هەرێم‌و پەرلەمانی کوردستان‌و وتیشی: «وتەبێژو جێگری سەرۆکی حکومەت‌و هەندێک لە ئەندام پەرلەمانەکانی پێشووشمان بینی‌و لەدوا دانیشتنی خولی پێشووی پەرلەمانیشدا ئامادەبووین، بەڵام تائێستا بە فەرمی وەڵامی یاداشتەکەی ئێمە نەدراوەتەوە».

هەروەک دەشتی جەمال، سکرتێری فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراق لێدوانێکی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە بەریتانیا بە پڕوپاگەندە لەقەڵەمدەدا، کاتێک وتبووی حکومەتی هەرێم دژی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران بووەو دەشتی دەڵێت «ئەوقسانە پڕوپاگەندەن‌و هەوڵێکی دیکەی چەواشەکارانەیە».



خۆپیشاندانی پەنابەران لە بەریتانیا

## بودجەو کاتی زیاتری دەوێت

# کارکردن لە سەرای سلێمانیدا دەوەستێت

سەنگەر جەمال

زیاتر لە مانگێکە کارکردن لە پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی سەرای سلێمانیدا وەستاوەو دەنگۆی ئەوە هەیە پڕۆژەکە شکستی هێنابێت، بەڵام ئەندامێکی لیژنەی پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەکە ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت: «قۆناغی یەکەمی تەواوبووەو کار بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی دووەم دەکەین»، بەڵام پێیوایە، تەواوبوونی پڕۆژەکە بودجەو کاتی زیاتری دەوێت لەوەی کە بۆی پێشنیازکراوە.

ڕەفیق ساڵح، ئەندامی لیژنەی پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەکە ڕەتیکردەوە کە کارکردنیان وەستابێت‌و وتی: «قۆناغی یەکەمی تەواوبووە کە لابردنی گەچو لەبغو ئەوشتانە بوو کە بە زیادە دروستکرابوون، ئێستا هەندێک شتمان بۆ ڕوونبووەتەوەو دەزانین سەرا لەچی دروستکراوەو چی تێدابووە، وەک بۆری زۆپای دار کە دەبێت وەک خۆیان نوێ بکرێنەوەو ئەو قۆناغە مانگی (٧) تەواوبووە».


ئەو، هۆکاری راگرتنی کارەکانی بۆ ئامادەکاریی‌و جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی پڕۆژەکە گەڕاندەوەو وتی: «قۆناغی دووەم دانانی دیزاینی سەرایەو دەبێت بزانین بیناکە لەکوێدا زیانی پێگەیشتووەو چۆن ئەوگرفتانەی چاک بکەین، چونکە بیناکە کۆنەو دەبێت بزانین بە چ جۆرێک دروستکراوە، ئەو کەرەستانەی تێدا بەکاربهێنین، کاری ئەو دیزاینەش نووسینگەیەکی ئەندازیاری پسپۆڕی ئێرانی دەیکەن‌و سەرقاڵی کارکردنن لە پڕۆژەکەداو دەبێت ئەو دیزاینەو وردەکارییەکانی چێک بکرێنەوە».

پڕۆژەی سەرای سلێمانی لەسەر بودجەی ئەنجومەنی پارێزگا بەبڕی (٨٠٠) ملیۆن دینار لەسەر رووبەری بینای (١٦٨٤)مەتردووجا جێبەجێدەکرێت، بەشێوەی راستەوخۆ لەلایەن پارێزگای سلێمانییەوەکارەکانی ئەنجامدەدرێن کە بیناکە (٤٦)ژوورو (١١٥)پەنجەرەی تێدایە. بەرپرسانی جێبەجێکاری پڕۆژەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە مەبەستیان لە پڕۆژەکەو چاکسازیکردن تێیدا بۆ بەهاناوەچوونی بینا کەلەپورییەکانی شاری سلێمانییە، بەشێوەیەک کە بگەڕێنرێنەوە سەر شێوە ڕەسەنەکانی خۆیان‌و «سەرا بکرێتە شوێنێک کە هاوڵاتییان سەردانی بکەن».

لەبارەی دواکەوتنی پڕۆژەکەو ڕەخنەی هاوڵاتییانیشەوە، ڕەفیق ساڵح، وتی: «پڕۆژەکە شکستی نەهێناوە، بەڵام دەمانەوێت هەندێک شوێن کە ئێستا دەرکەوتوون زیانیان بەر نەکەوێت، پێش بارانبارین هەندێک کاری خۆمان دەکەین، گرنگ ئەوەیە پڕۆژەکە وەکخۆی لێبکرێتەوەو ئێمە ڕێگربووین لەوەی ئەو شوێنەوارە مێژووییە لەدەست بچێت کە هەڕەشەی لەسەربوو، دەیانویست بکرێتە دوکان‌و بازاڕ یان تێکبدرێت»، لەبارەی بەسەرچوونی وادەکەی‌و ئەو بودجەیەی بۆی تەرخانکراوە وتیشی: «جێبەجێکردنەکە پەلەی تێدا ناکرێت، چونکە وردەکاریی زۆرەو بیناکەی کۆنەو دەبێت بەهێواشی کاری تێدا بکرێت، هەرچەندە بودجەو ماوەکەشی لەسەر ڕۆشنایی فەرمانگەی شوێنەوار بە مەزەندە بۆی دانراوە، بەڵام شکم هەیە لەوەو ڕەنگە ماوەو بودجەی زیاتری بوێت».






سەرای سلێمانی     فۆتۆ: ڕۆژنامە

## بە گۆژمەی زیاتر لە (٤) ترلیۆن دینار پرۆژەی بۆکراوە

# کەمتر لە سێیەکی پایتەخت تۆڕی ئاوەڕۆی هەیە

هێمن محەمەد
ئارام شێخ وەسانی

شاری هەولێر روبەرەکەی (١٤٠٠٠) کیلۆمەتردوجایەو نزیکەی (١٥٠٠٠٠٠) دانیشتوانەکەیەتی، بەڵام تائێستا زۆرێک لە گەڕەکەکانی ئاوەڕۆیان بۆ نەکراوەو لە پێویستی دروستکردنی (٣٥٠) کیلۆمەتر تەنیا (٩٦) کیلۆمەتر ئاوەڕۆ ئەنجامدراوە، ئەوە لەکاتێکدایە ئەوشارە پایتەختی هەرێمی کوردستانەو لەچەند ساڵی رابردوودا رووکاری شارەکە گەشەی پێدراوە.
لایەنە پەیوەندیدارەکان نکووڵی لەوە ناکەن کە نەیانتوانیوە «هەموو کەموکورتییەکان چارەسەربکەن»، بەڵام جێبەجێنەکردنی ئاوەڕۆ بۆ زۆربەی گەڕەکەکانی پایتەختی هەرێمی کوردستان لەکاتێکدایە کە ئەندازیارێکی پسپۆڕی ئەو بوارە ئاماژە بەوە دەکات؛ «هەر شارێک ئەگەر تۆڕی ئاوەڕۆی تەواو نەبێت بەشار ئەژمار ناکرێت».

### گرنگی و مەترسیی

محەمەد کەرکوکی، ئەندازیاری شارەزا لە بواری ئاوەڕۆی شارەکان، جەخت لە گرنگی ئەو بوارە دەکاتەوەو دەڵێت: « ئەگەر هەر شارێک تۆڕی ئاوەڕۆی تەواو نەبێت بەشار ئەژمار ناکرێت، چونکە بنەمای کۆبوونەوەی خەڵک لە شوێنێک مانای ئارامیو پاکوخاوێنیو سەلامەتییە، هەرکاتێک نەتوانرا ئاوەڕۆی ماڵەکان ژێرزەوی بکرێت، ئەوا نەهامەتیی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە تەندروستی مرۆڤەوە هەیە»، ئەو باس لەوەدەکات کە لە کوردستان بەشێوەیەکی گشتیی کێشەی ئاوەڕۆ هەیەو «هەرچەندە هەوڵدراوە لە سەنتەری شارەکان چارەسەربکرێت، بەڵام لە هەندێک گەڕەکو زۆرێک لە قەزاو ناحیەکاندا هێشتا تۆڕی ئاوەڕۆ نییە».
لەلایەکی دیکەوە سرود عەبدول، بەڕێوەبەری ئاوەڕۆی شاری هەولێر، نکووڵی لە گرنگی ئەو کەرتە نەکردو وتی: «لە رووی خزمەتگوزارییو ژینگەییەوە پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بە ژیانی هاوڵاتییانەوە، بۆیە ئێمە گرنگی زۆر بەو کەرتە دەدەینو هەوڵمانداوە ئەو بابەتە چارەسەر بکەین، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەڕێوەبەرێتییەکەمان تازەیەو لەساڵی (٢٠٠٦)وە دامەزراوە نەمانتوانیوە هەموو کەموکورتییەکان چارەسەربکەین».

### تۆڕی ئاوی قورس

ئەگەرچی بەپێی ئامارە رەسمییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر لەماوەی ساڵی (٢٠٠٤) تاکۆتایی (٢٠٠٧) زیاتر لە (٥٠٠٠) پرۆژەی بە گوژمەی زیاتر لە (٤) ترلیۆن دینار بۆ جێبەجێکراوە، بەڵام تائێستا لە شاری هەولێردا تۆڕی ئاوی قورس نییە، هەروەها هیچ پاڵێوگەیەکیش نییە بۆ پاککردنەوەی ئاوی زێرابو بەکارهێنانەوەی. بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر دەڵێت: «لە هەولێرو هەموو کوردستاندا تۆڕی ئاوی قورسو پاڵێوگەی پاککردنەوەی ئەو ئاوەشمان نییە، هەرچەندە هەوڵی زۆرمان داوە بۆ ئەو بابەتەو حکومەتی هەرێم گرنگی زۆری پێداوە، بەڵام هەوڵەکان نەگەیشتوونەتە کۆتایی، ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین پاڵێوگەیەک دابمەزرێنین بۆ پاککردنەوەی ئاوی زێرابو بەکارهێنانەوەی لە بواری کشتوکاڵ، دروستکردنی پەینی کیمیاویی، بۆ ئەو مەبەستە گرێبەستەکە دراوە بە کۆمپانیایەکی ئەڵمانیو شوێنیش بۆ پاڵێوگەکە دروستکراوە».
تۆڕی ئاوی شاری هەولێر پێکهاتووە لە بۆری پلاستیکو زێرابی کۆنکرێتیی، هەموو شارەکە پێویستی بە (٣٥٠) کیلۆمەتر ئاوەڕۆ هەیە، بەڵام تائێستا زۆرێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر ئاوەڕۆی نییە، سرود عەبدول، بەڕێوەبەری ئاوەڕۆی شاری هەولێر لەوبارەیەوە دەڵێت: «پێویستە بزانین ئەو بابەتە بودجەیەکی زۆری دەوێت، تائێستا توانیومانە (٩٦) کیلۆمەتر ئاوەڕۆ دروستبکەین بۆ ناو شاری هەولێر، ئەو بودجەی سەرفکراوە بە وەزارەتو پەرەپێدانی پارێزگاکان نزیکەی (٢٧) ملیار دینار بووە».

### نەبوونی ئاوەڕۆو کێشەکانی

نەبوونی ئاوەڕۆ لە چەندین گەڕەکی شاری هەولێر، کێشەی زۆری بۆ هاوڵاتییانی ئەو گەڕەکانە دروستکردووە.
بەڕێوەبەری ئاوەڕۆی هەولێر لەوبارەیەوە دەڵێت: «هەندێک گەڕەک هەیە بەهۆی کۆنیەکەیەوە نەتوانراوە ئاوەڕۆی بۆ بکرێت وەک گەڕەکەکانی تەعجیلو عەرەبو خانەقاو چەند گەڕەکێکی دیکە، بەڵام زیاتر گەڕەکە کۆنەکانن کە بواری ئەوەی نییە ئاوەڕۆیان بۆ دروستبکرێت، چونکە ئامێرەکانمان ناتوانن ئیشی تێدابکەن، گەڕەکە تازەکان ئەو کێشەیەیان نییە».
بەڵام دیار حەسەن هاوڵاتییەکی گەڕەکی خانەقای هەولێرە، کە لە گەڕەکەکەیاندا تۆڕی ئاوەڕۆ نییە، دەڵێت: «بەوهۆیەوە تووشی گرفت بووین کە جگە لە بۆنی ناخۆشو سیمای ناشرین مەترسیی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیمان هەیە».

### دانەپۆشینی ئاوەڕۆو کەوتنەوەی کارەسات

هەرچەندە سرود عەبدول دەڵێت «لە پلانەکانماندا ئەوە هەیە کە زێرابی کۆبووەوەی شاری هەولێر دابپۆشینو بۆئەوەی تا ماوەیەکی درێژ کێشەی ئاوەڕۆمان نەبێت، رەچاوی ئەوەمان کردووە کە تا ساڵی (٢٠٣٥) ئاوەڕۆکان کۆنترۆڵی ئاوی زیادەی شار بکەن».
بەڵام گرفتی سەرەکیی شاری هەولێرو دانیشتووانی دەرەوەی دانەپۆشرانی ئاوەڕۆکانی شارەکەیە، بەشێوەیەک ئاوەڕۆی هەولێر لە رێگەی جۆگەی دانەپۆشراوەوە بە تەنیشت کۆمەڵگەی تورەقدا دەڕوات، کە دەکەوێتە سەر رێگای موسڵ لە خۆرئاوای هەولێرو دانیشتووانی کۆمەڵگەی تورەقی نیگەرانکردووە، کە ژمارەیان نزیکەی (١٠٠٠) ماڵ دەبێت، چونکە جگە لە بۆنی ناخۆشو ترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لە چەند ساڵی رابردوودا منداڵێک تێیدا گیانی لەدەستدا.



پایتەختی هەرێمی کوردستان  فۆتۆ: سافی


# «حکومەتەکەی ئێوە وەک بەسەرهاتی کابرای شمشاڵژەنی لێهاتووە»

## نامەیەک لە زیندانییەکانەوە بۆ ئەو دوو سەرکردە دەسەڵاتدارە

**بەڕێز سەرۆک کۆماری عێراق،
بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

دوای رێز.. وەک رۆژی رووناک دیارە لە دێر زەمانەوە سەرکردە نەمرەکان تێدەکۆشن لە پێناوی هێنانەدی ئاواتەکانیان بۆ دامەزراندنی حکومەتی کوردی، کەسەردەمی ئەوان بەوشێوەیە کورد بوونی نەبووەو هەر بەو ئاواتەشەوە سەریان نایەوە تاکو راپەڕینە ناودارەکەی ئازاری (١٩٩١)، کە بە هیمەتی خەڵکی بە شەرەفی کوردستان رژێمی دیکتاتۆریان رووخاند، ماوەی (١٨) ساڵیشە بە قسەی خۆتان بوون بە حکومەت کەچی حکومەتەکەی ئێوەش وەک بەسەرهاتی کابرای شمشاڵژەنی لێهاتووە، چونکە هیچی لێنەدەزانی تەنیا خەڵکی بێزار دەکرد، کەچی هەر بۆ خۆشیی دەستخۆشی لە خۆی دەکرد.
چەند ساڵە کە ئێوە بوون بە حکومەت هیچ کارێکتان نەکردووە کە چەند بەرامبەر بەرژەوەندیی خۆتانی تێدا نەبووبێت لەوەتای کورد بوونی هەیە تائێستا هەر بەشی دەربەدەرییو چەوسانەوە بووە، بێگومان هەر بۆ خۆشتان خەتابارن، چونکە تائێستا کوردستان سەرکردەیەکو خەمخۆرێکی بەخۆیەوە نەدیوە، کە بەراستی لە پێناوی بەرژەوەندیی میللەتەکەی تێبکۆشێت، ئەمڕۆ هەرچی راستدەبێتەوە سەرکردەیەکە بۆ خۆی پێیوایە ئەگەر ئەو نەبا رژێمی بەعس نەدەڕووخا وەک ئەوانەی کە لەسەر کوردایەتی لە شاخەکانی کوردستان بێ ماڵو حاڵو کەسوکاربوون لەچاو ئەوان راوچی بووبن خۆ رژێمی «سەدام حسێن» زۆر لە ئێوە گەورەتر بوو، میللەت رووخاندیو کارێکی وایان پێکرد کە هەر شوێنەواریشیان نەهێشت، بێگومان ئەگەر ئێوەش لەسەر ئەو قانوونو یاسایەی ئێستا بەردەوام بن رۆژێک دادێ بە دەردی رژێمی بەعس بچن، چونکە بەڕاستی قانوونی ئێستای ئێوەو دیکتاتۆریەتی ئەوکاتی رژێم هیچ جیاوازییەکی نییە، پێتانوایە هەر ئێوە بە تەنیا رژێمی بەعستان رووخاند، خۆ ئەگەر ئەوکاتیش میللەت لە پشت ئێوە نەبا، بەخوا ئێستاش هەر دەبوو لە شاخەکانی کوردستان ژیابانو رۆژانە بە خەیاڵی راپەڕینەوە سرودی «ئەی رەقیبتان» بە کۆرس بگوتبایە، ئەی بۆچی ئێستا سەرەڕای بوون بە حکومەت ئاوا لەو میللەتە دەکەن، ئەی بۆچی سەردەمی شەڕی براکوژیی تەنیا لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆتان خوێنی هەزاران پێشمەرگەتان خستە سەر زەویو جەرگی هەزاران دایکتان سووتاندو لەپاش چەندین ساڵەی شەڕی براکوژیی بۆ خۆتان چوونەوە سەر تەختی پاشایەتی خۆتانو خەڵکانێکی یەکجار زۆریش لەسەر ئێوە ماڵو حاڵی خۆیان بەجێهێشتو ئاوارەبوون، زۆربەیان ئێستاکەش نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیانو دەیانو سەدان کەسیشتان خستە ناو زیندانەکانو ئێستاش کەسوکاریان چاوەڕوانی گەڕانەوەیان دەکەن. بەڕاستی حکومەتەکەی ئێوە تەنیا لەوە ئازایە کە خەڵکی فەقیرو هەژار بگرنو بیانخەنە ناو زیندانەکان ئێستاکە لەو سێ پارێزگایەی هەرێم نزیکەی (٢٥٠٠ – ٣٠٠٠) زیندانی هەیە کەچی سەرۆکی هەرێم بە هەموو توانای خۆی لە کۆی ئەو هەموو زیندانیە تەنیا (٢٣) کەس ئازاد دەکات، ئێمەی زیندانیی ناڵێین دەرگای زیندانەکانیش بۆ ئێمە بخەنە سەرپشت، تەنیا دەڵێین لەبەرئەوەی (٨٥٪)ی ئێمە بە غەدرو ناهەقییەکی زۆرەوە حوکم دراوین هەرنەبێ وەک وەفایەک بۆ خوێنی شەهیدان لێبووردنێکمان بۆ دەربکەن تاکو حوکمەکەمان کەمێک لەسەر سووک ببێت، دڵنیابن ئەگەر ئەو کارە بکەن بەرامبەر بە ئێمە زیاتر بەرژەوەندیی ئێوەی تێدا دەبێتو هەر ئێوەش پێی سەربەرز دەبنو زیاتر خەڵکەکەش بڕواو متمانەتان پێ دەبەخشێت، ئێمە ئەگەر تاوانباریش بین بە هەقی خۆمان حوکم بدرێین باشترە، بەڵام ئێوەش خەریکە تەڕو وشک پێکەوە دەسووتێنن، بۆیە هیوادارین زۆر بە زوویی کارێک بۆ ئێمەی زیندانیی بکەن، ئەگەرنا ئێمەش ناچارین هەروەکو خۆتان کەسێکی وەکو «عەزیز وەیسی» پەیدا بکەین تاکو لەسەر بەدبەختیو غەدرلێکراویی خۆمان ئاهەنگی هەناسە ساردیی خۆمانی پێ بگێڕینو ئێوەش لە کەناڵەکانەوە ببینن.
لە کۆتاییدا داواکارین لە ئێوەی سەرکردەو لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم کە بەدەم داواکارییەکەمانەوە بێنو ئاسانکاریمان بۆ بکەن، بەڵکو بتوانین بچینەوە ناو کۆمەڵگەو ژیانێکی نوێ دەستپێبکەینەوە لەگەڵ کەسوکارمان، چونکە خاوەن کەسوکارین.
بە سوپاسەوە

**تێکرای زیندانیانی گرتووخانەی مەعەسکەر سەلام ـ سلێمانی**


٢- ... ابراهيم عزيز
٣- ... صالح عبدالقادر
٧- هاشم كاكه برا

# شەپۆلێک ناڕەزایی ڕووبەڕووی پەروەردە دەبێتەوە

بەرهەم عومەر
شارا عەبدولڕەحمان



لە چەند هەفتەی ڕابردوودا چەند قوتابخانەو خوێندنگەیەک چوونەتە بەردەم بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانیو ناڕەزایی خۆیان دەربڕیوە بەهۆی گواستنەوەیان لە بینای قوتابخانەکەی خۆیانەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە، کە دوو دەوامی دیکەی تێدایە، یان شیاوی خوێندن نییە، ئەمەش بەهۆی سیستمی نوێی خوێندنو پەیڕەوکردنی سیستمی قۆناغی بنەڕەتیو ئامادەیی.

ڕۆژی شەممە (١٠/١٠) ژمارەیەک لە خوێندکارە کچەکانی ناوەندیی گزنگی کچان، کە ئێستا هێنراونەتە ناو بینای قوتابخانەی (محەمەد قودسی لە گەڕەکی ڕزگاریی)و دەکرێتە خوێندنگەیەکی بنەڕەتیی، دەیانەوێت دووبارە ڕێپێوان بکەن بۆ بەردەم بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی، (کە هەفتەی پێشتر ڕێپێوانیان ئەنجامدابوو بەهۆی گواستنەوەیان بۆ بینایەکی دیکە)، چونکە بینای خوێندنگە نوێکەیان زۆر پیس بووەو نەشیاوو نا ئامادەبووە بۆ خوێندن، بەڵام هەڕەشەیان لێدەکرێت بۆ ئەوەی ڕێپێوان ساز نەکەن، هەروەها چەند تانکەرێک ئاو دەهێنرێتو خوێندنگەکەیان بۆ دەشۆردرێت.

کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە ئێستادا هیچ کێشەیەکی ئەو خوێندنگەیانەیان نەماوە، کە پێشتر ناڕازیی بوون لەبەرئەوەی قوتابخانەکەیان دەکرا بە بنەڕەتییو وتی: «هەموو هەنگاوێکی نوێ لە بواری پەروەردەدا، کۆمەڵێک ئاستەنگ دێتەڕێی، بەڵام ئێستا ئەو ئاستەنگانە هەمووی چارەسەرکراون».

بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی ڕایگەیاند: ئەو ڕێپێوانانەی، کە لەبەردەمی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەدا ئەنجامدراوە بەشتێکی گرانمان نەزانیوەو هەرچییەکیش لە تواناماندا بووبێت کردوومانە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی خۆمانو پرۆسەی پەروەردە، هەموو ساڵێکیش بەردەوام دەبێت.

زۆربەی زۆری ئەو کێشانەی ئەمساڵ لە ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکانی پەروەردەدا دروستبوو، پەیوەندیی بە لابردنی هەندێک بەڕێوەبەرو یاردەدەرەوە هەبوو، کە هەندێک پێیانوابوو پەروەردە بە ئیعازی حیزب ئەو گۆڕانکارییانەی ئەنجامداوە، ئەوەش پاش یەکخستنی هەندێک قوتابخانە دروستبوو لە جێبەجێکردنی سیستمی بنەڕەتیدا، کە ئەوەش ئێستا چارەسەرکراوە.

کەمال نوری وتیشی: من هەنگاوی حیزبیم نەناوە، فەرمانبەری وەزارەتی پەروەردەم، ڕێنماییو بڕیارەکانی وەزارەت جێبەجێ دەکەم، نەک حیزب، لەبەر ئەوە خێزانەکان ناڕازین لە پەروەردە.

جگە لە گرانیی نرخی ئەو جلو بەرگەی بۆ ئەمساڵی خوێندن بۆ قوتابیانو خوێندکاران کراوە بەشێوەیەک، کە بۆ هەر قوتابییەکی پۆلی یەکەمی بنەڕەتیی (٢٨) هەزار دیناریان لێسەندراوە، ئەمە لە کاتێکدا کە دەستێک جلی قوتابخانە لە باشترین جۆری قوماشو جوانترین دوورین، لە (١٥) هەزار دینار زیاتری تێناچێت، بەو هۆیەشەوە ناڕەزاییەکی زۆر لەناو خێزانەکاندا دروست بووە، چونکە خێزانی وا هەیە چوار منداڵ یان زیاتری قۆناغی بنەڕەتی هەیەو بژێوی ژیانی توانای دابینکردنی ئەو بڕە پارەیەی نییە، یان ڕەنگە ئەگەر خۆی جلەکانی بۆ بکردنایە بە (١٠) هەزار بۆ هەر دەستێک جل ڕزگاری دەبوو.

## بەزمی کتێبی خوێندن:

جگە لەو کەموکورتیانەی کە لە بڕیارە بە پەلەکانی وەزارەتی پەروەردەوە سەرچاوە دەگرێت، بە نموونەش گۆڕینی مەنهەجو سڕینەوەی کتێب لە ساڵی پاردا بۆ چەند جارێک، بەمەش سەر لە قوتابی تێکدەچێتو هاوکات کێشە بۆ مامۆستایانیش دروست دەکات، بەشێوەیەک کە تەنیا لەیەک نووسراوی بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانیدا بە ژمارە (٣٨٢)، کە لە (٢٠٠٨/٥/٢٨)دا دەرکراوە ژمارەیەکی زۆر کتێب لە بابەتەکانی (کوردی، پەروەردەی مەدەنی، زانستەکان، بیرکاری، ئینگلیزی، ڕێزمانی کوردی، زیندەوەرزانی، کیمیا)ی ساڵی ڕابردوو، کە هەر وەزارەتی پەروەردە خۆی ئامادەیکردبوو بڕێکی زۆر پارەی لە بودجەی ئەو وەزارەتە تێچووبوو سڕدرایەوەو سووتێنران.

لەلایەکی دیکەوەو لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٨-٢٠٠٩) بە بڕیاری وەزارەتی پەروەردە پارە کۆکردنەوە لە خوێندکارو قوتابی بە هەموو جۆرێک قەدەغەکرا، بەڵام هەر لەو ساڵەدا لە پەیمانگەی کۆمپیوتەر بڕی (٢٥-٣٥) هەزار دینار لە زۆرێک لە خوێندکاران کۆکرایەوە بۆئەوەی بۆیان بکرێت بە فیستیڤاڵ، بەڵام لە بوارێکی دیکەدا خەرجکرا.

## کێشەی تاقیکردنەوەی نیشتمانیی:

ئەمانە جگە لە ناڕەزایی قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی لە تاقیکردنەوەی نیشتمانی، کە بە بڕوای ئەوان هیچ سوودێکی نییەو تەنیا سەرقاڵکردنیانە، هەرچەندە وەزارەتی پەروەردە ئەو تاقیکردنەوەیەی لە سیستمی نوێی خوێندندا پەیڕەوکردووەو بە یەکێک لە پێویستییەکانی خوێندنی ئێستای دەزانێت، بەڵام چەندین کەموکوڕی تێدایە بۆ نموونە: لە تاقیکردنەوەی نیشتمانی قۆناغی پێنجەمی بنەڕەتیدا داڕشتنو بابەتی دەرخکردن بۆ قوتابی دێتەوە، بەڵام بۆ قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی، کە بەتەمەن گەورەترو توانایان زیاترە تەنیا هەڵبژاردن هاتووەتەوە، هاوکات بۆ قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی تاقیکردنەوەی کوردیو فیزیا لە یەک ڕۆژدابووەو تەنیا سێ سەعات دراوە بە هەردوو بابەتەکە.

## دەستێوەردانی حیزبی لە بواری پەروەردەدا:

لە هەموو ئەمانەش گرنگترو بێزارکەرتر مەسەلەی دەستێوەردانی حیزبە لە کاروباری پەروەردە بەشێوەیەک، کە بە ئاشکرا لە دانانو لادانی بەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکانەوە هەستی پێدەکرێت، تەنانەت بەدانانو کارکردنی سەرپەرشتیارانیشەوە دیارەو ئەمەش بووەتە هۆی بێ لایەن نەبوونی پرۆسەی پەروەردە بۆ نموونە:

هێشتا ساڵی نوێی خوێندنی (٢٠٠٩-٢٠١٠) دەست پێنەکردبوو، کە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی سزای سیاسیی زیاتر لە (٥٠) بەڕێوەبەرو یاریدەدەری قوتابخانەو خوێندنگەی داو لە کارەکانیانی دوورخستنەوە ئەویش بەهۆی ئەوەی کاریان بۆ لیستی کوردستانیی (لیستی دەسەڵات) نەکردبوو، بەوهۆیەشەوە ئەو بەڕێوەبەرانەو مامۆستایانی قوتابخانەکانیانو هاوکات قوتابیو مامۆستایانی قوتابخانەکانی دیکەی شاری سلێمانیش بۆ پشتگیریان لەبەردەم بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانیدا خۆپیشاندانێکیان سازکرد، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکیان نەدراوەتەوە.

ئاری ئەحمەد ڕەحیم، بەڕێوەبەری ئامادەیی ئەڵڵاییو ئەندامی دەستەی داکۆکیی لە مافی مامۆستیان، کە لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوودا ڕێپێوانێکیان سازکرد بۆ بەردەم بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: مەبەستی سەرەکی ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییانەی لە پەروەردەدا ئەمساڵ ئەنجامدرا لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە، مەبەستێکی سیاسیی بوو.

ئاری پێیوابوو؛ وەزارەتی پەروەردەو یەکێتیی مامۆستایان بەچاوێکی دژایەتیکردنەوە تێماندەڕوانن، هەر بۆیە ناتوانن گوێبیستی ئەو پێشنیازانەبن کە ئێمە بۆیان دەکەین، نموونەشی بەوە هێنایەوە، کە ساڵی ڕابردوو یەکێتی مامۆستایان ڕەخنەی لە دەستەکەیان گرتووە لەبەرئەوەی داوای دەرماڵەی مامۆستایانیان کردووە، بەڵام ئەمساڵ خۆیان هەمان داواکاریی بەرزدەکەنەوەو هەڕەشەی مانگرتنیشیان کردووە.

# پیادەکردنی یاسای دارستان بەکوێ دەگات؟



ملازم هونەر ئەحمەد سەعید

دەمەوێت لە مانشێتی وتارەکەمەوە بێمە ناو میکانیزمی باسەکەمەوەو پێناسەیەکی کورتی ئەم سیاسەتی دارستانە بکەم کە زۆر لە ئێمەو ڕۆشنبیرانی هەموو جیهان ئاگایان لەم کلتوورو شێوازە کلاسیکییەیە لە پەیڕەوکردن، بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتو ڕازاندنەوەی حەزو ئارەزووی تاکڕەویی تۆتالیتاریو خڕکردنەوەی جەماوەرێکی ناشەرعیو سەپاندنی هەیمەنەی سیاسیو چەسپاندنی گەل بە چاوسوورکردنەوەو ملنان بەو ئاراستەیەی کە هەتا خۆیان پێیان باش بێت.

لێرەوە تێدەگەین کە سیاسەتی دارستان وەک وشە سادەیە، بەڵام لە مەعنا عەقڵانییەکەیدا باسێکی زۆر هەڵدەگرێت. لە سەردەمو چاخەکۆنەکاندا ژیانی دارستان سروشتی وا بوو کە گەورە بچووک بخوات، یاخود بە مانایەکی تر بەهێز لاواز بخوات هەروەک بە دیالێکتی عەرەبیش گوێبیستی بووین (القوي ياكل الضعيف)، بەڵام ئەگەر بڵێم ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان دارستانێکە کەسانی بەرپرسو باڵادەستی حکومەت بەهێزەکە بن، ئەوا ئەوەی دەمێنێتەوە بریتی دەبێت لە میللەتێکی هەژارو ڕەشو ڕووتو پەککەوتە کە (١٨)ساڵە سیستمێکی داتەپیوی داڕزیو فەرز کراوە بە سەریدا.

لێرەدا بەرپرسانی یەکێتی بێبەش نین لە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتی دارستانە، ئەوەتا ڕۆژانە دەبینین چەندەها کەس سەرزەنشت دەکرێنو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەر بە نانبڕینو گواستنەوەو دەرکردنو ناشرینکردنی خودی کەسایەتییەکان بە چەندین بیانووی ناشەرعیی بۆ فراوانکردنی فەزای سیاسیو ڕەگ داکوتینی کورسیی دەسەڵاتو ڕازیکردنی پیاوەکانیان، ئەمەش وایکردووە یەکێتی خۆی لە چەند کوتلەیەکی بچووک بچووکو فرەکوێخایەتیدا ببینێتەوەو بەرەو ئاراستەیەکی وەها بڕوات کە مەسەلە ستراتیژییەکانی گەلو نیشتمان هێدی هێدی ون بکرێن.

ئەگەر نا بۆ کەسانێک لەدوای دەرکردنو نانبڕینو شێواندنی باری ئابووریی خێزانی کە لەبەر بیروڕای جیاوازو قەناعەت نەمانی بە سیاسەتی دەسەڵاتو یەکێتی بە (گەڕو گولو قەرزارو یاخیبوو لە حکومەت لە قەڵەم بدرێن) لافو گەزافی سەربازییو یاسای سەربازیی لێبدەن، لەکاتێکدا خۆیان بەرپرسی یەکەمن لە شکاندنی پرەنسیپە سەربازییەکان، بە زۆر دەرکردنو بە زۆر گواستنەوەو بە زۆر مووچەبڕین لە چ یاسایەکی سەربازییەوە هاتووە جگە لە ئەنجامدانی حاڵەتێک وەک خیانەتی گەورە «الخيانة العضمى»، هەندێک سەرپێچی کە لە چوارچێوەی یاسای سەربازیی بەدەربێت.

ئەگەر زۆر دڵنیان لەو بڕیارەی خۆیان، با پرێس کۆنفرانسێکی ئاشکرا پێکبهێنرێت بە ئامادەبوونی چەندەها کەسی پسپۆڕو شارەزا لە بواری کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو سەربازییو نوێنەری لایەنەکانی دەسەڵاتو مەکتەبەکانی مافی مرۆڤو ڕێکخراوو فیدراسیۆنەکان بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان بۆ ئەوەی چیتر لەوە زیاتر خەڵک چەواشە نەکەن.

هەروەک پەرلەمانتار (نەسرین جەمال) لە زاری خۆیەوە ڕایگەیاند «ئێمە ئاگامان لە هەموو شتەکانە، بە بەڵگەوە کەیسەکانمان پاراستووەو پەیوەندیمان کردووە بە نانبڕاوەکانەوەو لە نزیکەوە ڕاستییەکانمان وەک خۆی وەرگرتووە»، ئەمە جگە لە لێدوانەکەی پەرلەمانتار بورهان ڕەشید، پسپۆڕو لێهاتوو لە بواری یاسا کە ئاماژەی بە کۆمەڵێک بەڵگەو شتی نایاسایی کرد لە (نقل تعصفی)و کۆمەڵێک چەمک کە ئەمانە هەمووی لە هیچ سیستمێکی وڵاتاندا پەیڕەو ناکرێن.

هەر لەبەر ئەمەیە تێفکرینی مەنتیقیی ئێمە وا تێماندەگەیەنێت کە ئەم سیاسەتی فرەکوێخایەتییە پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی فیعلی هەیە.

# تاکەی پارتی نایەت بەدەم بانگەوازی بەڕێوەبەرە لابراوەکانەوە

م. کەریم محەمەد عەلی

بە بڕیارێکی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی پێش (٣١)ی ئابی (١٩٩٦)و دوای (٣١)ی ئاب هەندێ بەڕێوەبەر لابران بە بڕیارێکی تاکلایەنە لەبەر ئەوەی ئەمانە پارتی بوون، هیچ تاوانێکی دیکەیان نەبوو بڕیارەکە ناو شارو دەرەوەی گرتەوە.

بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە حسابێکیان بۆ بکرێت هەموو تاوانی ئەوانە ئەوەبوو پارتی بوون، بەڵام دوای وازهێنان لە پۆستەکەیان پەیوەندییان بە زۆریانەوە کرد، بۆ ئەوەی پلەی بەرزتریان بدەنێ بۆ ئەوەی واز لە پارتی بهێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی پارتایەتی چووبووە ناخیانەوە نەیانتوانی بیروباوەڕیان بگۆڕن، بەڵام بەداخەوە لەوکاتەوە ئەمانە لابران هیچ کەس باسی نەکردوون چەندجارێک ناوچەی مامۆستایانی سلێمانی هەموو ساڵێک بە نووسراوێک سەرو خۆیانیان ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام بەداخەوە هیچ جوابی نووسراوەکانیان نییە، مانای ئەوەیە ئەوانە بێ خاوەنن، هەرچەند ژمارەیەک لەم بەڕێوەبەرانە لە ساڵانی (٧٠)وە پەیوەندییان بە (پ.د.ک)وە کردووە خاوەنی خەباتێکی زۆرن گۆڕان دوێنێ دروست بوو، چونکە خاوەنی بیروباوەڕی خۆیان بوون خاوەنیان هەبوو توانیان لەڕێگەی خۆپیشاندانو لەڕێگەی کەناڵەکەیانەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بسەلمێنن، کە غەدریان لێکراوەو لەسەر بیروڕای جیاواز دەرکراون خۆ (پ.د.ک) نەیتوانی ئەوەش بۆ ئێمە بکات، بەداخەوە خۆم بە خاوەن ئەو خەباتە زۆرە دەزانمو زۆر زۆر پەشیمانم، کە لەگەڵ ئێوە تێکەڵ بووم، چونکە خۆم بەبێ خاوەن دەزانم، چونکە ئەگەر خاوەنم ببوایە هەتا ئێستا پرسیاری لێ دەکردم، یان ئەوەیە خۆیان بە خاوەنمان نازانن یان ئێمە بە زۆر خۆمان بەواندا هەڵواسیوە هەر نەیاندەتوانی جیاوازی پارەی مووچەی بەڕێوەبەریان بۆ حیساب بکەن ئەی ئەم پارەیان بۆ کەی هەڵگرتووە؟.

ئەمەش ناوی ئەو بەڕێوەبەرە پارتیانەیە، کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە پارێزگای سلێمانی لابراون:

- م.عوسمان محەمەد ئەمین بەڕێوەبەری دواناوەندی سەرچناری کوڕان
- م.محەمەد عەلی یاریدەدەری بەڕێوەبەری سەرچنار
- م.ئیمتیاز بەڕێوەبەری خوێندنگەی دواناوەندی زەکی ئەلکان
- م.کەژاڵ، یاریدەدەری بەڕێوەبەری زەکی ئەلکان
- م.سەردار، بەڕێوەبەری سەرەتایی بەکرەجۆ
- م.پەری، بەڕێوەبەری بارزانی، کە ئێستا مەشخەڵانە
- م.دیمەن، یاریدەدەری بەڕێوەبەر بەرزان
- م.بەختیار جاف، بەڕێوەبەری دیاربەکر
- م.شێرکۆ محەمەد سەعید، یاریدەدەری بەڕێوەبەری دیاربەکر
- م.ئارام هەورامی، بەڕێوەبەر
- م.شێخ (ب) حەفید، بەڕێوەبەری قازی محەمەد
- م.کەریم، یاریدەدەری بەڕێوەبەری قازی محەمەد
- م.ڕەفیق، بەڕێوەبەری (١١)ی ئازار

تێبینی:

بڕیاربێ ئەگەر پارتی جوابی ئەم نووسراوەی نەدایەوە، هەموو خەباتم لە ساڵی (٧٠)وە هەتا ئێستا لە کەناڵی گۆڕانەوە بە چاوپێکەوتنێکەوە باسی ژیانم بکەم چیم بەسەر هاتووە. لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان بە ماڵو بە ژیان بە درێژی باس بکەم بۆ خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی ئەوان بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی حەقە یان نا، چونکە تاڵیی زۆرم چەشت لەپێناوی ئەم حیزبەدا کە بێ خاوەنم.

# جیناتێکی جینان خانی وەزیرتان بینی بجوولێت؟



هەڵۆ مەرگەیی

ئەگەر بڕیارە دەستو پێکردنەوەی ژن وەک مرۆڤو بوونەوەرێکی ئازاد تا ئەندازەی پیرۆکردنی خولیاو خەونەکانی خۆیو دەستەبەری مافەکانی لە شکاندنی قفڵی نەریتو کلتوورو دەرگیرییە بۆماوەییەکانو یاسای باری کەسێتیو نا دروستی پەیوەندییە ئاساییەکانی نێوان پیاوو ژن لە ئاستە کۆمەڵایەتیو خیزانییەکانەوە نەشونما بکەنو دابڕێژرێنەوە بەشێوەی مۆدێرنو هاوچەرخو پێشکەوتنخوازانەش کێشەکانیان چارەسەر بکرێن، ئاریچەکەی دەبێت حکومەتو ئەو سیستەمە بێت کە ژیانو مافو ئازادیی هەمووان بە یاسا ڕێکدەخات، بێگومان حکومەتیش لە ڕێگەی لایەنی پەیوەندیدار بەو کارو ئەنجامگیرییە هەڵدەستێت، ئێمەیەک لەم هەرێمە ماتەم پۆشەدا، بۆ ئەو کارە حکومەت وەزارەتێکی هەیە بەناوی وەزارەتی ژنو وەزیرێکی ژنیش سەرکارو بە حیساب هەڵسوڕێنەریەتی، بەدینتان کێ ناوی بیستو دەیناسێت!؟..

لەماوەی حوکمڕانێتی خۆجێیی (١٨) ساڵەدا تینوێتی هەزارەها ژن بۆ ئازادیی، بۆ وەکیەکی، بۆ تەنانەت ئەژمارکردنی وەک مرۆڤ، بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر، بۆ سەفەر، بۆ بەشداربوونی کۆڕێکی هونەریی و بۆ چوونە بازاڕێک، بۆ سەرەتاییترین مافو یەکجار وتنی نەخێرێک بە خوێنی خۆیان لەژێر ناوی ناموسپەرستیدا شکا، جیناتێکی جینان خانی وەزیرتان بینی بجوولێت!؟ پەرلەمان بە زۆرینەی دەنگی عەلمانییەکانی یاسای فرەژنی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاند! لوغزێکی وەزیرە ژنەکەی وەزارەتی ژنانی هەرێمتان گوێ لێبوو لە بڵندگۆیەکەوە وەنەوزێ بدات!؟

کێ وەزیری ژنان دەناسێت؟ حکومەت دەیەوێت لەکوێوە مافو ئازادییەکانی ژنان پێشبخات؟ ڕێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتانو ئەوەی لێرە ناویان نراوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە جوانیتان قەسەم کەس لە ئێوە تائێستا هۆکار چییە دەنگێکتان لەسەر ئەم خوشکە وەزیرە نادیارە دەرنەبڕیوە؟ بینیوتانە؟ دەزانن ناوی چییە؟ عەلاقەی ئەوەمان نییە کێ لەوێی داناوە؟ ڕەنگە هەر بە سوتفەش ئەم بۆشاییەی پڕکردبێتەوە، ئاخر خۆ مەسەلەی ژن هێشتا شتێک نییە کۆمەڵگەی کوردی کە حکومەتو دەسەڵاتو حیزبو مەلاو شاو گەدایشی درێژکراوەو دەرهاویشتەی ئەون گرنگییەکی پێبدەن، تائێستا پیاو کەڵەبابەو لەسەر ژن حیسابە، برادەرێک لەکاتی دەردەشەکردنی ئەم شتانە پێی وتم «بۆڵە بۆڵی چیتە مەگەر کە ئەوە وەک حاڵو ئەحواڵی کۆمەڵگەکەت دەزانی گلەیی چی لەو قوربەسەرە دەکەی، قورعانم کەلامولڵا بێت چۆن ژنانی ماڵەوە بێ پرسی پیاوەکانیان بۆیان نییە قولانجێ لەبەر دەرگەی ماڵەکانیان دوورکەونەوە، ئاواش ئەم خاتوو وەزیرە بۆی نییە فززە بکات» ئەرێ بە ڕاست تۆ بڵێی ئەمە چ مەنتیقیەتێکی تیادا بێت؟..

ئەو میللەتەی ئێمەش سەیرە! نە لە دیارو نە لە نادیار خۆشی نایەو مۆدێل مۆدێلی ڕەخنەیە، چ دەڵێی بڵێ کەس نییە هیچ بخوێنێتەوە! کەچی خوا دەزانێت هێندە بەد بەختم ئەمن گەرماو گەرم خانمی وەزیر ئەم جوملانەی دەگاتێ، بەڵام گومانم هەیە زۆریش، هیچ بەدوری مەزانە پاداشتم بکاو ئەویش وەک منو تۆ دژە ژن دەرچێت!..

halomargay@yahoo.com

کێ وەزیری ژنان دەناسێت؟ حکومەت دەیەوێت لەکوێوە مافو ئازادییەکانی ژنان پێشبخات؟ ڕێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتانو ئەوەی لێرە ناویان نراوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە جوانیتان قەسەم کەس لە ئێوە تائێستا هۆکار چییە دەنگێکتان لەسەر ئەم خوشکە وەزیرە نادیارە دەرنەبڕیوە؟ بینیوتانە؟ دەزانن ناوی چییە؟

# هاوپەیمانبوون جیاوازە لەگەمەکردن لەگەڵ شەیتان

مەنسور مەندەلاوی

بەدەر لە پێناسە ئایینییەکان بۆ شەیتان، کە هەردەم بە (بوونەوەرێکی) شەڕخوازو تێکدەر لە قەڵەمدراوە، سەرجەم کارە نارەواو ڕووداوە زیانبەخشەکان خراونەتە ئەستۆی ئەو بەدرێژایی بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی، بەڵام بەشبەحاڵی کەسێکی نەتەوەییو نیشتمانپەروەری کورد، ئەو کەسو لایەنانە بە شەیتان دەزانن، کە دژایەتی ئامانجو ئاواتە ڕەواکانی گەلی کورد دەکەنو ئەم سیفەتە ناشرینە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە، کە هاوکاریی دوژمنانی کورد دەکەنو خۆشیان کوردن، لەم ڕووەوە هاوپەیمانێتیکردنی ئەو کەسو لایەنانە لەلایەن حیزبو گروپە کوردییەکانەوە دەچێتە پاڵ ئەو شتانەی کە لەلایەن مرۆڤی خاوەن باوەڕو ئیماندار حەرامکراوە.

بەڵام زۆرجاریش هەیە نیشتمانپەروەرانی کورد- بەهۆی نوێنەرایەتیکردنیان بۆ حیزبو گروپە کوردییەکانەوە- ناچاردەبن دانووستانو گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانو بەرپرسانی ئەو حکومەتانە بکەن، کە پارچەیەک لە کوردستان لکاوە بە دەوڵەتەکەیانەوە.

گفتوگۆو دانووستانو ئاڵوگۆڕکردنی بیرو بۆچوونی جۆراوجۆر سەبارەت بە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکانو چۆنێتی خستنەڕووی (طرحکردن) داواکارییەکانو بەرزکردنەوەو دابەزینی ئاستەکانیان جۆرێکە لە یاری، یان گەمەی سیاسیی لەنێوان نوێنەرانی کوردو بەرپرسانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێکەوتن، ئەم جۆرە گەمەو یارییە نەک هەر ڕەوایە، بەڵکو زۆر پێویستەو بەبێ گەمەی سیاسیی کورد ناگاتە ئاواتە نەتەوەییەکانی، چونکە هیچ گەلێکی داگیرکراو تەنیا بە جەنگو لولەی تفەنگ کێشەکەی چارەسەر ناکاتو جەنگ ڕێگەیەکە بۆ گەیاندنی لایەنی دوژمن بەو بڕوایەی، کە تا سەر ناتوانێ مافی گەلێک لە ئازادییو سەرفرازیو پێشکەوتن زەوتبکات، بەڵکو پێویستە ملبداتە ڕێگە ئاشتییەکان بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن.

کەواتە ڕاستە ئەو قسەیەی، کە دەڵێت: (جەنگ درێژەدانە بە ڕامیاریی بە شێوەیەکی توندوتیژ)و پێویستە ڕۆژێک بێت کۆتایی بەو توندوتیژییە بهێنرێتو گەمەی سیاسیی (دبلوماسی) دەستپێبکاتو لەو بوارەدا سەرکەوتنی سەر زەوی یان هێزی سەر زەوی ئاماژە دەکات بۆ لایەنە براوەکان لەسەر مێزی دانووستانو هەندێک جاریش هەیە بە یاری دانووستان بەشێکی گەورەو گرنگ لە ئامانجە سیاسییەکان دێنە دی، لە کاتێکدا بە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز بەدی نەهاتوون، هەندێ جاریش هەبووە لە ڕێگەی دیبلوماسییەوە دەسکەوتەکانی سەر زەوی لەدەستدراوە بەهۆی بێ تواناییو بێ کەفائەتی نوێنەرە دیبلۆماسییەکانەوە.

ئەو لایەنانەی بە زەبری هێزو فرتوفێڵو پیلانگێڕیی مافی لایەنەکانی دیکە دەخۆن بە شەیتان ناوزەد دەکرێن.

بوونی ئەم لایەنانە یان پەیڕەوکەری ئەو جۆرە سیاسەتانە لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی نێوخۆییو نێودەوڵەتی زۆرەو لایەنەکانی خاوەن هەقی ڕاستەقینە ناچارن بکەونە گەمەی سیاسیی لەگەڵیاندا بۆ ئەوەی کێشەکان بە ڕێگەی سیاسییانە چارەسەر بکەن، یان پرۆسەی سیاسیی بەڕێوەبردنی وڵات بگەیەنن بە ئامانج.

هەندێ کەس دەڵێت؛ ئەگەر ئەو لایەنانە بەو شێوەیە خراپن، کە بە شەیتان ناوزەد دەکرێن، ئەی بۆ درێژە دەدەن بە گەمەی سیاسیی لەگەڵیاندا؟ ئەم جۆرە گەمەیە جۆرێک نییە لە خۆهەڵخەڵەتاندن؟!. ئەگەر بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی سادە تەماشای کێشەکە بکەین، ئەو قسەیە ڕاستەو پێویستە مرۆڤ خۆی دووربخاتەوە لە کەسانی خراپ تاکو بتوانێ بە سەرفرازییو بێ کێشە ژیان بەرێتە سەر، بەڵام مەیدانی سیاسیی زۆر جیاوازە لە ژیانە سادە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەرژەوەندییەکان زۆر بچووکنو ململانێی کۆمەڵایەتی گەورە لێیان ناوەشێتەوە.

لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵات بەرژەوەندییەکان گەورەنو پارتو گروپە سیاسییەکان نوێنەرایەتی دەکەنو ئەو بەرژەوەندییانە پێچەوانەی یەکترنو گونجاندنیان پێویستی بە بڕیاری سیاسیی قووڵو دوورو درێژ هەیە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن بە گونجاندنی بەرژەوەندییەکان لەگەڵ یەکتردا، شۆڕەسواری سیاسەتمەداران لە باڵا بەرزیو شانو شەوکەتیانو قسە خۆشییان بەدەرناکەوێت، بەڵکو لە توانای بەدیهێنانی ئامانجو ئاواتە گەورەکاندا بە ڕێگە سیاسییەکانەوە، چونکە لەم حاڵەتانەدا سیاسەتمەدار نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی تایبەتی کەسێتی خۆی ناکات، بەڵکو نوێنەرایەتی ئاواتو ئامانجی سەدان هەزار بگرە ملیۆنەها کەس چاوەڕێی دەسکەوتە دبلۆماسییەکانی ئەو سیاسەتمەدارەیە.

لە پرۆسەی سیاسیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتو گەیشتن بە ڕێکەوتن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکە، پارتی ڕامیاری بەهۆی پەیڕەوکردنی یەکێک لەم دوو ڕێگەیانە دەگاتە پلەو پایەی دەسەڵاتی سیاسیی: یان تەنیا بە لیستی سەربەخۆ دەچێتە نێو گەمەی هەڵبژاردنەکانو زۆرینەی دەنگەکان بۆ خۆی مسۆگەر دەکاتو دەبێتە خاوەن زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانو حکومەت بە تەنیا پێکدێنێتو حیزبەکانیتر دەبنە نەیارو بەرهەڵستکاری ئەو لەنێو پەرلەمانو ئەگەر نەیتوانی بەم ڕێگەیە بگاتە دەسەڵات ئەو دەتوانێت هاوپەیمانییەک دروستبکات، یان بچێتە نێو هاوپەیمانییەکی حیزبییەوە لەگەڵ چەند حیزبێک، کە ئامانجو بەرنامە حیزبییەکانیان بۆ بەڕێوەبردنو پێشخستنی وڵات نزیکی یەکتربن.

کەواتە هاوپەیمانێتی سیاسیی نێوان پارتە ڕامیارییەکان پێویستی بە کۆمەڵێک ئامانجی گشتییو هاوبەش هەیە، جگە لە ڕازیبوونی لایەنە سیاسییەکانی هاوپەیمانییەکە لەسەر داواکارییەکانی یەکتر.

ئامانجی هاوبەشو گشتییو نیشتمانیی زۆر گرنگو پێویستن بۆ هاتنەکایەی هاوپەیمانی سیاسیی نێوان پارتەکانی سەر گۆڕەپانی دەوڵەت، هەرچەندە هاوپەیمانی حیزبی جۆرێکە لە گەمەی سیاسیی، بەڵام ئەمجۆرە گەمەیە بە یاریی ستراتیژیی سیاسیی باڵا دادەنرێت، لەبەر ئەوەی دەرهاویشتەی ستراتیژیی لێبەدەر دەکەوێتو جۆرێک لە پابەندبوونی ئەدەبیو ئەخلاقی دەبەخشێت بە لایەنەکانی هاوپەیمانیو سەرجەم لایەنەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گشتییە هاوبەشەکان تێدەکۆشنو نابێت لەم ئامانجانە لابدەن، ئەگینا خۆیان دەخەنە ژێر بەرپرسیارێتی سیاسییو ئەخلاقی نەتەوەییو نیشتمانییەوەو خۆیان تووشی ڕیسوایی دەکەن، بەڵام گەمەی سیاسیی ئاساییو سادەی نێوان حیزبو گروپە سیاسییەکانو دانووستان لەسەر مێزی گفتوگۆو بەرزکردنەوەو دابەزاندنی ئاستی داواکارییەکانی بەپێی تەرازووی هێزی جەماوەری سەر زەوی، لەم گەمەیە لایەنەکان پارێزگاری لە ئامانجو ئاواتی سیاسیی تایبەت بە خۆیان دەکەنو تێدەکۆشن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەو زۆر سروشتییە ئامانجەکان پێچەوانەی یەکتربنو ببنە بنەمای ململانێی سیاسیی نێوان پارتو حیزبە سیاسییەکان، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر یەکێک لە کەناڵە ئاسمانییە عێراقییەکان هەواڵی هاوپەیمانێتی سیاسیی لەنێوان بزووتنەوەی گۆڕانو تاقمەکەی ساڵح موتڵەگو ئەیاد عەلاوی بڵاوکردەوە.

ئەم هەواڵە هەروا بە سادەیی تێنەپەڕی بە بەرچاو لایەنگرانو دۆستانو هەوادارانی بزووتنەوەی گۆڕان، بۆ چەند کاتژمێرێک تاکو بە ڕەسمیی بەدرۆخرایەوەو بوو بە مایەی دڵگرانیو سەرسوڕمانی هاوڵاتیانو دڵسۆزانی بزووتنەوەکەو لەو چەند کاتژمێرەدا مۆبایلەکان لە پەیوەندی بەردەوامدا بوون، لایەنگرانو هاوڵاتیان بەگشتیی بیروبۆچوونی جۆراوجۆریان ئاڵوگۆڕ کرد بۆ ڕاستییو نادروستی هەواڵەکەو ئەو ئامانجو بەرنامە هاوبەشانەی لەپڕێکدا بزووتنەوەی گۆڕانی بەست بەو تاقمە سیاسییەوە، کە هەردەم دژایەتی ئامانجە نەتەوەییو نیشتمانییەکانی کوردیان کردووە لەکاتێکدا بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە تێدەکۆشێت.

ئایا چۆن لەپڕێکدا بزووتنەوەی گۆڕان ئەو ئامانجە پیرۆزانە وەلادا دەنێتو خۆی دەخاتە باوەش هاوپەیمانێتییەک؟، ئەگەر گریمان دژایەتی ئاواتەکانی کورد نەکەن خۆ بەلای کەمەوە ئەو ئاواتو ئامانجانە پشتگوێدەخەنو ڕێگەنادەن کورد پێیان بگات.

ئەگەر کێشەی ڕەوای کوردیش وەلانێینو ڕووبکەینە کێشە گەورەکانی عێراق، دەبینین جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان بیروبۆچوونی بزووتنەوەی گۆڕانو تاقمەکەی ساڵح موتڵەگ، کە لەسەر ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی عەرەبیو دژایەتی مافی کەمە نەتەوەییەکانی عێراقو نیشتمانی عەرەبی بەگشتییو دژایەتیکردنی سیستمی دیموکراسییو زەوتکردنی مافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییەکانی، بەشێوەیەکی گشتیی ئەو تاقمە سیاسییە پەیڕەوی سیاسەتی کۆنی بەعس دەکات لە گەڕانەوەی عێراق بۆ سیستمی مەرکەزیەتی دەوڵەتو پوچەڵکردنەوەی سیستمی فیدراڵیو گەڕانەوەی دکتاتۆریەت.


بۆیە نەک تەنیا ئامانجی هاوبەش، بەڵکو خاڵی هاوبەشیش لەنێوان بزووتنەوەی گۆڕانو تاقمەکەی ساڵح موتڵەگ بەدی ناکرێت، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمای نەک هاوپەیمانێتی بەڵکو نزیکبوونەوە لە بەرنامەی سیاسیی هەردوولا.

لەبەر ئەو هۆیانە هاوپەیمانێتی سیاسیی نێوان گروپێکی ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی عەرەبیو پارتە ڕامیارییەکانی کورد جێگەی قبوولکردن نییە لەلایەن هاوڵاتییانی کوردەوە، ئەم هەڵوێستە ئەوە ناگەیەنێت کە لە میانی سیاسەتی نیشتمانیی عێراقییەوە حیزبو گروپە سیاسییە کوردییەکان نەچنە نێو گەمەی سیاسیی پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، چونکە هەرێمی کوردستان بە ڕەسمیی پارچەیەکە لە کۆماری فیدراڵی عێراقو پێویستە لەسەر دانیشتووانی ئەم هەرێمە بەشداریی دامودەزگای فیدراڵی عێراق بکەن بەشێوەیەکی چوستو چالاکو مافە ڕەواکانی کورد لەم بەشداریکردنە دێتەدی، بۆیە زۆر ڕەوایە سەرجەم پارتو کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد بچنە نێو گەمەی سیاسیی پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقو لە سەرجەم بوارەکانی ئەم دەوڵەتە بوونی کاریگەریان هەبێت، چونکە بەرژەوەندی نەتەوەییو نیشتمانی کورد لەم بەشداریکردنە بەرجەستە دەبێتو لەم ڕووەوە هاوپەیمانێتیو یەکهەڵوێستی پارتو گروپە کوردییەکان زۆر پێویستو گرنگە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو دامودەزگاکانی فیدراڵی عێراق بۆ پاراستنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردو بەرهەڵستکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان نەک هەر کارێکی ئاساییە، بەڵکو پێویستیشە لەڕووی دیموکراتییەوە، بەڵام ئاسایی نییە ئەگەر پارتە کوردییەکان بەرهەڵستکاری ئامانجی نەتەوەییو نیشتمانی کورد بکەن لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو ئەم جۆرە سیاسەتە زیان بە کێشەی ڕەوای کورد دەگەیەنێت، بۆیە پێویستە جۆرێک لە هاوکارییو یەکهەڵوێستی هەبێت لەنێوان پارتە کوردییەکان لە ئاستی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقداو بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە چارەنووسسازەکانی گەلی کورد.

Mansormandalawy5757@yahoo.com

لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵات بەرژەوەندییەکان گەورەنو پارتو گروپە سیاسییەکان نوێنەرایەتی دەکەنو ئەو بەرژەوەندییانە پێچەوانەی یەکترنو گونجاندنیان پێویستی بە بڕیاری سیاسیی قووڵو دوورو درێژ هەیە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن بە گونجاندنی بەرژەوەندییەکان لەگەڵ یەکتردا

# میدیای کوردی لەنێوان پاشاگەردانیو گێرەشێوێنیدا



مەلا فەرمان

**پێویستە حکومەتو حیزبەکانی کوردستان دان بەو واقیعەدا بنێن، بینینو پشکنینو باسکردنی ئەو ماڵە بە نەوەی نوێ بە ڕەوا بزانن، میدیا حیزبییەکانیش دەبێت ئەو ڕاستییە بزانن بەهۆی ئەو کرانەوە میدیاییەی لە دونیای ئەمڕۆدا پەیدابووەو کوردستانیشی گرتووەتەوە، زەمانی تاکەسواری بەسەرچووە**

چاوخشاندنێک بە میدیای کوردیدا لە کوردستانی عێراق: بینین، بیستنو خوێندنەوە دەریدەخات بەشی زۆری ئەم میدیایە نەک هەر نەیتوانیوە ئەرکە بنەڕەتییەکانی وەک: هۆشیارکردنەوە، پـــەروەردە، گەیاندنی ڕاستییەکان، کێشەکانی کۆمەڵ....تاد بەجێ بگەیەنێت، بەڵکو خـوێـنـەرو خەڵکی تووشی سەرئێشەو ڕاڕایی کردووە، چونکە ئەم میدیایە لە مێژە تووشی پاشاگەردانی بـــووە، ئێستاش خـەریـکـە بـەرەو گێرەشێوێنی دەبرێت، ئەگەر ئەم دوو نەخۆشییە چارەسەر نەکرێت، مۆرانە ئاسا کاردەکاتە سەر میدیای کوردی، ناشرین دەبێت لای خوێنەری کوردو بیانی، دەکەوێتە بەر نەعلەتی نەوەی دواڕۆژی میللەتەکەمان.

میدیای ئێستا لە فۆرمو ناوەڕۆکدا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ چەند سەردەمێکی جیاوازی قێزەوەنی پێش (٢٠٠٣):

## سەردەمی بەعس

میدیای ئەم سەردەمە: پیاهەڵدانو بە پیرۆزکردنی تاکە کەس، وێنەی تاکە سەرکردە لە یەکەم لاپەڕە، ناوزڕاندنو ناشرینکردنی یەکتر، شێواندنی ڕاستییەکان، درۆکـــردن تـا ڕادەی بڕواپێکردن، بەکرێگرتنو فرۆشتنی قەڵەم باڵیان بەسەرداکێشابوو، هەندێکجار دەزگا جاسوسییەکان بە بەڵگەی تەزویر پشتگیریی هەندێک قەڵەمیان دەکرد لە دروستکردنی تۆمەتو بوختانکردن بە کەسانی دیکە، بەتایبەتی کەسە نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕەکان، هەر لەو سەردەمەدا جگە لە دیواری کوچەو لا کۆڵانەکانی شار، دیواری ئاودەستی مزگەوتەکانیش ئـەوەنـدەی لاپـەڕەی ڕۆژنامەیەک ئەو بابەتانەی لەخۆدەگرت.

## سەردەمی شەڕی ناوخۆ

لە فـۆرمو نـاوەڕۆکـدا تا ڕادەیـەک لێکچوونێک بەدیدەکرێت لەنێوان میدیای ئـەم سـەردەمـەو سـەردەمـی بەعس، بەتایبەتی لەساڵی (١٩٩٦) کە شەڕی ناوخۆ بەهۆی بانگهێشتکردنی هێزی دەرەکیی بۆناو شەڕەکەگەیشتەئەوپەڕی توندوتیژیی. لەم سەردەمەشدا دەزگاکانی هەواڵگریی کاریگەریی بەرچاویان هەبوو لەسەر میدیای کوردی. لەم سەردەمەدا میدیا حیزبییەکان داهێنانی تازەیان هێنایە کایەوە لە بواری ناوزڕاندن، جنێودانو سوکایەتیپێکردن....تاد.


## سەردەمی نە شەڕ نە ئاشتی

لەکاتی ئاشتیو تەبایی هەموو ڕابردوو بیبیرچووەتەوە، ئاشتی نێوان کورد خۆی بووبێت یان لەگەڵ دوژمنو نەیارەکان، جگە لەبیرچوونەوەش، ئاشتی گەیەندراوەتە ئـەو ڕادەیـەی لایەنە ناکۆکەکان بڕوا نەکەن، برینەکان بێئەوەی چارەسەربکرێن قەتماغەیان کـــردووە، کاتێکیش ئـەم ئاشتییە کاتییە کۆتاییپێهاتووە، لایەنەکان لە جاران بەرامبەر یەک توندتر بوونە، تۆڵەی ماوەی ئاشتییەکەش لە یەکتر کـراوەتـەوە، بە کورتیی هەڵەیەکی گەورەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد خۆی لە لانەبردنی قەتماغەی ئەو برینە چڵکاوییە دەبینێت، هیچ کات بوێریی ئـەوە نەبووە بە ڕاشکاویی باس لە کێشەکان بکرێت بە نییەتی چارەسەری بنەڕەتی، بوونی جیابوونەوەی یەک لە دوای یەکی سیاسییەکانی کورد لە یەکتر وەک دیاردەیەک؛ شەڕی ناوخۆ، پەلکێشکردنی هێزی سەربازیی دوژمن ....تـاد دەرهاویشتەی ئەو سیاسەتو میدیا حیزبیەن.

ئەمڕۆ لە میدیای کوردیدا جۆرێک لە کرانەوە پەیدابووە، نەوەی نوێ ڕەخنە دەگرێت، شەفافییەتی دەوێت، ئەم نەوەیە پێیوایە نەک تەنیا حکومەتی کوردستان، بەڵکو هەموو عێراق وەک ماڵێک وایە لەناو شوشەیەکی شەفاف دانرابێت، هەموو وڵاتان لە کوردستانو عێراق لەم دیوارە شوشەیەوە نێو ماڵەکە دەبینن، شارەزایی تەواویان هەیە، بەڵام کاتێک ڕۆشنفکری کورد باس لە کەموکوڕییەک دەکـات، لێی قبووڵ ناکرێتو تۆمەتی دەدرێـتـەپـاڵ، لێرەشەوە سەرەتای کێشەکان دەستپێدەکات. بۆ پێشگرتن لە ڕوودانی کێشەی لەم بابەتە، پێویستە حکومەتو حیزبەکانی کوردستان دان بەو واقیعەدا بنێن، بینینو پشکنینو باسکردنی ئەو ماڵە بە نەوەی نوێ بە ڕەوا بزانن، میدیا حیزبییەکانیش دەبێت ئەو ڕاستییە بزانن بەهۆی ئەو کرانەوە میدیاییەی لە دونیای ئەمڕۆدا پەیدابووەو کوردستانیشی گرتووەتەوە، زەمانی تاکەسواری بەسەرچووە، دەبێت بشزانن لە دەرەوەی ئەوانیش دنیایەکی میدیای بەهێزترهەیەولەبرەوی بەردەوامیشدایە، پشتیوانیی شەقامی خوێنەری لەپشتە، ئەم میدیا مۆدێرنو بەهێزەش ئەرکیەتی بۆ سەرکەوتنی خۆی، خۆی لە شەڕە دەنوکی ڕاگەیاندن بپارێزێت.

ئـەوەی ئێستا لە میدیای کوردی (بەتایبەتی میدیای حیزبیی) بەدیدەکرێت، ڕێـکـردنـە لـەسـەر هـەمـان ڕێچکەی سەردەمەکانی پێش (٢٠٠٣)، ئەگەر وا بڕوات میدیای کوردی لەجیاتی ئەوەی ڕۆڵی میدیای ڕاستەقینەی خۆی ببینێت، ڕۆڵی ئەو فاکتەرانە دەبینێت کە بوونە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، بەڵام ئەمجارە بە شێواندنی بیری نەوەی نوێ.

# تیرۆری ڕۆژنامەگەریی لە هزری دەسەڵاتدا



زمناکۆ ئیسماعیل

**ئەو کردەیە درێژەپێدەری هەمان ئەو کردانەی ڕابردووە، کە توانی دەستی تیرۆری خۆی بگەیەنێتە نووسەرو ڕۆژنامەنووسانی هەرێم، چ بە کوشتنو لێدانو ڕاونانو تۆقاندن بێت، یاخود بە نانبڕینو مووچەبڕینو بەندکردنو گرتنو دوورخستنەوەی کەسێتیی نووسەرو ڕۆژنامەنووسان لە نیشتمان**

**بانگەوازێک بۆ ئەو دەنگەی کە نایەوێت خەفەبکرێت..**

ئەوەی دەستپێکردووە سەرەتایەکە دەبێت چـاوەڕێـی خراپتری لێبکەین، سەرەتایەکە کۆتاییەکی قووڵترو نەهامەتییەکی زیاتری لێ دەبینرێت، پەلاماردانی ڕۆژنامەنووسو نووسەری ئـازادی ئەم هەرێمە، چەندە دەستێکی نادیاری لەپشتە، ئەوەندەو زیاتر دەستێکی چەپێنەری مافیایزمی دەســەڵاتـداری لەپشت دەبینرێت، کە دەیەوێت بە هزری مۆنۆپۆڵکاری خۆی هاونیشتمانیان ڕووەو بـێـدەنـگـیـیو چـەپـانـدنو قۆرغکردنی هزری ئازاد ڕاپێچ بکات، ئەو ڕەوشـــەی ئەمڕۆ بەرامبەر دەنگە ئازادەکانی ڕۆژنامەنووسان دەبینرێت، سەرەتایەکی بێ کۆتاییە ئەگەر نووسەرو ڕۆژنامەنووسی ئازاد لێی بێدەنگ بێت، پەلاماردانی کەسێتی ڕۆژنامەنووس، کردەیەکی تازە نییە هاتبێتە نێومان، کردەیەکی ساناش نییە بەئاسانی مامەڵەی سانابوونەوەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام کارێکە وردە وردە لە بێدەنگیی کەسێتی نـووســەرو ڕۆژنامەنووساندا بـەرەو تەشەنەکردنو فراوانبوونی کـرداری مافیاگەریی هەنگاو دەنێت، ئەوەش بە تەنیا بەرامبەر بێدەنگکردنی ڕۆژنامەنووسان لە دروستکردنی کەشێکی ترسو ئیرهابو تۆقاندن نەبێت، هیچ جێیەکی دیکە بۆخۆی ناکاتەوەو بێ لە تێکدانو پەرتەوازەکردنی دەنگی ئازادی هەموانو شاردنەوەو قۆرغکردنی زانیارییەکان لە دیدگای دروستکردنی کەشی تۆقاندنەوە، هیچ کردارێکی دیکە نانێتەوە، کە ئەوەش دەبێتە جێگەی نیگەرانیی کەسێتی نیشتمان، ئەگەر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی نیشتمانو کەسێتی نەتەوەیی بێدەنگیی لەو جـۆرە کـردانـەدا بکات، چ لەسەر ئاستی هەرێمو چ لەسەر ئاستی عێراقی.. پـەلامـاردانو سووتاندنی ئۆتۆمبیلی بەختیار سەعیدی ڕۆژنـامـەنـووس جگەلەوەی کردەیەکی قێزەونو ناشیرینی خۆگەمژاندنە، درێـژەپـێـدەری هەمان ئەو کردەوانەیە کە دەیەوێت لە ڕێگەی تیرۆرو لەناوبردنەوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەمواندا بسەپێنێتو لە ڕێگەی چەپاندنی دەنگە ئازادەکانەوە نیشتمان مۆنۆپۆڵبکاتو دەنگی کەسە ئازادەکان بۆخۆیان داگیر بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کردەیە درێژەپێدەری هەمان ئەو کردانەی ڕابـردووە، کە توانی دەستی تیرۆری خـۆی بگەیەنێتە نووسەرو ڕۆژنامەنووسانی هەرێم، چ بە کوشتنو لێدانو ڕاونـانو تۆقاندن بێت، یاخود بە نانبڕینو مووچەبڕینو بەندکردنو گرتنو دوورخستنەوەی کەسێتیی نووسەرو ڕۆژنامەنووسان لە نیشتمان، کە ئـەوەش لە ڕوانگەی بێدەنگکردنی هاونیشتمانیاندا کەشێکی تیرۆر چاوەڕێی ئەم خاکە دەکات، لە هەمانکاتدا داگیرکردنێکی دیکەی نیشتمانە کە لەناخی مرۆڤەکاندا دەچێنرێت، بەوەی تیرۆرو ترسو گرتنو ڕاونان دەکەنە پێشەنگی ئـەو هـێـزەی کە دەیـەوێـت لەودیوی بازنەی دیوارە داخراوەکانەوە هەموو دەسەڵاتێک بۆخۆی قۆرغبکاتو دەنگی ئازادی مرۆڤەکانیش بۆخۆی بفڕێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەو کردانە دەیانەوێت زانیارییەکان بە تەنیا لەنێو بازنەی دەسەڵاتگەرای خۆیاندا دەرنەپەڕێنرێتو خەڵکی بێئاگابێت لەوەی چ شتێک لەودیوی بازنە مینرێژکراوەکانی دەسەڵاتی حیزبییەوە ڕوودەدات، کە ئەمەش بێ لەوەی کۆمەڵگە لەبەردەم ناهۆشیارییەکی تـەواودا بێئاگا دەکـات، لە هەمانکاتدا نیشتمان بەرەو گەمژەڵستانێکی مرۆییو خۆگێلکردنێکی سەرتاسەرییو نانەوەی کەشێکی بێدەنگیی هەنگاو پێدەنێت، لەو ڕوانگەشەوە یەک لایەنە گوتاری ئەوەمان بەگوێدا دەدرێـت، (یان دەبێت نیشتمان بە تەنیا بۆ ئەوانەی گەندەڵو خراپەکارانی مۆنۆپۆڵکاری نیشتمان بێت، یاخود بێدەنگییەکی سەرتاسەریی لەنێوان ئەوانو ئێمەی دەسەڵاتی میدیاو دەنگی ئازاددا دەبێت هێزی خۆی بەسەرماندا بسەپێنێت)، کە ئـەوەش بێ لـەوەی جێگەی مەحاڵو نەکردەیە، لە هەمانکاتدا دابەشکردنی نیشتمانە بەسەر هەردوو بەرەی تیرۆری مافیایزمو دەنگی ئازادی میدیاگەریدا، لەمەشەوە لە سایەی ئەم گوتارەوە ئەوەمان بۆ شیکار دەبێتو پێماندەڵێن «یان بە بێدەنگیی لەگەڵ ئێمەدا لە نیشتماندابن، یاخود لە دەنگە دەنگی هەڵبڕینی دەنگە ئازادەکاندا تیرۆری دەنگتان بەسەردا دەسەپێنینو دەنگتان بە دەنگی تەقەی دەمانچەکانمان پێ بێدەنگ دەکەین»، کە ئەمەش بێ لەوەی چەپاندنێکی گەورەی دەنگە بەسەرماندا دەسەپێنرێت، تیرۆرێکی گەورەی دەنگ هەڵبڕینە لە سایەی دەنگە ئازادەکانەوە دەهێنرێتە ئاراوە.

zmnakoplayer@yahoo.com

# دیموکراتییەتی ڕاستەقینە یان ڕووکەش



د. شۆڕش حەسەن

وەک ئاشکرایە تاکە ڕێگای دیـمـوکـراتـی بـۆ وەرگـرتـنـی دەســەڵاتو دەستاودەستکردنی، هەڵبژاردنە، پڕۆسەی هەڵبژاردنی ڕاستەقینەش پێویستی بە بوونی زیاتر لە حیزبێک هەیە لە مەیدانی سیاسیی وڵاتەکەدا، هەروەها بەپێی سیستمی هەڵبژاردنەکە، یان ئەوەتا سیستمێکی دووحیزبیی سەقامگیر دەبێت، یان سیستمێکی فرەحیزبی.

هەبوونی زیاتر لە حیزبێکیش لە واقیعدا مانایەکی نابێت ئەگەر لە هەموو ڕوویـەکـەوە ئازادیی سیاسیی لە وڵاتدا دەستەبەر نەکرابێت بۆ هەموان. ئەم دۆخەش لە سەرجەم وڵاتانی بە کردەوە دیموکراسیدا بەرجەستەبووە، هەر بۆیە خۆشگوزەرانیو پێشکەوتنیان مسۆگەرەو دەسەڵاتیش ئاشتییانە دەستاودەستی پێدەکرێت. هیچ حیزبێکیش بە سووکی سەیری بەرامبەرەکەی ناکاتو تانەو تەشەری بۆ دروست ناکات، بەڵکو تا ئەوپەڕی ڕێز لە یەکترو پڕۆسەی هەڵبژاردنو دەرئەنجامەکانی دەگرن.

بەڵام ئەوەی لەم هەرێمە ئازیزەی ئێمەدا دەگوزەرێت بە حیساب ئەزمونێکی دیموکراسییەو لافوگەزافی پێوە لێدەدرێت، وا نییە، ئێمە نە دیموکراتینو نە بنەماکانی دیموکراتییەتیشمان قبووڵە، چونکە تائێستا ڕا نەهاتووین هەست بە کەموکوڕییو هەڵەکانی خۆمان بکەینو دانیان پێدا بنێین، هەروەها قبووڵی دۆڕاندنیشمان نییە بە هیچ شێوەیەک لە هیچ پڕۆسەیەکداو دەبێت تا سەر خۆمان براوەو باڵادەستو فەرمانڕەوا بینو تەختی دەسەڵات چۆڵ نەکەین بەهەر نرخێک بێت، هەموو کێشەو شەڕو ململانێ نا تەندروستەکانیش، لێرەوە سەرچاوە دەگرن.

ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە دواوە، دەبینین دوای ڕاپەڕین یەکێتیو پارتی ئامادە نەبوون دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ وەک خۆی قبووڵ بکەن، ئەوەبوو بە یەکسانی پەرلەمانو حکومەتیان لەنێو خۆیاندا دابەشکردو سەرئەنجام سیاسەتی (فیفتی فیفتی)و ئەو شەڕە وێرانکارییەی لێکەوتەوە کە تائێستاش ئاسەوارەکانی نەسڕاونەتەوە.

دوای ئاشتبوونەوەشیان، بەهەمانشێوە پەرلەمانو حکومەتیان بەشکردەوە تادوای هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٥، چونکە هیچ لایەکیان ئامادەیی تێدا نەبوو وەک ئۆپۆزسیۆن بێتە مەیدان لە بەرامبەر ئەوی تردا، یان چەند کورسییەکی کەمتر بێت لەوی تر. ئەم دۆخەشیان لە پەنای هاوپەیمانەتییەکی بەناو ستراتیژیی نێوانیاندا بونیاد نا، بە مەبەستی بەشکردنی دەسەڵات لە حکومەتدا، هەم بۆ ڕێگەگرتن لە بەردەم هەر لایەنێکی دیکەی غەیری خۆیان کە بیەوێت وەک ئۆپۆزسیۆن لە بەرامبەریان سەرهەڵبدات. ئەوەش بە تەواوەتی لە سەروبەندی هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥دا هاتەدی، کاتێک لیستێکی جیاوازو نوێ هاتە مەیدانەکەو توانی لە ماوەیەکی کەمدا پشتگیرییەکی بەرفراوانی جەماوەر بۆ خۆی مسۆگەر بکات، ئەوساتە هەڵوێستی ئەو دووحیزبە هاوپەیمانە ئەوەبوو کە نەیاندەتوانی قبوڵی ئەو دۆخە نوێیە بکەنو بە هەرچی توانایەک کە هەیانبوو ڕووبەڕووی ئەم لیستە نوێیە بوونەوەو هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی پڕۆسەی هەڵبژاردنەوە تا ئاشکراکردنی دەرئەنجامەکانو تا ئەم ساتەوەختەش کە ئەمڕۆ خەڵکێکی زۆر لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە لەسەر چۆنێتیی ئاراستەی دەنگدانیان لە هەڵبژاردنداو لەسەر کارەکانیان دەگوازرێنەوە یان وەلادەنرێنو دەردەکرێن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک لای ئەم دەسەڵاتەی ئێمە، ئۆپۆزسیۆن قبوڵ نییە، بەڵکو ئەو حیزبانەیان قبوڵە کە لە فەلەکی ئەواندا دەخولێنەوە، ئەگینا ئەو هەموو وەسفانە بەسەر ئۆپۆزسیۆندا نابڕن، وەک ئۆپۆزسیۆنی بنیاتنەرو تێکدەرو ڕووخێنەرو شتی تریش، چونکە ئۆپۆزسیۆن هەر یەک ڕووی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتو جەماوەر هۆشیار بکاتەوە لە کەموکوڕییو گەندەڵییەکان لەپێناو باشتر ئاراستەکردنی حوکم لە وڵاتدا بۆ خزمەتی گشتی. لە لایەکی تریشەوە ئەم پڕۆسەی لەسەر کار لابردنەی فەرمانبەران، دژ بە بنەماکانی دیمەکراتییە، هەروەها پێشێلکارییەکی زەقی پڕۆژە دەستووری هەرێمو یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانە، چونکە بەپێی بەندەکانیان دەبێت هەڵبژاردن بە شێوەیەکی نهێنیو ئازادو بەبێ هیچ فشارو دەستتێوەردانێک بەڕێوە بچێت (بڕوانە بەندەکانی پڕۆژە دەستووری هەرێمی ژمارە ـ ١، ١/٣، ٢/٦–٣، ١/١٩–٢–١٠–١٨–١٩، ٢/٢٠، ١/٢١، ٢٧).

لە کۆتاییشدا ئەم هەڵوێستەی دەســەڵات ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان دەرئەنجامە واقیعییەکانی پڕۆسەی هەڵبژاردنەکەیان بەدڵ نەبووە، چونکە دڵنیان ئەم لیستە نوێیە ڕێژەیەکی زۆر زیاتری بەدەستهێنابوو لەچاو ئەو دەرئەنجامانەی کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بە ویستی دەسەڵات دایتاشینو ئاشکرایکردن، ئەمەش واقیعێکی دیـارو حاشا هەڵنەگربوو بە لێکدانەوەی زۆربـەی چاودێرانو ئەوانەی بە وردی چاودێریی پڕۆسەی هەڵبژاردنەکەیان دەکـرد، کاردانەوەی دەسەڵاتیش بە گرتنی بارەگای دوو لیستی دیاری غەیری خۆیان لە هەولێر، ڕۆژێـک دوای هەڵبژاردن ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت.

# بەرەو تێکشکاندنی هەڕەمی حیزبیی



چیمەن محەممەد ڕەشید

گەشەپێدانی گروپەکانی کارکردن بە مەبەستی یەکگرتوویی نێوان تاکەکانی هەمان گروپو نێوان گروپەکانو کارلێکی نێوانیانە لەناو هەمان ڕێکخراودا ئەوەش بە بایەخدان بەبەهاو پێوەری گروپ بەدەست دێت، گەشەدان بە ئامانجو ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ناکۆکیو کێشەکان لەنێوان تاکەکانو گەشەدان بە سیستمی پەیوەندیکردنو شێوازی بڕیارداناو کارابوونی تاکەکانو گەشەپێدانی گروپەکان لەڕێگەی بەهاو پێوەرو ڕەفتارە سروشتییە دیارەکانی تاکو گروپو گروپە جیاوازەکانی ناو ڕێکخراو، کە پێیاندەوترێت ڕۆشنبیریی ڕێکخراوەیی

حیزبی سیاسیی پێناسەی زۆری بۆکراوە، ئەم پێناسانە بەجیاوازی ئایدولۆژیاو ئەو بیرمەندانەی پێناسەیان کردووە دەگۆڕێت، هەیە بایەخی ئایدۆلۆژیا بەهەند وەردەگرێت لەبەرئەوە پێناسەی دەکات بەوەی کۆبوونەوەی کۆمەڵە کەسێکە، کە یەک بیروڕا کۆیان دەکاتەوە، هەندێک رایان وایە حیزب دەربڕینێکی سیاسییە لە چینێکی کۆمەڵایەتی، بەڕای هەندێکیش کۆمەڵێکن کە ئامانجیان کاری سیاسییە، یان ڕایەکی دیکە ئەوەیە، کۆبوونەوەی دەستەیەکە بە یەکگرتوویی لە دەوری سیستمێک.

بەگشتی: کۆبوونەوەی کۆمەڵە کەسێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی هاوبەش کە لەسەری کۆکن، ئەوەی لە بنەمای حیزبدا گرنگەو ڕەگەزی سەرەکییەتیو لە هەموو پێناسەو بۆچوونێکدا هاوبەشە، بوونی کەسە، واتە مرۆڤ.

بەوپێیە دەبێت حیزبی سیاسیی لەسەر بنەمای سامانە مرۆییەکەی کار بکات، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە ڕێکخستنە، پەیکەری ڕێکخستنی حیزبیش بریتییە لەو چوارچێوەیەی ئەو شێوەیە دیاریدەکات، کە ئامانجی تێدا دێـتەدیو پەیوەندی نێوان تیۆرو پراکتیک ڕێکدەخاتو شوێنی ئەندامان دیاریدەکات، زاراوەی ڕێکخستنیش لەگەڵ ڕێکخراودا دووانەیەکی تێکرژاونو پەیوەندی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان هەموو ڕێکخراوێکو شێوازی ڕێکخستنەکەیداو پەیکەری ڕێکخستنیش بریتییە لە کردارێک بۆ ئیدارەدانی کاروبارەکانی ڕێکخراوەکە، بەڵام پێویستە ئامانجی ڕێکخراوەکە لە شێوەی پەیکەری ڕێکخستنەکەدا ڕاستەوخۆ ڕەنگبداتەوەو ڕێکخراویش لە یەکەیەکی تـەواوو بەیەکەوە گرێدراو پێکدێت کە لە کۆمەڵێک بەش پێکدێت، کە هەموو بەشەکان بۆ ئامانجە سەرەکییەکەی ڕێکخراوەکە کار دەکەن.

دەرکەوتنی حیزبی سیاسیی بە مانا تەواوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی «١٨٥٠»ی زایـیـنـی، کـە لـە ئەمریکا سەریهەڵداو وەک قـەوارەیـەکـی نـوێ بۆ ڕێکخستنی بەرژەوەندییو پێشخستنی ئامانجە سیاسییو ئابوورییەکانیان بۆ ئەو مەبەستەش چەند گروپو تەکەتوولێک پێکهات، بۆیە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە پێناسەی حیزب بکەین ئەوا مانای کۆبوونەوەی تاکەکان دەگەیەنێت، کە لەپێناو بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیاندا کە زیاتر لە ڕووی بۆچوونی سیاسییانەوە لەیەک نزیکی دەگەیەنێت.

دوای ئەوە چەندین حیزبو ڕێکخراو دروستبوون.

جـیـاواز لـەشـێـوازو کـارکـردن وەک مەرکەزیو نامەرکەزی، حیزبی تایبەتمەند، حیزبی نەرم «میانڕەو»و حیزبی توندڕەو.

پەیکەری بـاوی ڕێکخستن، کە پارتە سۆسیالیستەکان دایانمەزراند شێوەی هەڕەمییەو حیزبە سۆسیالیستەکانیش هەمەجۆرن وەک سۆسیالیستی (فابی، شۆڕشگێڕیی، دیموکراتیی، شیوعی) لەکاتی بڵاوکردنەوەی بەیانی مارکسو ئەنگڵزدا لە ساڵی (١٨٤٨)دا سیمای دەرکـەوت، بەڵام لینین لە (١٩٠٥)دا تیۆری حیزبی پتەو یان یەکگرتووی «نظرية المتماسكة» داناو دوابەدوای ئەوە شێوەی هەڕەمی پراکتیک کرا.

ئەم شێوە ڕێکخستنە بریتییە لەبوونی سەرکردەیەک لە ترۆپکی هـەرەمو دوای ئەویش نوخبەیەک یان کۆمەڵێکی کەم باڵادەستنو دوای ئەوان پلەیەکی دیکەو بەو شێوەیە پلە بە پلە هەرەمەکە دێتە خوارەوە تا بەبنکەی ڕێکخستن دەگات چەندین پلە هەیە، کە تا لە بنکەش نزیک بێتەوە هەرەمەکە لە ڕووی ئاسۆییەوە پانتر دەبێتو ئەم شێوازە بە ڕێکخستنی پۆلاین دادەنێن.

## تایبەتمەندییەکانی شێوەی هەڕەمی بریتییە لە:

١) ماوەی نێوان لوتکەی هەرەمو بنکەی هـەرەم زۆرەو بـەو پێیەش جیاوازی لە ئەرکو مافو بەشداربوون لە بڕیارداندا گەورەیەو جیاوازی لەنێوان سەرکردەو بنکەی ڕێکخستندا زۆرە.

٢) دەستەیەکی کەم «نخبە» بڕیار دەرن بڕیارەکان لە سـەرەوەی هەرەم دەردەچێت شۆڕشگێڕانە لە خـوارەوە جێبەجێ دەکرێتو زۆرینە ئەوانەن لە بڕیارداندا بەشدار نینو جێبەجێکاری بڕیارەکانن.

٣) بەهۆی ئەوەی پلە بەرزبوونەوە یان بە هەڵبژاردنە یان مەرکەزییە لە هەردووبارەکەدا زەمانەت بۆ دادوەری نییە لە بەدەستهێنانیدا.

٤) گەنجان یان ئەندامان ماوەیەکی زۆریـان دەوێـت تـا دەگـەنـە شوێنی بڕیارو ڕەنگە هەر نەگەن بەهۆی دەست بەسەرداگرتنی سەرەوەی هەرەم لەلایەن دەستەیەکی کەم، زۆر جاریش، بەڵکو هەمیشە لە خـۆرهـەڵاتدا مـاوەی ئەم سەرکردایەتییە دوورو درێژە.

٥) بوونی ململانێی ڕێکخستن «الصراع التنظيمي» بەڕێژەیەکی بەرچاو بەهۆی شێوازی ڕێکخستنەوەیە، کە دەبێتە هۆی نادادوەری لە پلەو هەلی کارو دەستکەوتی مادییو نەبوونی دەرفەت بۆ هەمووان لە لێپرسراوێتیو دابەشبوونی دەسەڵاتداو بوونی تەمومژ لە دەسەڵاتو لێپرسراوێتیدا.

٦) چارەسەرنەکردنی کێشەو بوارنەدان بەڕای جیاوازو بەشدارنەبوونی زۆرینە لە بڕیارو چارەسەری کێشەکاندا.

٧) سـەرەوەی هـەرەم تەسکە: واتە ئـەوانـەی لـەسـەرەوەنو بـڕیـاردەرن کەمینەیەکی زۆر کەمی ڕێکخراوەکەن، بـەڵام تابەرەو خـوارەوەی هەرەمەکە بـڕوات فراوانتر دەبێت واتـە ئەوانەی لە خـوارەوەنو بەشدار نین لە بڕیاردا زۆریـنـەی هـەرەزۆری ئـەنـدامـانـی ڕێکخراوەکەن.

لەگەڵ ئـەوەشـدا پێویستە لەسەر گرنگیو بایەخی ئەم شێوازە واتە شێوازی هەڕەمی بۆ قۆناغی خۆی هەڵوێستە بکەینو ئەو شێوازەش لە هەلومەرجی کارکردنی نهێنیو پاراستنی تارادەیەک گیانی ئەنداماناو قۆناغی شۆڕشگێڕیو هــەروەهــا لـەگـەڵ هـەلـومـەرجـی سنوورداری ئەنداماناو قورسی هۆکاری پەیوەندیکردندا گونجاو بووەو ئەنجامی هەبووە لە بەدەست هێنانی ستراتیژدا، لـە کـارکـردنـی نهێنیدا بـوونـی شانە «خانە»ی بچوکو بەستنەوەی هێشوویی لەنێوانیاندا لەلایەک تاکەکان دەپارێزێت لـە ئاشکرا بـوونو لـەلایـەک بڕیارە خێراو شۆڕشگێڕییەکان زوو دەگات بۆ جێبەجێکردن هەرچەندە مەسەلەی پێشکەوتنی ئامرازەکانی پەیوەندی لەکاتی ئێستادا بایەخی دووەمیان، کە پەیوەندیکردنە کەم دەکاتەوە.

دەتوانین بڵێین حیزبی ئایدۆلۆژی بیروباوەڕی جێگیرەو بایەخو شەرعییەتو ڕاستگۆیی لە خودی خۆیدایە تەنیا، بەڵام شێوازی کارکردنی حیزبی لیبراڵی کە دروستبوونی یەکەو لیژنەیە بەتایبەتی لـە کاتی هـەڵـبـژاردنـدا بـە مەبەستی کۆکردنەوەی دەنگ حیزبی سیاسیی لەم شێوەیەدا بەرنامەیە، نەک بیروباوەڕ ئەو بەرنامەیەی بایەخو شەرعییەتو ڕاستگۆیی لە ئەگەری جێبەجێ بوونەوە بەدەستدەهێنێ واتـە وەڵام دەرەوەی پرسیارەکانی واقیعە، کە ئەم شێوازە بۆ ستراتیژی کارکردن لە کارکردنی مەدەنیو پەرلەمانیدا گونجاوە، بەڵام هەیکەلێک بۆ ئاسانکردنی کارکردنو دابەشبوونی ئەرکو ڕۆڵ گرنگی خۆی هەیە. لەبەرئەوەی ڕێکخراو بریتییە لە کۆمەڵێک پەیوەندی لەنێوان تاکەکاندا، کە تیایدا ئەم تاکانە چاودێری ئامانجەکانو پێویستیشە چوارچێوەیەکی ڕوون هەبێت بۆ ڕێکخستن.

## پێویستە لەکاتی ڕێکخستندا دووبنەما ڕەچاو بکرێت ئەوانیش:

– دیاریکردنی ئامانجی ڕێکخراوەکەو پلانی ستراتیژییە بۆ بەدەستهێنانی ئـەو ئامانجەو تـوانـای ڕێکخراوەکەو ئەو پێداویستیانەی لەبەردەستدایە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکە.

– دەبێت بزانرێ ئێستا چی ڕوودەدات چی لەوانەیە ڕووبـدات لە داهـاتـووی ژینگەی ڕێکخراوەکەدا.

لەبەر ڕۆشنایی ئـەو دوو کۆمەڵە هۆکارەدا دەبێتە هۆی ڕێکەوتنی ئامانجو پلانی ستراتیژییو تواناکانو هۆکارە ژینگەییەکانو ئەم قۆناغە پێی دەوترێت قۆناغی نەخشەی ڕێـکـخـراوەکـە یان دۆزینەوەی پەیکەرێک بۆ ڕێکخراوەکە:

ئەوەی پێویستە لە حیزبدا لەبەرچاو بگیرێ:

١) تـــاک/ ڕەگـــــەزی سـەرەکـی گەشەپێدانی ڕێکخستنو جەوهەری کاری ڕێکخراوەییو گرنگترین ڕەگەزە، دەکرێت گەشە بەتاکەکان بدرێت لەڕێگەی زانینی تواناو پێداویستییەکانیانەوەو جۆری کەسایەتیانەوە، پاڵنەرو توانستو ئاراستەو هەڵوێستیان هەلی بەشداربوونیان لە بڕیاردانو چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەروەها کارکردن لەپێناوی گەشەکردنیدا تا لەگەڵ ڕۆڵـی ڕێکخراوەکەو گیانی سەردەمو گۆڕانکارییەکاندا بگونجێ.

٢) بایەخی گەشەپێدانی بەردەوامی تاک بۆ ئەو گۆڕانە بەردەوامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگەیەی کاری تێدا دەکات، کە لە گۆڕاندایەو ئەگەر تاکەکانی لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا نـەڕۆن ئاستیان دادەبـەزێت بە پێچەوانەشەوە لەگەڵ گەشەکردندا ئـارەزووی کـارکـردنو گونجاندن زیاد دەکات.

٣) گـروپـەکـانـی کـارکـردن/ ئـەو کۆمەڵە تاکانەن لەناو ڕێکخراوەکەدا، کە بەدەستهێنانی ئامانجی ڕێکخراوەیی هاوبەش بەیەکیانەوە دەبەستێت.

گەشەپێدانی گروپەکانی کارکردن بە مەبەستی یەکگرتوویی نێوان تاکەکانی هەمان گروپو نێوان گروپەکانو کارلێکی نێوانیانە لەناو هەمان ڕێکخراودا ئەوەش بە بایەخدان بەبەهاو پێوەری گروپ بەدەست دێـت، گەشەدان بە ئامانجو ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ناکۆکیو کێشەکان لەنێوان تاکەکانو گەشەدان بە سیستمی پەیوەندیکردنو شێوازی بڕیارداناو کـارابـوونـی تـاکـەکـانو گەشەپێدانی گروپەکان لەڕێگەی بەهاوپێوەرو ڕەفتارە سروشتییە دیارەکانی تاکو گروپو گروپە جیاوازەکانی ناو ڕێکخراو، کە پێیاندەوترێت ڕۆشنبیریی ڕێکخراوەیی.

٤) خـــودی ڕێـکـخـسـتـن/ لە گـەشـەکـردنـی پـەیـکـەری پـەیـوەنـدیو دەسەڵاتەکانو پەیوەندییە زانیارییەکانو کۆمەڵێک ئەرک، کە ڕێکخراوەکە کاری لەسەر دەکات هەروەها شێوازی ئیدارە لـەنـاو ڕێـکـخـراوەکـەداو گەشەپێدانی ڕێکخستن هـەوڵـدەدات بۆ کاراکردنی چالاکیو بایەخی کارو ئەرکو شێوازو هەلی نوێبوونەوەو داهێنانو توێژینەوەو ڕاهێنانو ڕاوێژکردن.

بـۆ قسەکردن لـەسـەر ڕێکخستنو میکانیزمی کـارکـردن پێویستە باسی هەلومەرجی بابەتیو دۆخی ئەو دەزگایەو ئەو تایبەتمەندییانە بکرێت کە تاکەکان لەو سیستمەدا دەرکی پێدەکەنو کاریگەری لەسەر ئەدائی ئەندامان هەیە، وەک ڕادەی هاوکاریی یەکتریو پابەندبوونو پەیوەندیو داهێنانو چۆنیەتی چارەسەری ململانێو کێشەکان بەوپێیەی دەبێت وەک یەکەیەکی زیندوو سەیری ڕێکخراو بکرێت لەبەرئەوەی مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤەو مـرۆڤ کارەکتەری سەرەکییو کارای ڕێکخراوە.

بۆ کارکردنیش بە مەبەستی گۆڕان لە سیستمی ڕێکخراوەیدا یان دانانی سیستمێکی نوێی ناباو لە ڕێکخراوێکی تازە دروست بوودا چەند کارو هەنگاوێکی پێویستە:

١) بڕواهێنان بە ئەندامان بە پێویستی قۆناغو هەلومەرج بۆ شـێـوازی نوێی کارکردن بەرچاو ڕوونیان بدرێتێ بۆ چۆنییەتی کارکردنو ئیجابیاتی شێوازی گونجاوو هەڵبژێردراو بۆ کارکردن.

٢) ئینجا قۆناغی گۆڕین دەستپێدەکات لە شێوازی کارکردنو فێربووندا بەو شێوازو سیستمە نوێیە.

٣) دواجـــاریـــش کـــاری شـێـوازی نوێی گونجاوو پارێزگاری لەگۆڕانو پارێزگاریکردن لـەو دەستکەوتانەی ئـەو گـۆڕانـە لـەشـێـوازی ڕێکخستنی ڕێکخراوەکەدا بەدەستی هێناوە.

گۆڕانیش لە پەیکەری ڕێکخستندا پێویستییەکی سەردەمانەیە لەبەرئەوەی چەندین هـۆکـار کاریگەریان بەسەر شێوازی ڕێکخستنەوە هەیە وەک:

١) ژمـــارەی ئـەنـدامـان: قـەبـارەی ڕێکخراوو ژمارەی زۆری ئەندامو بوونی هەمەڕەنگی لـە پسپۆڕیو جـیـاوازی ڕەگەزو جوگرافیاو تەمەنو ... هۆکارن تا شێوازێکی نوێی ڕێکخراوەیی پیادە بکرێت لەناو ڕێکخراوەکەدا، کە هەموو تاکەکان ئینتماو وەلائیان بۆ ڕێخراوەکە هەبێت بە هەست کردنیان بە بەشداری کردنی هەمەلایەنە.

٢) پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا: ئاسانی هۆکاری پەیوەندیکردنو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کە بە هۆیەوە دەتوانرێت زۆرترین پەیوەندی لە کەمترین کاتدا بکرێت.

٣) بـەجـیـهـانـیـبـوونو مـەسـەلـەی دیـمـوکـراسـیـیو بـوونـی ئـــازادی وا دەکات ئەندام هەمیشە ڕۆڵی گوێڕایەڵ نەبینێتو خۆی بۆ چوونی هەبێت لەسەر مەسەلەکان.

٤) ستراتیژیی ڕێکخراوەکە: پەیکەری ڕێکخستن ئامرازێکە هاوکاری ڕێکخراوەکە دەکـات بـۆ بەدەستهێنانی ستراتیژ، لۆژیکیش وایە دووجـۆر لە پەیوەندیو گونجاندن هەبێت لە نـێـوان پەیکەرو ستراتیژدا، پەیکەر بە دوای ستراتیژدا دێت، هەر پێداچوونەوەیەک یان گۆڕانێک لە ستراتیژدا بکرێت دەبێت پێداچوونەوەو گۆڕانیش لە پەیکەری ڕێکخستنیشدا بکرێت تا لەگەڵ گۆڕانەکەدا بگونجێ.

بەشداریکردن لە هـەڵـبـژاردنـدا کە ئەمڕۆ یەکێکە لە ستراتیژەکانی حیزبە سیاسییەکانو کارکردن بۆ بەشداریی لە حوکمدا ئامانجی سەرەکییە لەبەر ئەوە دەستەو گروپە جیاوازەکانن ئەم کارە دەکەن نەک سەرکردەی بیرۆکراتیی.

٥) بـە دامـــەزراوەکـــردنـــی حیزبو ڕێکخراوەکان پێویستی بە سامانی مرۆیی زیاترو تەباترو گونجاوتر هەیە، کە خۆی لە جیاوازی پسپۆڕیو بۆچووندا دەبینێتەوە، نەک جیاوازی بەرزی پلەدا.

٦) سیما دیارەکانی گەندەڵیی لە بەکارهێنانی دەسـەڵات لە بوونی ئەم جیاوازییە زۆرەوە دروست دەبێت.

٧) نەبوونی شەفافییەتو بوونی تەمومژ لەسەر بڕیارو جۆری دەسەڵاتو هەستنەکردن بە بەشدارپێکردن لە مەسەلەو پرسەکاندا.

٨) ژینگەی کارکردنی ڕێکخراوەکە: ڕێکخراو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژینگەی دەوروبەرەوە هەیە، ژینگەی جێگیر دەشێت ڕێکخراوی وەستاو «جامد» تارادەیەک کاری تێدا بکات، بەڵام بۆ ژینگەی گۆڕاو پێویستە ڕێکخراو نەرم بێت، واتە توانای گۆڕینو گونجاندنی هەبێت لەگەڵ ژینگە گۆڕاوەکەدا.


٩) پەیوەندی نێوان دەستەی سەرەوەو بنکەدا چیتر تەنیا جێبەجێکردنی بڕیارو ڕێنمایی نابێتو بـەنـاوی پرەنسیبی حیزبییەوە ڕێکخستنی پۆلایینی داخراو لەسەر کۆمەڵێک قۆرخکراو بڕیار نادات پێویستە پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی بۆچوونو بەشداری زۆرینە بێت لە بڕیاردا.

ئـــەو ســـەرچـــاوانـــەی ســـوودی لێوەرگیراوە.

١) منصور الجمري: ما التنظيم السياسي او الحزب السياسي

www. etudiautdz.com

# زۆرینەی بێدەنگو ئۆپۆزسیۆنکردن لە دەرەوەی پەرلەمان



چیا عباس

ئەمجۆرە لە ئۆپۆزسیۆنکردنەی دەسـەڵاتو بەرەنگاربوونەوەی لە شوێنو کاتی جیاجیادا بەکارهێنراوە بۆ مەبەستو ئامانجی جیاو بە ئامرازو شێوزای جیاشەوە.

هەرچەندە زەمینەی ئایدیۆلۆژی ئەم دیاردە سیاسییو کۆمەڵایەتییە چەندین بنەمای فیکری سیاسییو کۆمەڵایەتی لەخۆگرتووە،لەوپەڕیچەپیتوندڕەوەوە وەک گروپی لەشکری سوری ئەڵمانی ناسراو بە گروپی «بـادر ماینهۆف»، یا بزووتنەوەی ریفۆرمخوازان، وەک بزووتنەوەکەی مارتن لۆسەر کینگ لە ئەمریکاو ڕاپەڕینی خوێندکاران لە ئەوروپا لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، یا بزووتنەوەی ڕاستە توندڕەوو فاشییەکان لە بیست ساڵی دواییدا لە ئەوروپا تا بزووتنەوە میانڕەوە سیاسییەکان لە چەند وڵاتێکی ئەمریکای لاتینیو باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، بـەڵام زۆربـەی بۆچوونەکان لـەوەدا یەکدەگرنەوە، کە پێویستە دەسەڵات لای میللەت بێت، بەو مانایەی کە نوێنەرانی میللەت ئاوێنەی ویستی میللەتو هەڵسوڕێنەرو جێبەجێکەریشی بن.

## نوێنەرایەتیو دەسەڵاتی ئۆلیگارشی کوردی:

لە دۆخـی سیاسییو کۆمەڵایەتی ئەمرۆیهەرێمدانوێنەرایەتیکردنیمیللەت لە سایەی دەسەڵاتی کلاسیکی سیاسیدا بەرتەسکو کەم کراوەتەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەردەکەوێت، کە میللەت بووەتە ژێردەستەی ئۆلیگارشێکی «تەقلیدی»، کە بە بەرگێکی «مۆدێرنو دیموکراسییەتی پشتاوپشت– Dynastic Democracy» دەسەڵاتو حیزبو پەرلەمانو ئابووریی هەرێمیان پاوانکردووە.

بەها ڕەسەنەکان کاڵبوونەتەوەو فیکریکوردایەتی لایدەسەڵاتلەدۆگمای ڕاسترەوی نەتەوەییو کۆنسێرڤەتیزمدا چەقیوە. هەڵبژاردنەکانیش هەم بۆ تاقیکردنەوەی شەعبیەتی دەسەڵاتدارانو هەم بۆ ڕەوادان پێیان ساز دەکرێن، دەنگی نـاڕەزاش تا ئەو ئاستە ڕێگەی پێدەدرێت، کە نەتوانێت گۆڕانیی بنەڕەتی لە پێکهاتەی سیستمەکەدا بکات.

لە ناخی ئەم سروشتەی دەسەڵاتو سیاسەتدا ڕێگەش خۆشکراوە بۆ ئەو تاقمو کەسانەی، کە دۆخەکە بە هەلێکی ئاڵتوونیی گونجاوو لەبار دەبینن بۆ کـۆکـردنـەوەی نـاڕەوای سـەروەتو سامانو دابینکردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان.

ئەمانەش بوونەتە جـاڕدەرانـی ئەو جۆرە دیموکراسییەتو ئازادییەی دەسـەڵات لای مەبەستەو بوونەتە قەڵغانێکی تەنکی شڕۆکی شـاراوەی پشت ڕووداوەکان.

بەم ڕەفتارکردنەش ئۆلیگارشی کوردی قەڵغانێکی سێبەری لە «گەندەڵو سوودمەندەکان» بۆ خۆی بنیاتناوەو وەک داشی دامە بەکاریان دەهێنن.

## «هاوڵاتیبوونو دەسەڵات»

لە ئاکامی ئەم پێکهاتەو ئەو جۆرە دەسەڵاتەدا نەریتو بەها کۆمەڵایەتیو ئایینییو مێژووییەکانو کەلتوور تا ئاستێکی بەرچاو ڕووشێنراونو فەرامۆشکراونو شوێنەکەی بە پاکەتێکی کەلتووری فابریکەکراوی هـاوردە پڕدەکەنەوە. کۆی سەرجەم مێژووی میللەتو خەباتو قوربانییەکانیو خواستو ئـازارو هیواکانی بۆ تەنیا «هاوڵاتیبوون» کەمکراوەتەوە.

ئـــەم هـاوڵاتـیـبـوونـەش وەک ژمارەیەک لە ژمارە زۆرەکان لەلایەن کورسی حوکمڕانییو سیاسییەوە هەڵدەسەنگێنرێت.

بـەم کـەمـکـردنـەوەی خـەڵـکو خواستەکانی بـۆ تاکێکی بەرخۆر (مستهلک) بێئەوەی بە ئاگاوە بەشێک بێت لە قەوارەیەکی گشتیی گەورەتر بوارێکی باش ڕەخسێندراوە، تا دەستەی نایابی سیاسەت کۆنترۆڵی خەڵکو ژیانی بکاتو ئارەزوومەندانە بەڕاستو چەپدا بیبەن.

لای خۆمان زۆرینەی «نوێنەران» لەناو پەرلەماندا بوونەتە نوێنەرایەتیکردن بۆ دەنگدانو چەپڵەلێدان بۆ حیزبو دەسـەڵات، کە لە خزمەتی سیستمێکی ئابوورییو حوکمڕانیی دەسەڵاتی جێگیربوودایەولەدەرەوەش زۆرینەیەکی بێدەنگی میللەت چاوەڕوانە.

تا ئێستا نە بینیمانو نە بیستمان ئـەو «نوێنەرانەی میللەت» بوێرانە یەک بەرپرسی باڵای دز (نموونەیان کەم نین)، یەک خاوەن فایلی خیانەت (ژمارەو ناویان ناسراوو ئاشکران)، یەک پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤو ئازادی (ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان شاهیدن)، نەک ڕاکێشی دادگا بکەن، بەڵکو بگرە بتوانن لێپێچینەوە لەگەڵیاندا بکەن.

با باس لە دەهالیزە تاریکەکانی بودجەو گرێبەستەکانی نەوتو بازرگانی دیکە نەکەین.

لـەبـەرامـبـەر ئـەم ئیفلیجیو پاشکۆیەتیو ناکارایی پەرلەماندا، هەرچەندە ئازادی ڕادەربڕین بەنرخترین بەهایە لە ژیانی میللەتەکاندا، بەڵام بیروبۆچوونی جیاواز لای خۆمان لەلایەن سیستمی سیاسییەوە ناشیرین دەکرێتو خاوەنەکەی بە جۆرێک لە ڕێگەکان سزا دەدرێت.

ئـەوانـەی کە بوێرانە دەنگیان بـەرزدەکـەنـەوە هـەراسـان دەکرێن، پەراوێز دەکرێن، لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵ دەکـرێـتو وەک دوا چەکیش دەکوژرێن.

دەسـەڵات تا ئاستێکی دیاریکراو ڕێگە بە بیروڕای جیاواز دەدات، چونکە بە ڕێگرتنی تەواو لێیان ڕەنگدانەوەی توند لەسەر خۆیان دروست دەبێت. بۆیە حوکمڕانییو نوێنەرایەتی لە پەرلەمانو ڕاگەیاندنو پەراوێزەکانیان دەست لەناو دەستی یەکتر سەرقاڵی گەرمکردنو جۆشدانی ڕەشبەڵەکی زەماوەندی ئاغاکانیانو چاوەڕوانی شاباشن لێیان.

## بەرەنگاربوونەوەو دەستەمۆکردن:

کـورد لە قۆناغەکانی مێژووی بـاشـووری کـوردسـتـان بـەردەوام ئامادەبووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمـــنو بـەرپـاکـردنـی شـۆڕشو خـۆپـیـشـانـدانو ڕاپـەڕیـن دژ بە چـەوسـانـدنـەوەی نـەتـەوەیـیو هیچ درێغییەکی نەکردووە.

لـــەم ســـەردەمـــەدا بـەهـۆی کەمبوونەوەو گەمارۆدانی مەترسییەکان لەسەر نەتەوەکەمانو بەهۆی ئەو دۆخەی دوای ڕووخاندنی سەدام لە عێراقو لە کوردستان هاتووەتە ئاراوە، هەروەها لە سایەی زیادبوونی داهاتو باشبوونی بـاری گـوزەرانـی خەڵک، دەسەڵات بۆ پاراستنی پێگەکانی خۆی بەردەوام سەرقاڵی زیاتر دامرکاندنەوەو کـەمـکـردنـەوەی نـەفـەسو ڕۆحـی بەرەنگاربوونەوەو تەمەڕوود کردنە، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنە مەزنەکەی لیستی گـۆڕان. دەسـەڵات کار دەکات (بەتایبەت لە کابینەی داهـاتـوودا کە کابینەی دوای شکستە) تا لای تاکی کورد قەناعەتێک چەکەرە بکات، کە ئەو سیستمەی ئەوان هەم لە خزمەتی تاکدایەو هەم لە خزمەتی گشتیشدایەو مەبەستیشیان لەمە ئەوەیە، هەموو تاکو گروپێک بخەنە خزمەتی سیستمەکەیانو گوێڕایەڵیان بن.

ئـەم هاوکێشەیە ئـەو لایەنانەی ئۆپۆزسیۆنیش دەگرێتەوە، کە لە سایەی ڕەفتارو پێوەرو عەرزەکانی دەسەڵاتەدا دەیانەوێت کاڵای دوکانەکانی سیاسیان بە نزمترین نرخ هەڕاج بکەن.

بۆیە هەوڵدانی دەسەڵات بۆ ئەوەیە تا تاکی کورد نامۆ بێت لە چوارچێوەی قـــەوارەی گـــەورەی کۆمەڵایەتیو نەتەوەیی خۆیداو لەسایەی دابینکردنی بەشێک لە حەزو ویستەکانی لەلایەن سیستمی سیاسییو ئابوورییەوە تا لە ئاکامدا بکرێت بە « مرۆڤێکی یەک ئـاراسـتـە – دەسـتـەمـۆکـراو» وەک بیرمەندی بەناوبانگ هێربێرت مارکوز وەسفی دەکات: مرۆڤێک کە بەئاگانییە لە ئەگەرەکانی دیکە، تەنیا ئەو دۆخو سیستمە نەبێت کە تیایدا دەژیت.

## ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی پەرلەمان:

بە ڕەچاوکردنی ئەم سروشتو خەسڵەتانەی دەسـەڵاتو هەوڵە بـەردەوامـەکـانـی بۆ گـەمـارۆدانـی ئـۆپـۆزسـیـۆن لـەنـاو پـەرلـەمـانـداو تەوقکردنی لە ڕێگەی بلۆکی دەسەڵاتەوە، بۆیە پێویستییەکی ژیانی هەیە بە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لە دەرەوەی پەرلەمان.

ئەم ئۆپۆزسیۆنە پێویستە خۆی ڕێکبخات لە دەوری بابەتی کۆنکرێتو گرنگداو خۆی لە دۆگمای دەسەڵات جیابکاتەوە.

دەبێت ئەم ئۆپۆزسیۆنە باوەڕی تـەواوی هەبێت، کە میللەت لەسەر پاشهاتی خۆی بڕیاربداتو بیگرێتە دەســتو چـی زیـاتـر بـەو سێرکە دیموکراسییەی دەسەڵات ئومێد کەڵەکە نەکاتو چاوەڕوانی نەچێنێت.

هەروەها پێویستە پێکهاتەی کرۆکی ئەم ئۆپۆزسیۆنە لە ڕۆحی نەتەوەییو بەها پیرۆزەکانی ئیسلامو پرەنسیپەکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤو دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە دابڕێژرێت.

ئـەم بزووتنەوە ئۆپۆزسیۆنەی دەرەوەی پەرلەمان ئەو دەستەو گروپانە دەگرێتەوە، کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەستەمۆ نەکراونو لە قاڵب نەدراون.

## بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە دەبێت چەند کارێک ئەنجام بدرێن:

یەکەم: دروستکردنی پلاتفۆرمێک بۆ ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی پەرلەمان، کە چالاکییەکان ڕێکبخاتو هەماهەنگی نـێـوان پێکهاتەکانی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنەکە بکات.

ئەم پلاتفۆرمە دەبێت بە پەلەو گورجو گۆڵ بەکاربێت کاتێک پێویست بێت دەنگی زۆرینەی بێدەنگ ببیسترێت.

بۆ مەبەستەکانی سەرجەم ڕێگە ڕەواو یاساییەکان بەکاربهێنێت.

دووەم: تۆڕی دەرەوەی پەرلەمان، ئـەم ئۆرگانە سـەرجـەم ڕێکخراوو گــروپو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بەیەکەوە گرێدەداتو دەبێتە کۆڵەکەیەکی کۆکردنەوەی ناڕەزاییو ئۆپزسیۆن لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیو سیاسییو نەتەوەیی.

سێیەم: ئۆرگانی هەماهەنگی بۆ هەماهەنگیو بەیەکەوە کارکردن لە نێو ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانو دەرەوەی.

ئەمجۆرە لە ئۆپۆزسیۆنکردنە پێویستی بە ڕەزامەندیو بە مۆڵەتی دەسەڵات نییە.

کاتێکیش دەرکەوت ئەو بزووتنەوەیە پشتگیریی جەماوەریی لێدەکرێت ئەوەی دژی بووەستێتەوە خۆی دەخاتە بەرەی دژ بە میللەت.

بە ڕەچاوکردنی ئەم سروشتو خەسڵەتانەی دەسەڵاتو هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ گەمارۆدانی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمانداو تەوقکردنی لە ڕێگەی بلۆکی دەسەڵاتەوە، بۆیە پێویستییەکی ژیانی هەیە بە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لە دەرەوەی پەرلەمان. ئەم ئۆپۆزسیۆنە پێویستە خۆی ڕێکبخات لە دەوری بابەتی کۆنکرێتو گرنگداو خۆی لە دۆگمای دەسەڵات جیابکاتەوە

# میدیای ئازادو ئاستەنگەکانی دەسەڵاتو ئاسۆکانی بەردەمی



مەجید ساڵح

**«دەستڕاگەیشتنی میدیاکان بۆ هەواڵو زانیاریی، واتە گەیشتنی بە ڕای گشتیی، ئەو کاتەی خەڵک هەواڵو زانیاریی تەواویان لابێت واتە دیموکراسی ترسی لەسەر نییەو باڵادەستە»**

زۆر لـە وڵاتـە تۆتالیتارییەکان کۆنترۆڵکردنو سانسۆر خستنەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە بیانووی پاراستنی کۆمەڵگە لە بیروبۆچوونی ڕووخێنەر، بە مافێکی سروشتی خۆیان دەزانن، هەر بۆیە لە ڕێگەی کۆمەڵێک یاساو بڕیارەوە ڕێگریی لە بڵاوکردنەوەی هەر زانیارییەک دەکەن کە دەبێتەهۆی بەرچاو ڕوونیی ڕای گشتیی.

لەوجۆرە وڵاتانەدا هەمیشە دوو جۆر سانسۆر بوونی هەیە، سانسۆرێکیان خودی ڕۆژنامەنووسان بە ناچاریی لەسەر پەیامو زانیارییەکانیان دایدەنێنو لە زاراوە میدیاییەکاندا پێیدەوترێت (دەرگاوان)و ئەوی دیکەیان ئەو سانسۆرەیە کە حکومەت دایدەنێتو لە ڕێگەی فەرمانگەیەکی تایبەتەوە چاودێریی ڕاگەیاندنەکان دەکاتو لەکاتی لادان لەو ڕێوشوێنو دیسپلینانەی کە بۆیان دانراوە، بەپێی ئەو یاسایانەی کە هەر خۆیان دایان ناوە، دەیانداتە دادگا.

لە ڕاستیدا تائێستا ئەو دوو جۆرە لە سانسۆر لە کوردستاندا زۆر بە کەمیی هەستی پێدەکرێت، بەڵام ئەو هێرشانەی کە لەم دواییانەدا لەلایەن کەناڵە حیزبییەکانەوە (مولتەزم بە ئایدۆلۆژیاو بۆچوونێکی تایبەت) دەکرێنە سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئازاد (نا مولتەزم بە ئایدۆلۆژیاو بۆچوونێکی تایبەت)، ئەوە دەردەخەن ئێستا لەناو دەسەڵاتدارانی کوردستاندا گروپێک هەن ئاراستەی بیرکردنەوەیان بۆ ئەوە دەچێت سانسۆرێکی هاوشێوەی ئەو کە لەسەر میدیاکانی خۆیان دایانناوە بەسەر میدیای ئازادیشدا بسەپێنرێت.

ئەم ئاراستەیە ماوەیەکە لە ڕێگەی هێرشێکی چڕوپڕو بەردەوامو پلان بۆداڕێژراوەوە بۆ سەر میدیای ئازاد، دەیەوێت ناچاریان بکات ئەو پەیامو زانیارییانە بڵاونەکەنەوە کە دەبنە هۆی بە ئاگا هاتنەوەی ڕای گشتیی کوردستان لە هەڵەو کەموکوڕییەکانی حکومەتو حیزبە دەسەڵات بە دەستەکان.

سەرهەڵدانی ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە لە ناو ئەو گروپەی ناو دەسەڵاتداران، پەیوەندیی هەیەو ئەو کاریگەرییە مەزنەی کە ڕاگەیاندنە ئازادەکانی کوردستان هەیانبوو لە هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتیی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٩/٧/٢٥). بەوپێیەی لە ئایندەیەکی نزیکدا هەڵبژاردنی دیکە بەڕێوەیەو لەوەش ناچێت کە ڕەوتی پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە عێراقو کوردستاندا وەکو جاران (١٠) ساڵ جارێک بێت، بۆیە من پێموایە دەسەڵاتدارانی هەرێم کەوتوونەتە خۆیانو لەمەودوا بەشێوەیەکی چڕترو توندتر نووکی ڕمەکانیان ئاراستەی سنگی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسە ئازادەکان دەکەن، ئەوان دەیانەوێت لە سێ ڕێگەوە گوشار بۆ سەر میدیای ئازاد دروستبکەن:

**ڕێگەی یەکەم:** گوشاری دارایی، ڕێگە نەدان بە کۆمپانیاکان بۆ بڵاوکردنەوەی ڕیکلام لەو میدیایانە، خستنە بازاڕی دەیان گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی دیکە بۆ کەمبوونەوەی فرۆشی ئەوانی دیکە.

**ڕێگەی دووەم:** سنووردارکردنی ئازادییەکان.

**ڕێگەی سێیەم:** وشککردنی سەرچاوەکانی هەواڵو زانیارییو ڕێگەنەدان بە بەرپرسانی حیزبیو حکومیی بۆ پێنەدانی زانیاریی پێویست پێیان.

لەبەرامبەردا ڕۆژنامەنووسانو ڕیفۆرمخوازانی کوردستان، کە ئێستا بە حوکمی واقیع لە یەک سەنگەردان، دوو ڕێگەیان لەبەردەمدایە، یان ڕووبەڕووبوونەوە، یاخود تەسلیمبوون بەو قەدەرەی کە دەسەڵاتدارانی هەرێم دەیانەوێت بۆیان دیارییکەن.

ئەزموونی گـەلان پێمان دەڵـێـت ململانێ لەنێوان خێرو شەڕدا هەمیشە پێویستی بە کەسانێک هەیە بۆ قوربانیدان، ئەو خۆشگوزەرانیو ئازادییەی کە ئێستا لە ئەوروپادا هەیەو گەلانی جیهانی سێیەم بۆ گەیشتن پێی سەروماڵیان دەخەنە گرەو، بەرهەمی ڕەنجی دەیان هەزار قوربانیو چەندین سەدە تێکۆشانە، کەواتە جگە لە ڕێگەی یەکەم، هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەمان لەبەردەمدا نییە.


خۆشبەختانە لـە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا، ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان ئازادیخوازانو پاوانخوازاندا تەنیا لە ڕێگەی دیموکراسیو ڕێگەچارەی ئاشتیانە دەکرێتو ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی لەناو پەرلەماندا دەتوانێت پرۆژەیاسا بخاتەڕوو. بە مانایەکی دیکە ئەو حیزبو گروپانەی کە ئێستا لەناو پەرلەماندا ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەگێڕن، دەتوانن لە ڕێگەی دەرکردنی یاساوە ڕێگربن لە باڵادەستیی ئەو ئاراستەی بیرکردنەوەیە لەناو دەسەڵاتی کوردیدا، لێرەشدا خستنەڕووی دوو جۆر پرۆژەیاسا بە گرنگ دەزانم:

**یەکەمیان:** دەرکردنی یاسایەک کە لە ڕێگەیەوە بێ هیچ مەرجو کۆتو بەندێک، بەشێک لە بودجەی کوردستان تەرخانبکرێت بۆ یارمەتیدانی میدیای ئازاد. ئاشکرایە هەموو میدیاکانی حیزبەکانی دەسەڵات، هاوشێوەی کادیرەکانی حیزبەکان مووچەکانیان لە بودجەی هەرێم بۆ تەرخانکراوە.

**دووەم:** کار بۆ دەرچوونی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بکرێت، بۆئەوەی نەک هەر ڕۆژنامەنووسان، بەڵکو هەر هاوڵاتییەکی ئاسایی بۆی هەبێت هەر جۆرە زانیارییەک کە دەیەوێت بە ئاسانی لە فەرمانگەکانی حکومەتو غەیرە حکومەت دەستی بکەوێت.

ئەوەشی دەکەوێتە ئەستۆی میدیای ئازاد، ئەوەیە پێویستە لەمەودوا بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا ئەو مەرامانەی ئەو بەشەی ناو دەسەڵات کە کار بۆ دانانی سانسۆرو کۆتو بەند دەکەن، بۆ ڕای گشتیی ڕوونبکەنەوەو هەم ڕای گشتییو هەمیش ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی بخەنە بەر بەرپرسیارێتییەوە.

# با دیوانی چاودێری دارایی نەخرێتە ململانێی سیاسییەوە



**جەلالی عومەری سام ئاغا***

**ئاماژە بە نووسینێکی بەڕێز سیروان ڕەشید بەناوی (لە بارەی کێشەکەی دانا ئەحمەد مەجیدو چاودێری دارایی)، کە لە ژمارە(٥٤٦)ی ڕۆژی سێشەممە لە (٢٠٠٩/٩/٨) بڵاوبووەتەوە، بە پێویستمانزانی وەڵامێکی نووسەر بدەینەوە لەسەر خاڵ بەخاڵی نووسینەکەی، چونکە وەک نووسەر وتەنی دەڵێت: پرسیارەو لە زیهنمدا قووت بووەتەوەو هەموو پرسیارێکیش بەپێی یاسای سروشت دەبێ وەڵامی بدرێتەوە، پرسیارەکان و وەڵامەکانیان بەم چەند خاڵەی خوارەوە دەخەینەڕوو:**

١. ئایا بۆچی ئەم دیوانە تائێستا هیچ ڕاپۆرتێکی لەسەر بەرپرسە حکومییەکانی هەرێم لە میدیاکاندا بڵاونەکردووەتەوە کەچی ئێستا بۆ ئەم ڕاپۆرتەی دیوانی پارێزگای سلێمانی بووەتە پەیامنێری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەت دەمانەوێ بڵێین، کە سیاسەتی کارەکانی دیوانی چاودێری دارایی (نهێنییە)، نابێت لەڕێی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری داراییەوە ڕاپۆرتەکان بڵاوبکرێنەوەو بخرێنە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەو سایتەکانو ئاشکرا بکرێن، بەڵام لە کاتێکدا کە سەرۆکایەتی دیوان ڕاپۆرتەکان دەنێرێت بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدڵنیاییەوە لەوێوە دزە دەکاتو دەخرێتە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەو سایتەکان، بەڵگەشمان هەیە، هەندێ جار لە کاتی بڵاوکردنەوەدا مۆرو ژمارەی (واردە)ی ئەو لایەنەی لەسەرە، کە ڕاپۆرتەکەی بۆچووە، دووپاتی دەکەینەوە کە لەم حاڵەتانە دیوان بەرپرس نییە، سەبارەت بەوەی دەسەڵات گەمەی سیاسیی بە ڕاپۆرتەکانمان بکات، حەز دەکەم ئەوە بزانیت، کە تائێستا لە هیچ بەرپرسێکی حیزبیو حکومییەوە تەکلیفی لەو جۆرەمان بۆ نەهاتووە، ئەگەر بێتیش قبوڵ ناکرێت، بەدڵنیاییەوە بەدرێژایی (١٢) ساڵ تەمەنی دیوان سیناریۆی لەو جۆرە پێشکەش نەکراوە، چونکە ئەگەر گەمەی سیاسییمان پێ بکرێت دیوان میسداقییەتو قودسییەتی نامێنێو بەم شێوەیەی ئێستا سەرکەوتوو نابێت.

٢. پرسیارت کردووە، کە ئەم دیوانە دانراوە بەحساب بۆ کۆنترۆڵکردنی داهاتو خەرجیو پاراستنی دارایی گشتیی لە خراپ بەکارهێنان، بەڵام نەیتوانیوە بەر لە بە هەدەردانی ماڵی گشتیی میللەت بگرێت؟!

وەڵامەکەی ئەوەیە، کە کاری دیوانی چاودێری دارایی خستنەڕووی هەموو خراپ بەکارهێنانێکی ماڵو دارایی گشتییە، دووبارە دەمانەوێت دڵنیات بکەین ئەوەی بەرچاوی دەستەکانی چاودێری دارایی کەوتووە بێ کەموکوڕیی بێ ئەوەی کەسایەتیو خزمایەتیو هاوڕێیەتیو حیزبایەتیو هتد... حسابی بۆ کرابێ خستوومانەتەڕوو، دواتریش کاری بەدواداچوونی بۆکراوەو خاڵێکی هەڵواسراو نییە، ئەگەر نووسرابێت کاری بەدواداچوونی بۆ نەکرابێت.

بۆ نموونە ڕاپۆرتمان هەیە لە ساڵی (١٩٩٩)ەوە تائێستا بەدواداچوونمان بەردەوامە لەسەریو وازی لێ ناهێنین، جگە لەوەی چەندین جار دەستەکانمان ڕووبەڕووی هەڕەشەو گلەییو گازندە بوونەتەوە، بەڵام کۆڵمان نەداوە، چونکە کارەکانمان وادەخوازێت کە وابینو هەست بە لێپرسراوێتی بکەین.

٣. پرسیارت لە بارەی بودجەی ساڵانەوەیە، کە دیوان لە کۆتایی ساڵدا نوسخەیەکی حساباتی کۆتایی بودجەی پێدرابێتو سەرنجەکانی خۆی لە بارەوە دابێت، ئەوەندەی وەزارەتی داراییو ئابووری بودجەی ناردبێت بۆ پەرلەمانو لەوێ پەسەند کرابێت ئێمە وردبینی جدیی جێبەجێکردنی ئەو بودجە پەسەند کراوەی پەرلەمانمان لە ئەستۆ گرتووە، کە ئەرکی سەرەکی دیوانمانە، وەک ئاماژەمان پێدا کاری دیوانی چاودێری دارایی نییە لە ڕێی ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوی بکاتەوە، کە (٣١) ملیارو (٤٩) ملیۆن دۆلار (تەنیا سیو یەک ملیارو چلو نۆ ملیۆن دۆلار)ە لە بودجەی گشتییو بودجە بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان (تنمیة الاقالیم) هاتووەتە هەرێمەوە، بڵاوی بکاتەوە بۆ خەڵکی کوردستان لە چۆنییەتی خەرجکردنیو لەچیدا بەکارهاتووە؟! وەک ئاشکرامان کرد ئەگەر دیوان ئەم کارە بکات مانای وایە سنووری دەسەڵاتی خۆی بەزاندووە، چونکە لە سیستمی دیوانی چاودێری داراییدا نییە چۆنێتی خەرجکردنی ئەو پارەیە بڵاوبکاتەوە لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان.

٤. پرسیارت کردووە بۆچی دیوانی چاودێری دارایی خۆی هەڵناقورتێنێتە ناو کاری حیزبییەوەو ناکۆڵێتەوە لەو (٨٤٠) ملیۆن دۆلارەی (تەنیا هەشت سەدو چل ملیۆن دۆلار)، کە پارتیو یەکێتی لە پارەی میللەت ساڵانە بە هەدەری دەدەن؟ وردبینی لەو کارەدا ئیشی (دەزگای چاودێری دارایی) حیزبە، نەک دیوانی چاودێری دارایی حکومیی.

٥. پرسیارێکی دیکەت، کە پێویستی بە وەڵامە سەبارەت بەوەی، کە (١٥٠) وەزیرو سەرۆک وەزیرانی (٥) کابینەی ڕابردووی حکومەت هەبووە، تۆبڵێی هیچ کام لەمانە گەندەڵ نەبووبن؟!

بەڵێ ئێمە، کە دەچین کاری چاودێری دارایی ئەنجام دەدەین لە دەزگایەکی حکومی دا لەسەر بنەمایەکی ڕاستو دروستو دادپەروەرانە پاڵپشت بە یاساو بڕیارو ڕێنماییەکان ئەوەی پێچەوانەی ئەمانەن لەو سنوورەی بۆمان دیاری کراوە لە سیستمەکەدا دەست ناپارێزینو ڕاپۆرتمان هەیە لەسەر کارەکانی سەرۆکی حکومەت تا وەزیرەکانو تا بچوکترین بەرپرس، وە بەڕاشکاوانە لەسەرمان نووسیونو بوێرانە خۆمانو خامەمان ڕاستییەکانمان درکاندووە، ڕاپۆرتو وەڵامی ڕاپۆرتەکانمان شاهێدی ئەو حاڵەتەن، جگە لەوەی لەسەر بەرپرسان ڕاپۆرتمان بەرزکردووەتەوە کە کاری گەندەڵییان ئەنجام دابێت، بۆ ئاگاداریتان لەناو بینای دیوانی چاودێری دارایی لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ چەندین وەزیر کردووە لە کابینەی (٤)ی ئیدارەی سلێمانیدا، لە زۆربەی ڕاپۆرتەکاندا ڕەخنەمان لە هەر بڕیارێک گرتووە، کە گونجاو نەبووبێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا، ئینجا ئەگەر ئەو بڕیارانە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەرچووبێت یان وەزارەتی داراییو ئابووری یان وەزارەتو هەر دامەزراوەیەکی دیکە، کە ئەم کارانەشمان کردووە نەحکومەتو نەحیزب فشاری نەخستووینەتە سەر، لەگەڵ ئەوەشدا دیوانی چاودێری دارایی هەمیشە بەسنگفراوانییەوە ڕەخنەی قبوڵکردووەو بە بایەخیشەوە هەر تێبینیو گلەییەکی وەرگرتووە، کە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە ڕووبەڕووی کرابێتەوە، چونکە دیوان بەو ڕەخنەو گلەییو گازندانەی خەڵکی پێش دەکەوێتو دەتوانین ئەو کارەی، کە پێمان سپێردراوە بۆ خەڵکی ڕوون بکەینەوەو لەمیانەی ڕەخنەو گلەیی یەکانیانەوە سنووری دەسەڵاتمان بخەینەڕوو.

٦. ئەم پرسیارەت سەبارەت بەوەی، کە پارتیو یەکێتی (٢٧) گرێبەستی نەوتییان ئەنجامداوەو زیاتر لە (٧٥٠) ملیۆن دۆلار وەک شیرینی (کۆمۆیشن)یان وەرگرتووە، ئێمە لە ڕێی ڕاگەیاندنەکانەوە بیستوومانە، بەڵام دیوانی چاودێری دارایی— هەولێر بەرپرسە لەو وردبینییە، لە وردەکارییەکانی ئەو گرێبەستانەو لێکدانەوەی ئەو کۆنتراکتانە، کە ئایا یاسایی بن یان نا! هەموو ئەو کۆنتراکتە نەوتیانە لە سنووری پارێزگای هەولێردا ئەنجام دراون، نەک لە سنووری پارێزگای سلێمانی، کە سنووری کاری چالاکییەکانی دیوانمانە.

٧. لە (٢٠٠٨/٥/٢٦)ەوە پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسایەکی نوێ بڕیاری کارکردنو یەکگرتنەوەی داوە، بەڵام تائێستا یەکێتیو پارتی نایەوێت ئەم دوو دیوانە یەک بگرێت؟

ئەمە کاری دەسەڵاتی حکومەتە، کە جەخت بکاتەوە بۆ یەکگرتنەوەیان، ئێمەش ئامادەباشیمان تیایە بۆ ئەو مەبەستە، کە بڕیارێک دەرچوو وەک چۆن هەمیشە ملکەچی یاساو بڕیارەکانی حکومەت بووین، هەر بەو چەشنە ملکەچی یاسای یەکگرتنەوەی هەردوو دیوان دەبینو جێبەجێی دەکەین.

٨. وەک ئاماژەت پێکردووە بەوەی دەسەڵات بۆ جوانکردنی ڕووخساری گەندەڵکارانەی خۆی ئەم دیوانەی دروستکردووە، ئەم دەزگایەشت بە (دەزگایەکی کارتۆنی) داوەتە قەڵەم.

هەموو دەسەڵاتەکانی دنیا، کە بڕیار لەسەر دامەزراندنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی، یان دەستەی نەزاهە دەدات بڕیارێکی زۆر بەجێیەو ڕووخساری خۆی پێ جوان دەکاتو سیمایەکی دیموکراسیی پێ دەبەخشێ، ئەوەندەی پەیوەندی بە دیوانو کارەکانمانەوە هەیە بەهەڵەدا چوویت لەوەدا، کە ئەم دیوانە کارتۆنی بێت، چونکە دیوانێک خاوەنی زیاتر لە (٢٥٣٠) ڕاپۆرت بێت، پێی دەوترێت دیوانی کارتۆنی؟! ئاشکراکردنی گەندەڵییو لادانە یاساییەکان، کە لەسەر بەرپرسێکی باڵا تا بچوکترین بەرپرس، بوێرانەو بە ویژدانەوە لەلایەن دیوانمانەوە ئاشکرا دەکرێن، ئەمە دیوانێکی کارتۆنییە؟! وە ڕاپۆرتەکانمان شاهیدی ئەوە دەدەن، کە دیوانی چاودێری دارایی دیوانێکی کاراو لێهاتووەو هەمیشە بێ ترس کارەکانی خۆی ئەنجامداوە، جگە لە کاری وردبینییو دەرخستنی گەندەڵیی ڕاسپاردەو پێشنیازو هەڵسەنگاندنیشمان لە دامودەزگاکانی حکومەتدا ئەنجامداوە، هەر کەموکوڕییەک لە لێپرسینەوەدا هەبێت ئەوا لایەنی جێ بەجێکار (تنفیذی) بەرپرسە لێی، نەک دیوانی چاودێری دارایی؟! ئێمە کارمان بۆ حکومەت دەرخستنی گەندەڵییو گەندەڵکارانە بە مەرجێ حکومەت هاوکارمان بێتو کار بە ڕاپۆرتەکانمان بکاتو لە کاتی تێوەگلانی گەندەڵکاراندا ئاسانکاریی بۆ جێبەجێکردنی یاسا بکاتو سەروەری یاسا بپارێزێتو دەست تێوەردان لە کاروباری دادگادا نەکاتو ئاسانکاریی بۆ بەردانی گەندەڵکاران نەکاتو چاوپۆشی لە تاوانەکانیان نەکات، کە ئەنجامیانداوە، کە ئەویش بە هەدەردانی ماڵی دەوڵەتە.

**لەمیانەی وەڵامی نووسینەکەی کاک سیروانەوە، حەز دەکەین ڕۆشنایی یەک بخەینە سەر وتەکانی بەڕێز کاک نەوشیروان مستەفا، کە لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە(٥٩٧)ی ڕۆژی سێشەممە لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٩/١٥) بڵاویکردووەتەوەو تیایدا ئاماژەی داوە، کە لە «کوردستانەکەی ئێمەدا تەنیا یەک دەزگا هەیە، ئەو دەزگایەش لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدایە)و (دەزگای دیوانی چاودێری دارایی پێویستە لەسەر بنچینەی پیشەیی لەسەر بنچینەی عەدالەت لەسەر بنچینەی جۆرێک لە بێلایەنی لە کاروباری وڵاتدا دروست بکرێت».**

بۆ وەڵامی ئەو دیدوبۆچوونانەی، کە دیوانی چاودێری دارایی لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدا بێت، دەڵێم: ئەشێ برای بەڕێزم کاک نەوشیروان مستەفا لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر ئاگای لەوەبێ، کە ئێمە هەرگیز لەژێر کۆنترۆڵی هیچ حیزبێکدا نەبووینو نین.

بۆ ڕاستی ئەو قسەیەو بۆ وەبیرهێنانەوەش، ئاماژە بۆ ئەم خاڵانە دەکەم:

١. لە کاتی دەرچوونی (١٥) بڕیارەکەی سەرۆکایەتی هەرێم، کە لە ماڵی بەڕێزتان وتووێژیان لەسەر دەکرا، بەندە بریکاری وەزارەتی داراییو ئابووری بوو و کاک نەوشیروانیش جێگری سکرتێری (ی.ن.ک) بوو، لەو کۆبوونەوانەدا تەنیا من حیزبی نەبووم، ئەوانیتر هەموویان حیزبی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارەکانمان، تەنیا بەپێی یاساو ڕێنماییەکان بوو، ئەگەر هەر بیروڕایەکیش بۆنی حیزبی لێهاتبێ، بەندە هەر دەگەڕایەوە بۆ حوکمی یاسا، ئەوەبوو کارێکی باشمانکرد بە کەمکردنەوەی سەرفیاتو دانانی مەرجی یاسایی بۆ موستەشارو بەڕێوەبەری گشتییو شارەزاو ... هتد، توانیشمان باری ئابووری حکومەت تاڕادەیەک چاک بکەین بە دەستگرتنەوە لە خەرجیدا (ترشیدو ترشیق)، ئەم (١٥) بڕیارەش لەڕێگەی یاداشتێکی بەندەوە هاتە ئاراوە بۆ بەڕێز مام جەلال، کە تیایدا نووسیبووم (گوێم لە زەنگی خەتەرناکییە) لە حکومەتدا.

ئەو ئیجرائاتانەش بە زیان بۆ زۆرێک لە بەرپرسە حیزبییەکان گەڕایەوە.

٢. بۆ پێکهاتنی کابینەی پێنجەم، کە بە کابینەی یەکگرتوو ناوبرا، ئەوە بیرۆکەی جەنابتان بوو، کە بۆ دانانی وەزیرەکان ڕاو پەسەندکردنی دیوانی چاودێرییان لەسەربێ، واتا پشت بەڕاستیو پاکی دادپەروەری ڕاپۆرتەکانمان بەسترا. دیوانیش بە ئەمانەتەوەو بەبێ لایەنگیریکردن بۆ پاڵێوراوی هیچ بەرپرسێک ڕاپۆرتەکانی پێشکەشکرد، ئەوە بوو جەنابی مام جەلال سێ پاڵێوراوی هەبوو، جەنابیشتان یەک پاڵێوراو، بەڵام هەرچواریان لەسەر ئەوەی تێبینییان لەسەر هەبوو لە ڕاپۆرتەکانماندا، کەسیان نەکرانە وەزیر، ئەوەبوو لە یەکتربینینێکدا کاک نەوشیروان پێیوتم: من یەک پاڵێوراوم هەبوو، ئەویش بەر ڕاپۆرتەکانتان کەوت! لە وەڵامدا وتم: ڕاپۆرتەکەیت بۆ بنێرم؟ وتتان پێویست ناکات من ئیمانم پێتانەو دەزانم ڕاپۆرتەکانتان بە ئەوپەڕی مسداقیەتو نەزاهەتەوە دەینووسن.

٣. بۆ ماوەیەک لە هەردوو ساڵی (٢٠٠٥)و (٢٠٠٦) حکومەتێکی بچووک (حکومەتێکی مصغر)، کە لە بەڕێزان نەوشیروان مستەفاو عومەر فەتاحو وەزیری داراییو سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاژەو بەندە پێکهێنرا، دانیشتنەکانمان لە ماڵی جەنابتان دەکرد، زۆری پێشنیازو ڕەخنە لەلایەن بەندەوە بوو، وەک سەرۆکی دیوانی چاودێری، ئەوەبوو هیچ کارێکمان نەچەسپاند، کە دوور بووبێ لە یاساو ڕێنماییەکان.

٤. لەبارەی تەلارەکەی دیوانی چاودێری داراییەوە، گوشارێکی زۆرمان، بە نامەی بەڕێز مام جەلال بەهۆی کاک دلێری سەید مەجیدەوەو بە نووسراوی جێگری سەرۆکی حکومەت، کاک (عومەر فەتاح)وە خرایە سەر بۆ چۆڵکردنی ئەو تەلارە، کە (٢٢٧) فەرمانبەری دیوان کاری تێدا دەکەن، ئێمە داواکەمان ڕەتکردەوە، هەرچەندە کاک دلێر وتی: ئەمە بڕیاری قیادەی سیاسییەو مام جەلالیش لەسەرو قیادەی سیاسییەوە بڕیاریداوە، جگە لەوەی جەنابتان ئاگاداری وردەکاریی داواکە بوون.

جا ئەگەر بەندە لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدا بوایە، دەیتوانی ئەو هەڵوێستەی هەبێ؟ ئایا ئەوە سەربەخۆیی دیوان نییە؟!

٥. دەبێ کاک نەوشیروان لەبیربێ، کە بۆ هەندێ شت پرسو ڕای پێ دەکردمو هەندێ شتی گرنگیشی پیشان دەدام، منیش هەمیشە ڕای ئازادی خۆمم هەبووە، کە گەلێ جار جیاواز بووە لەگەڵ ڕای بەڕێزی، جا ئەگەر لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدا بوومایە، دەبوایە هەر بڵێم بەڵێ ڕاستە! بەڵام چونکە لە هەموو تەمەنمدا کۆیلایەتی قبووڵ نەکردووە، ڕێزی ڕاکانی خۆمم گرتووە بە یاسا، تەنانەت بەرامبەر بەڕێز مام جەلالیش، کە چەند جارێک پێموتووە: (هیچ وانییە)، هەندێ برادەریش ڕەخنەیان لێگرتوومو وتوویانە مەڵێ (هیچ) منیش وتوومە ئەوەی سەر لە سەرکردەیەک دەشێوێنێ، دەوروپشتەکەیەتی، کە بەچاکو بەخراپ هەر دەڵێن: بەڵێ قوربان، لە کاتێکدا زۆر بەدڵسۆزییەوە مناقشەم کردووە، وە نەمهێشتووە بیروبۆچوونی هەڵەی بەسەردا تێپەڕێنن.

٦. کاک نەوشیروان بەندەو بنەماڵەکەی زۆرباش دەناسێت، وە زۆرباشیش دەزانێت کە پۆستی بریکاری وەزارەتی داراییو پۆستی سەرۆکی دیوانم بەسەردا فەرز کرا، محاوەلاتی زۆرم لەگەڵدا کرا هەر موافق نەبووم تا دوایی لەژێر گوشاری تەلەفۆنی جەنابی مام جەلالدا بەبێ ڕەغبەت قبوڵم کرد، کاک کۆسرەتو د.بەرهەم شاهیدن، بەڵام بۆ ڕووسوری خۆمو بنەماڵەکەمو بۆ ئێوەش کارێکم نەکرد کە پێی شەرمەزاربن.

لە هەردوو پۆستەکەمدا کەوا نزیک دەبێتەوە لە دە ساڵ، یەک دینار، یەک دۆلار یان زیاترم تائێستا نە لە حکومەت نە لە حیزب وەرنەگرتووە، جگە لە مووچەکەم، لەو کاتەی دارایی حکومەت لاواز بوو، بە دوو نووسراوی ڕەسمیی داوامکرد، کە مووچەکەم کەمبکرێتەوە (ئەو دوو نووسراوە لە ڕوونکردنەوەکانی دیواندا بڵاوکراونەتەوە).

هەروەها وەکو ئاگادارن چیم هەبووە بەخشیومە بە حکومەت، ئەو ڕۆژەی لە وەزیفە دەردەچم خاوەنی یەک مەتردووجا نیم لە خانوو و ئەرز، جەنابتان باش دەزانن، کە باوکم خاوەنی چەندەها خانوو بووە، تەنانەت چەندەها قوتابخانەی ئەم شارە لەگەڵ داخلی کچانو کوڕان خانووی باوکم بووە، بەڵام ئێستا خوشکێکم نەک کرێچییە، بەڵکو لەژێرخانێکی کرێچیدایە لەگەڵ مێردەکەی، دەمتوانی بە تەلەفۆنێک خانووی حکومەت، یان شوقەی بۆ وەربگرم، هەمان خوشکم تازە خانەنشین کراوە، کە مامۆستای سەرەتایی بوو، بۆ ئاگاداری جەنابتان، قوتابی قوتابییەکەی ئێستا موفەتیشەیە، ئەویش دەمتوانی بە تەلەفۆنێک بیکەم بە موفەتیشە، بەڵام ئەوە مەبدەئی بەندە نییە، هەر بە مامۆستایی مایەوە تا خانەنشین کرا.

کاک نەوشیروان کام لە بەرپرسە حیزبیو حکومییەکان ئەمانەیان کردووە؟! بە داخەوەو بە پێچەوانەی ئەمانەی باسم کرد زۆربەی بەرپرسانی حیزبیو حکومیی خەریکی خانوو و تەلار دروستکردننو بە ئەساسی ئەجنەبی هێنراو لە دەرەوەی وڵاتەوە دەیڕازێننەوە، جگە لەباخو باخاتو عەزبەو مەسبەح، هەروەها سەفەرات بۆ دەرەوەی وڵات، بۆیە لە سەرەنجامدا گەندەڵیی لە کوردستاندا ڕەگی داکوتاوە، کە بووەتە جێگەی تانەو توانجو ناڕەزایی میللەتەکەمان.

٧. ڕاستە دەزگای چاودێری داراییو وەزارەتەکان حیزب پێکیهێناون، بەڵام لە غەیری نیزامی مەلەکیدا، هەموو نیزامە پەرلەمانییەکان زۆرینەی کورسییەکان، حکومەتو دامودەزگاکانی حکومەت پێکدێنێت، بەڵام ئەو کەسەی کە پۆستێکی لەلایەن حکومەتەوە پێ دەدرێت، ئەو بەرپرسە دەبێت بە موڵکی میللەتەکەی، دەبێت لە کارەکانیدا کار بۆ میللەت بکات، نەک تەنیا بۆ حیزبەکەی، ئێمەش هەر لەم ڕوانگەیەوە کارمان کردووە، بەبێ لایەنیی، هەربۆیە بەڕاشکاوی لە چەند چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ڕۆژنامەکان وتوومە وەزیفە لای من خزمەتو مێژوو، نەک ناونیشانو مووچەی بەرزو ئیمتیازات، کە تاتوانیبێتم خۆم لەم ئیمتیازاتانە دوورخستووەتەوە، ئەو شتانەی لای بەندە پیرۆزە، (مێژووی خۆم، دەست پاکیی، بەزەیی بە هەژارانو بێ دەرەتاندا، دادپەروەریی لە کاردا، خۆشەویستی کارو نیشتمان، وەفا، جدییەت، دڵسۆزیی)، بە پێچەوانەوە ڕقو کینەم، لە (چاوبڕینە لە موڵکو ماڵی خەڵکو حکومەت، دزی، خۆبەزلزانین، نۆکەریو ماستاوکردن بۆ سەرو، لە ژێر پەردەی دەسەڵاتدا، داگیرکردنی موڵکو ماڵی خەڵکو حکومەت، هەروەها کاسەلێسو مشەخۆرو هەلپەرستو بێ بار).

کاک نەوشیروان لەبەر ئەم هەموو هۆیانەی، کە باسمکردن، جگە لەوەی تەمەنێکم هەیەو خۆشتان دەزانن، کە بە (٣) ساڵ بە تەمەن لە تۆ گەورەترم، تۆبڵێی لەم دوا تەمەنەمدا کۆیلەیی قبوڵ بکەمو لە ژێر کۆنترۆڵی حیزبدا کار بکەم! وە ئەو سوێندە پیرۆزەی خواردم جێ بەجێ نەکەم! جگە لەوەی کە بەم زوانەش پشتبەخوا خانەنشین دەبم... ڕێزێکی زۆرم هەیە بۆتانو بۆ متمانەی پێشووتان بە دیوانو سەرۆکی دیوان، هەروەها بۆ ئەو برادەرییە دێرینەی کە دەگەڕێتەوە بۆ چەندەها ساڵی پێشوو ..

لە دوا وتەمدا، بە پێویستی دەزانین کە جارێکی دیکە ئەم ڕاستییە دووپات بکەینەوە، کە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی بەوپەڕی هەست بە لێپرسراوێتیکردن بەرامبەر بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستانو گیانی نیشتمانپەروەری ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی ئەنجام داوە لەسەر بنەمای ڕاستی بە پشتبەستن بە یاساو عەدالەتو بێ تەرەفگیریی لە دەسەڵاتی سیاسییو دوور لە کۆنترۆڵکردنمان لە هەر لایەنو هەرکەسێکەوە بووبێت بێ ئەوەی کەمو زۆر خاتری کەس گیرابێ لەسەر حسابی ژمارەو ڕاستیی دۆسییەکانی بەردەست، کە هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی پاراستنی سەربەخۆییو سەرکەوتنی کارەکانی دیوان بووە، وە هەروەها مافی خۆمانە ڕایبگەیەنین سەرجەمی کارەکانمان بەدەر بووە لە هەموو جۆرە فشارێکی حیزبی یاخود حکومیی لە هەر پلەوپایەیەکدا بووبێت،و ڕاشکاوانەش ڕایدەگەینین ئەگەر هەرکەسێک بەڵگەیەک یاخود جۆرە زانیارییەکی لابێت، کە دیوان بێ لایەنیی خۆی لە دەستداوە با دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لێ ئاگادار بکاتەوە بۆ ئەوەی تەنیا هەر قسە نەبێت، کە لەم بارودۆخەی ئێستادا ڕێچکەی نائاسایی بەستووەو تەنیا کوردستانو گەلی کوردستانی پێ ناشیرین دەکرێ، بە پێچەوانەی کارو چالاکییەکانی دیوانی چاودێری، کە بەردەوام دژایەتی گەندەڵییو گەندەڵکاران دەکات.

*** سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی— سلێمانی**

**١٠ / ١٠ / ٢٠٠٩**

# سەد ڕەحمەت لە کفن دز

**ئەندازیار: جەمال محەمەد شکور***

**ئاماژە بەو بابەتەی، کە لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە (٥٥٠) ڕۆژی سێشەممەی (٢٠٠٩/١٠/٦) لە لاپەڕە (١٠)دا بە ناونیشانی (بەرپرسانی کورد لە کەرکوک چۆن وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە؟) کە لە لایەن کاک هیوا جەمالەوە نووسراوە، لێرەوە وەک بەرپرسێک کە ناوم هاتووە بە سیفەتی بەڕێوەبەری شارەوانیی کەرکوک بەمشێوەیە وەڵامت دەدەمەوە:**

من وەک خۆمو خێزانەکەم لەیەکەم ڕۆژی پرۆسەی ئازادییەوە بە یەکجاری گەڕاوینەتەوە بۆ کەرکوکو بەم گەڕانەوەیەش نە مەبەستمان پۆز لێدانەو نە منەتکردنە بەسەر کەسدا، تەنیا ئەوەندەیە وەک کەسێکی خەڵکی ئەمشارە بە قەناعەتی خۆم مەبەستم بووە بگەڕێمەوە تا خودی خۆمو ماڵو منداڵەکانیشم لەگەڵ خۆشیو ناخۆشی شارەکەمو خەڵکەکەیدا بژین. دوای گەڕانەوەم بۆ کەرکوک پۆستی بەڕێوەبەری شارەوانیم وەرگرتووەو بە پێویستی نازانم بە درێژی باسی چۆنێتیی وەرگرتنی ئەو پۆستە بکەم، هەروەها زۆر کەسی دیکە پۆستی درایەو بۆی بەڕێوەنەچوو، گەڕایەوەو لە حکومەتی هەرێم پۆستی بەرزتری وەرگرت، کە دەبوایە لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرایە. بەڵام بەرامبەر بەو پرسیارەت، کە ئایا ئەم پۆستانە تا چەند سوودیان بە کورد گەیاندووە؟ ئەگەر پرسیارەکەت لە خانەی موزایەدەی سیاسیی دوور بخەمەوە، ئەوا دەبێت داوات لێبکەم کە پرسیارەکەت ڕووبەڕووی خەڵکی کەرکوکو بەتایبەتی فەرمانبەرانی کوردی کەرکوک بکەیتەوە، چونکە هەر لە فەرمانگەکەماندا ڕێژەیەکی زۆر لە کوردی ئەم شارە دامەزراوەو ڕێژەیەکی زۆر لە دەرکراوی کوردو نەتەوەکانی دیکە گەڕاونەتەوە بە پاڵپشتیو هاندانی ئەو بەرپرسانەی جەنابت باسیان دەکەیت بە سەدان فەرمانبەری کوردی فەسڵکراو، کە کاتی خۆی بە ناهەقی فەسڵکراون گەڕاونەتەوەو بە سەدان پرۆژە جێبەجێکراوە، ئەمە سەرەڕای دامەزراندنو دەیان ئیشی دیکە، کە لێرەدا جێگەی باسکردنیان نابێتەوەو دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ژمارەکانی گۆڤاری(شار)ی شارەوانیی کەرکوکو نامیلکەی کارو چالاکییەکانی پارێزگای کەرکوک کە دەبینیت بە بودجەیەکی کەم کارێکی زۆر کراوە، ئیدی ئەوە نازانم، ئەگەر بەڕێزتان مەبەستتان ئەوە بێت من کەرکوک بگەڕێنمەوە سەر هەرێمی کوردستان یان بەقودرەتی قادر ئەم کەرکوکە وێرانە بکەم بە دوبەی. ئیجازەم بدە هەر لە میانەی هەمان بابەتدا، منیش چەند پرسیارێکت ئاڕاستە بکەم: ئایا جەنابت دەزانیت لە کەرکوک دەسەڵاتەکان چۆنن‌و بە دەست کێوەن؟ ئایا ئاگاداری ئەوەیت کە تا ئێستا بودجەی کەرکوک لە بەغداوە دێت بۆ کەرکوکو لەم مەسەلەیەدا بە موتڵەقی کەوتوینەتە ژێر باری ڕەحمەتی بەغداو ساڵانە بە دەیان‌و سەدان پاشقول‌و بە هەڵهێنانی مەتەڵی هێلکەی کەڵەشێرەکە، بودجە دەگاتە کەرکوک؟ ئایا دەزانیت وەزارەتەکانی بەغدا تا چ ئاستێک دژایەتیمان دەکەن‌و لەو هەموو بەرپرسە کوردە تائێستا کەسێک نییە پشتگیریمان بکات، بە پێچەوانەوە خەریکی چاڵهەڵکەندنین بۆ یەکتری؟ بەدەر لەمانە، جەنابت باسی وێرانی شاری کەرکوکت کردووە لەلایەن ڕژێمەوە، بەڵام نازانم تائێستا هاتویتەتە کەرکوکو بینیوتە، یان ئاگاداری ئەوەیت کە بەتایبەتی گەڕەکە کوردنشینەکان پەراوێزخراوبوون لە سەردەمی ڕژێمدا، یان دەزانیت لەو هەموو گەڕەکە کوردییەی کەرکوک تەنانەت تەنیا یەک باخچەی تیا نەبوو بۆ جوانکاری شار بێت، یان بۆ حەسانەوەی خەڵک؟ ئەی بە بۆچوونی تۆ تائێستا چەندین باخچەو پرۆژەی دیکەی جۆراو جۆر لەلایەن ئێمەوە بۆ ئەو گەڕەکانە ئەنجامدراوە، جەنابت دەتوانیت سەردانێکی شارەوانییەکەمان بکەیت بۆئەوەی نوێنەرێکت لە گەڵدا بنێرین بۆ هەموو ئەو جادەو باخچەو پارکو پرۆژانەی کە لەلایەن ئێمەو پارێزگای کەرکوکەوە کراون، ئەی دەزانیت بۆ ماوەی چەند مانگێک ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانی لە هەوڵی بێوچاندابووین تا چەند شوێنێک بە شەرعیو بە ڕەزامەندی نەتەوەکانی دیکە وەربگێرین بۆ نیشتەجێبوونی ئاوارەکان، تا لە کۆتاییدا کارەکەمان بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا ئەمە سەرەڕای گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان، تائێستا چەند پرۆژەیەکی باشیش بۆ ئەوان ئەنجامدراوە، نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە بۆ خزمەتکردنی ئاوارەکان هەر لەلایەن بەغداوە موحاسەبە ناکرێین، نەخێر، دوژمنانی کورد لە کەرکوک شەووڕۆژیان خستووەتە سەر یەک تا ڕێگا لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ئاوارەکان بگرن‌و هەمیشە بەو مەبەستە کێشەی جۆراوجۆرو تۆمەت دەبەشنەوە بە سەرماندا. من لەلای خۆمەوە هەرگیز ڕێگە بە خۆم نادەم کە بڵێم لە شاری کەرکوکدا کەموکووڕیمان نییەو کەرکوک شامی شەریفە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێت، کاتێک ئێمە گەڕاینەوە بۆ کەرکوک فەرشی سوورمان بۆ ڕانەخرابوو، نە بودجەو نە یارمەتیو تەنانەت بینای فەرمانگەکانیشمان سوتێنرابوون، سەیارەو ئامێرەکانیش ئاودیوکرابوون لەلایەن..! ئێستاش شاری کەرکوک بە دەر نییە لە کەموکووڕیی، بەڵام هەر هەموو بەرپرسو بەڕێوەبەری فەرمانگەکان لێی بەرپرس نین، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەموکووڕیی شارەکانی دیکەی عێراق لە کەموکووڕییەکانی کەرکوک کەمتر نییە، من خودی خۆم لەمرۆژانە لە ٢٨ / ٩ تا ٣ / ١٠ لە بەغدا بووم کە پایەتەختی عێراقە، یەک جادەی باشی تیا نابینرێت‌و شارێکی تەواو وێران‌و پڕە لە گردۆڵەی زبڵو خۆڵو خاشاک، لەگەڵ بوونی ئەو هەموو وەزیرو پەرلەمانتارو بەرپرسانە بە سەرۆکی حکومەت‌و دەوڵەتیشەوە، پێدەچێت جەنابت لە ڕۆژنامەکاندا ناکۆکییەکانی نێوان پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگات خوێندبێتەوە، بەڵام من وەک شارەوانیی کەرکوک تەنیا یەک دینار بودجەم نەگەڕاوەتەوە بۆ بەغداو پرۆژە گەلێکی زۆریش بۆ شارەکە کراوە، دەتوانیت بەدواداچوونی بۆ بکەیت.

پـاش وروژانـدنـی چـەند پرسیارێک داواتکردووە بدرێین بە دادگـا!!! هەر چەندە سەیر لەوەدایە دیارنییە کێ بدرێتە دادگا، یان مەبەستت لەو کەسانە بێت کە کەرکوکیان بەم حاڵە گەیاندووە، جەنابت لێرەدا تەڕو وشکت خستووەتە خانەیەکەوە بۆ گڕتێبەردانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێت هۆشداری ئەوەت بدەمێ کە لەم مەملەکەتەدا لایەن زۆرە تا لێپرسینەوەمان لەگەڵدا بکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لێپرسراوە حیزبییەکان، ئیدارە ناشرین دەکـەن‌و خۆشیان هیچیان لە بـاردا نییەو تائێستا بچوکترین هاوکاریی ئیدارەیان نەکردووە، جگە لـەوەی کە تەنیا بار بوون بەسەرمانەوەو زۆربەی پەیوەندییەکانیان بۆ بەرژەوەندیی شەخسی خۆیان بووەو تۆمەت بەخشینەوەیشیان بەسەرماندا بە بارتەقای ڕاییکردنی باڵانسی داواکارییە شەخسییەکانیان بووە، بەڵام دامودەزگاکانی بەغدا بە مەبەستی لێپرسینەوە لە گەڵماندا فریاناکەون، جاری وا هەبوو هێشتا لیژنەیەک نەگەڕاوەتەوە بۆ بەغدا لیژنەیەکی دیکە هاتووە بۆ بە دواداچـوون‌و لێپرسینەوە، چـاودێری دارایـی، دائیرەی تەفتیشی گشتیو تەفتیشی وەزارەت، دەستەی نەزاهەو ئەمانەو دەیان دامودەزگای هاوشێوە کە بەمەبەستو تۆڵەسەندنەوە لە بەغداوە دەنێررێن‌و باسی لیژنە تایبەتەکانی کەرکوکیش ناکەین، ئێمە وەک شارەوانیی بەوپەڕی بڕوا بەخۆبوونەوە، لە لێپرسینەوە ناترسین‌و ئامادەین بە شێوەیەکی یاسایی پێشوازی لە دەیـان لیژنە بکەین بە مەبەستی پشکنین‌و چاودێریکردن‌و بەدواداچوونی هەموو ئەو کارانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٩ لەلایەن ئێمەوە ئەنجامدراون، ئەگەر تەنیا یەک خاڵی نا یاسایی لەسەر شارەوانیی کەرکوک تۆمار کرا، ئەوا ئێمە ئەو کاتە ملمان لە موو باریکترە بەرامبەر ئەو کارە نا یاساییە، بەڵام بە مەرجێک لیژنەی بەویژدان‌و بێمەرامی سیاسی بێت.

دواجـار کە باسی ئیدارە دەکەیت، نازانم ئەوەت لە ڕۆژنامەکاندا خوێندووەتەوە یان بە ڕێکەوت بەر گوێت کەوتووە، بەڵام خراپ نییە ئەگەر ئەوەت بۆ ڕوونبکەمەوەو بڵێم: واقیع وا نییە، زۆر بەداخەوە کە ئیدارەی کەرکوک لاوازە، چونکە دەبوو بە گژ هەموو ئەو پڕوپاگەندانەدا بوەستایەتەوە کە دەدرێنە پاڵ ئیدارەکەو بە جورئەتەوە قەبوڵی نەکردایەو وەڵامی هەموو ئەو خەڵکانەی بدایەتەوە لە هەر پلەوپایەیەکدا بوونایەو لە دوورەوە ئێمە تاوانبار دەکەن کە هەندێکیان کەرکوکیان نەدیوە.

بەڕێزم: جەنابت سەرپێیانە مەسەلەکەت خستووەتە ژێر باسەوە، چونکە دەبوو کارەکەت بە دیقەتتر بوایەو کەسەکانت لێکتر جیا بکردایەتەوەو دەسەڵاتەکان دیاری بکردایەو بەو شێوەیە تەڕو وشکت پێکەوە نەسوتاندایە. لە ڕۆژی وەرگرتنی پۆستەکەمەوە تەنیا یەک ڕۆژ دەوامم بەجێ نەهێشتووەو زۆربەی ڕۆژەکانیش بەر لە دەوامی کارکردنی فەرمانبەرەکان دەوام دەکەمو زۆربەی کاتەکانیش لە سەعات ٧ی بەیانییەوە لەگەڵ بەشی خزمەتگوزارییدا بووم‌و ئیشەکانمان ڕێکخستووەو دواتر گەڕاوینەتەوە نێو فەرمانگەکەمان‌و مانگانەش بە دەیانجار تا سەعات ١٠ – ١١ شەو لەگەڵ کارمەندانی بەشی خزمەتگوزاریی دەمێنینەوە بە مەبەستی سەرپەرشتیکردن‌و چاودێریکردنی زبڵو خۆڵو خاشاکی ڕۆژانە.

ماڵو منداڵەکانیشم حاڵیان لە من باشتر نـەبـووە، چونکە ئەوانیش هـەر لەیەکەم ڕۆژەوە لەگەڵ خۆمدا گەڕاونەتەوە شارەکەو ئەوەی توشی خەڵکی شارەکە بووە توشی خێزانەکەی منیش بووەو ئاشنا بوون بە دەنگی تەقینەوەو ترسی تیرۆرو ڕفاندن‌و....هتد لەگەڵ خەڵکەکەیدا. بارودۆخی وا هەبووە کە هیچ هیوامان بە مانەوە یا بە ژیان نەماوە، کەچی ئێستا ئێوەو هەندێک لە حیزبە کوردییەکانی تر دەتانەوێت بمانکەنە قوربانی خەڵکی ئەورووپاو هەولێرو سلێمانی، فەرموو لێپرسراوانی هەولێروسلێمانی بە حیمایەو سەیارەی درعەوە هەرگیز ئامادە نین بە سەرەتاتکێش بێت کەرکوک ببین‌و هەر لە هەولێرو سلێمانی، یان لە بنکەکانی دەوری شار لە سەر ئەساسی مەنسوبیەت‌و تەکەتول پۆستەکان دابەش دەکـەن‌و بڕیاری دەموچاو گۆڕین دەدەن‌و دەیانەوێت ئێمەی کەرکوکی بکەنە کارتێکی سوتاوی گەمەیەکی سیاسیو بەرژەوەندیی خۆیان، ئەوانەن کە دەستوپێوەندەکانیان بازرگانیی نەوت‌و پرۆژەو سوپەرمارکێت‌و غەسل‌و تەشحیم‌و بە دەیان پرۆژەی بازرگانی دیکە لە شارەکە ئەنجامدەدەن، ئەمە سەرەڕای تەزویرکردنیش داوای پـرۆژەو ئیمتیازات دەکەن کە بەشێکیان لای جەنابتان‌و سەر بە گردەکەن، ئەگەر لەلای ئێمەشەوە هاوکاری نا یاسایی نەکرێن ئەوە دەبێت دەسگیر بکرێین‌و بدرێینە دادگاو بەقسەی جەنابتان بێت دوور نییە لە سێدارەشمان نەدەن لە جێی پاداشت، منیش لەگەڵ گۆڕینی دەموچاوە حیزبیو حکومییەکانم، بەڵام لە کۆتاییدا داوا لەخەڵکی کەرکوک دەکەم، دەنگ نەدەن بەوکەسانەی کە بەناو کەرکوکین‌و بە هیچ شێوەیەک ئاشنای خەمو ئـازاری کەرکوکییەکان نین، بە تایبەتی ئەوانەی خاوخێزانیان یان لە سلێمانیو هەولێرن یان لە دەرەوەی وڵات‌و خۆشیان پەساپۆرتی ئەورووپایان پێیە، کەچی بۆ ڕاکێشانی سۆزی خەڵک، باسی موعاناتی خۆیان دەکەن، وەک ئەوەی ئێمە خیانەتمان لە شارەکەمان کردبێت‌و هیچ جۆرە موعاناتێکمان نەبێت، بۆیە دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکەت‌و دەڵێم، سەد ڕەحمەت لە کفن دز...!!

*** بەڕێوەبەری شارەوانیی کەرکوک**

**«ئاگادارییەک**
**لە کارگەی ئاوی بانیخێڵانەوە»**

**کارگەکەمان پێویستی بە چەند کەسێکە بۆ بنکەی نوێی فرۆشتنی (ئاوی سیروان) کە ئەم مەرجانەیان تێدابێ:**

**١ ـ تەمەن: نێوان (١٨ ـ ٣٠) ساڵ**

**٢ ـ ڕەگەز: کوڕو کچ**

**٣ ـ سەردانی هەموو ئەو جێگایانە بکەن کە پێویستیان بە بەرهەمەکەمانە.**

**٤ ـ بەتواناو لێزان و خاوەن بەهرە بن دوای تاقیکردنەوە بڕیاری دامەزراندنیان دەدرێت.**

**خوازیار دەتوانێ پەیوەندی بکات بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٧٧٠٨٦٦٦٦١٨)**

# ڕوونکردنەوە

لە ڕۆژنامەکەی بەڕێزتان ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/٦ بە ناونیشانی لە زانکۆی کۆیە زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن دینار دیارنامێنێت کە بەداخەوە بۆ جارێکی تر بە هەڵە دەنگوباسەکان بڵاودەکەنەوە بێ ئەوەی پرسیارێ بکرێت لە زانکۆ لەم ڕووەوە.

ساڵانە خوێندکارانی دوا ساڵی بکالوریۆسی زانکۆکان لە کۆتایی ساڵی خوێندنیان گەشتی زانستی ڕێکدەخەن، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەم بودجەیە دادەنرێ پاش فشاری خوێندکاران. بەم هۆیەوە ساڵانە ئەو کێشەیە سەرهەڵدەدا بێ ئەوەی بودجەیەکی لەسەرەتاوە بۆ مسۆگەر بکرێت.

مانگی شەشی ٢٠٠٨ لەنێوان ڕەزامەندیو ناڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێدانی بودجەی تایبەت بۆ ئەم گەشتانە دیارنەبوو. لە هەولێرو دهۆک لەلایەن وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی درا بۆ زانکۆکانی سەڵاحەدین‌و هەولێری پزیشکیو زانکۆی دهۆک بەڵام لەلایەن وەزارەتی هەرێم بودجە مسۆگەر نەکرا بۆ زانکۆی سلێمانیو کۆیە. خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی کەوتنە خۆپیشاندان‌و بودجەکەیان بۆ مسۆگەرکراو خوێندکاران لە زانکۆی کۆیە خەریکی خۆپیشاندان بوون کە تەنیا زانکۆیە بودجەکەی بۆ مسۆگەر نەکراوە، زانکۆی کۆیە لەسەر ئەستۆی خۆی بڕیاری ناردنی خوێندکارانی دا بەو پارەیەی لەبەردەستیدابوو کە گشت مەسروفاتی پێ نەدەکرا.

لێرەوە ڕاپۆرتەکەتان چەندین ناڕاستی تێدایە لەوانە:

١. گشت مەساریفی گرتنی پاس‌و گواستنەوەیان‌و گشت مەساریفی هۆتێل‌و نانی بەیانیان لەلایەن زانکۆوە دابینکراوە بۆ گشت خوێندکاران بۆیان.

٢. کە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی هاتەوە لە کۆتایی مانگی ئاب بوو، بەشی دارایی زانکۆ پارەکەی بە شێوەی فەرمی لەلایەن وەزارەتی دارایی هەرێم تەمویل کراوە، بەڕێوەبەرایەتی خۆی هیچ پەیوەندی بە تەمویلکردنی پارەو بەشی دارایی نییە. بەڵکو ئەو لیژنەیەی کە بۆ سەرپەرشتی گەشتەکە پێکهاتبوو، هەر هەمان لیژنە بوو، کە سەرۆکایەتی زانکۆ، ئەگەر هەر مەبەستێکی هەبا ئەوە دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو کە لیژنەکە بگۆڕێت.

٣. هەموو زانکۆ ئاگاداری گەیشتنی ئەو پارەیە بووین‌و ئەنجومەنی زانکۆ ئاگاداری بووە.

٤. بەڕێوەبەرایەتی خوێندکاران پارەکەیان وەرگرتووە بۆ دابەشکردنی بەسەر خوێندکاران لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیاری خوێندکارانەوە لە کۆلیژە جیاکانی زانکۆ.

٥. لیژنەکان نەیانتوانیبوو ئەو پارەیە دابەشبکەن لەسەر دەرچووانی کۆلیژەکان لە کۆتایی مانگی ئاب بەهۆی گەڕانەوەی خوێندکاران بۆ شارەکانی خۆیان. ئەو پارانەیان تەسلیم بە زانکۆ کردبووەوە.

٦. زانکۆ داوای لەوەزارەتی دارایی هەرێم کردبوو کە ئەو پارەیە بۆ گەشتی خوێندکاران هەڵبگیرێ بۆ ساڵی داهاتوو بۆ گەشتی خوێندکاران تا توشی هەمان کێشە نەبنەوە. وەزارەتی هەرێم وەڵامی زانکۆی داوە کە بە گوێرەی ڕێنمایی دارایی عێراق ساڵی ١٩٤٠ وە ناکرێت دەبێ تەسفیە بکرێت‌و تەسلیم بە خەزێنەی گشتی بکرێتەوەو پارەکە لەلایەن زانکۆوە تەسلیم بە خەزێنەی گشتی کراوە وەسڵی (قبض) ژمارە ٥١٣٣٤٣ لەخەزێنەی کۆیە.

٧. یەک دینار بزر نەبووەو پارەکە هەر لە زانکۆ بووەو گشت زانکۆو بەڕێوەبەرایەتیەکانی زانکۆ ئاگاداری مانەوەی ئەو پارەیە بوون کە سەرفنەکراوە.

٨. سەرۆکی زانکۆ لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لەسەر ئاشکراکردنی گشت خەرجییەکانی زانکۆ کە یەکەم بەڕێوەبەرایەتی بووە لە کوردستان بە شێوەیەکی شەفاف باسی بودجەی زانکۆو سەرفکردنی بکات، دیارە باسی ئەو مەسروفاتەی نەکردووە کە ئەو پارەیە پەیوەندی بە بودجەی زانکۆوە نەبووە تەمویلێکی تایبەت بووە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ خوێندکاران وە زانکۆ دەسەڵاتی سەرفکردنی نەبووە. کەواتە ئێمە بەهەموو لایەک دەڵێین پێویستە لە هۆکاری گەورەکردنی ئەم بابەتە بپرسین کاتێک نە پارەکە ون بووە نە چاودێری دارایی بڕیاری سەرپێچی لەسەرداوە.

**سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئاودێر شێخ عومەر**
٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧ – ٠٥٣٣١٩٢٠٠٣
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان ڕەشید – هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩










چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩